

# مارسێل گۆشێ

فەیلەسوفی گەورەی فەرەنسی لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵاندا:

## کارل مارکس هەڵەی گەورەی کردووە کە دەیویست مێژووی بەشەریەت بە ئابووری بخوێنێتەوە

## خوێندنەوەی رابردوو بە تێزەکانی ئێستا نەک هەر هەڵەیە بەڵکو تراژیدیاشە

بەشی یەکەم



**ڕۆژی ١٨ی مانگی ئەڤریلی ٢٠١٣، لەنێو دڵی پاریسدا، هەفتەنامەی گوڵان فەیلەسوفێکی فەرەنسی و سۆسیۆلۆگێکی کوردی پێکەوە کۆکردەوە.**

**پرۆفیسۆر مارسێل گۆشێ، کە ئێستا لە لوتکەی فەلسەفەی فەرەنسیدایەو وەك «بەرامبەرە» مەزنەکەی میشێل فۆکۆ لەسەر ئاستی جیهان ناسراوە، لەگەڵ دکتۆر عادل باخەواندا زیاتر لە تەوەرەیەکی فیکری و سیاسی شیدەکەنەوە. لەم بەیەکگەیشتنەدا، دکتۆر عادل باخەوان دەگەڕێتەوە سەرهۆکارەکانی ئەو ململانێ توندەی کە لەنێوان مارسێل گۆشێ و میشێل فۆکۆدا ئامادەبووەو ئەفلاتونەکەی پاریس ناچاردەکات بەوەی کە بەشێك لەو ڕووداوانە باس بکات کە لەپشت پەردەوە بینادەکران، بەڕادەیەك کە میشێل فۆکۆ بە جاك دێریدا بڵێت: «پۆلیس».**

**گوشێ دەڵێت:«گرفتی سەرەکی فۆکۆ تەنیا ئەوە نەبوو کە هەڵە بوو لە خوێندنەوەی مێژووی بەشەریەتدا، بەڵکو ئەوەش بوو کە هەمیشە خۆی لە دیالۆگ دەشاردەوە. ئەو دیالۆگی نەدەکرد، بەڵکو شەڕە قسەی دەکرد».**

**لە باڵەخانە بەرزەکەی گەلیماردا، کە گەورەترین دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی فیکری فەرەنساییەو، لە نووسینگە تایبەتەکەی پرۆفیسۆر مارسێل گۆشێدا، چەندین تەوەرەی دیکە ورد کرانەوە. دنیای ئیسلامی و گریمانەی دیموکراتیزەکردنی، پێوەندییەکانی نێوان ئایین و دیموکراسی، هۆکارەکانی ڕەدکردنەوەی چەمکی عەلمانیەت لای مارسێل گۆشێ، چۆنیەتی ئامادەیی ڕۆژهەڵات لە یادەوەری کۆلێکتیڤی ڕۆژئاواییەکانداو چۆنیەتی ئامادەبوونی ڕۆژئاوا لە یادەوەری کۆلێکتیڤی ڕۆژهەڵاتیەکاندا، دیموکراسی مەسیحی، دیموکراسی موسڵمان، دیموکراسی بودیست و .. ئەو تەوەرانەبوون کە لەم بەیەکگەیشتنە زانستیەدا بوون بە بابەتی دیالۆگ.**

**لە پێناوی دامەزراندنی دیالۆگێکی قووڵ و زانستیانەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، لەم ژمارەیەو لە ژمارەکانی داهاتووشدا و بەچەند بەشێك، هەفتەنامەی گوڵان دەقی ئەم گفتوگۆیە بڵاودەکاتەوە. هەروەها خوێنەران ئاگادار دەکەینەوە کە ئەم دیالۆگە سەرەتای زنجیرەیەکی درێژە لەگەڵ هەموو ئەو ئەکتەرانەدا کە لە ئێستاو ئێرەدا فیکری ڕۆژئاوایی بەرهەم دەهێنن. بەزمانێکی تر، دیالۆگی ئێمەیە لەگەڵ دنیای فیکری دەرەوەدا. دیالۆگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرچاوەکانی فیکردا بەبێ پەڕینەوە بە«وەسیتەکان»دا.**

**گوڵان:** کاتێك کە خوێندکاری لیسانس بووم لە زانکۆی لیۆن، لە کتێبخانەی گشتی زانکۆ، یەکەم کتێبی بەڕێزتانم لەسەر ئایین لە دیموکراسیدا خوێندەوە. ئەوە یەکەم بەیەکگەیشتنم بوو لەگەڵ بەڕێزتانداو پاشان بە درێژایی سێ ساڵی قۆناغی لیسانس و دوو ساڵی قۆناغی ماستەر لە قوتابخانەی خوێندنی باڵاو دواتر سێ ساڵی قۆناغی دکتۆرا لە هەمان قوتابخانەدا بیست و پێنج کتێبی بەڕێزتانم خوێندوەتەوە. پاشان وەك ئاگادارن لە قۆناغی ماستەر و دکتۆرادا، هەموو ڕۆژانێکی چوارشەممە، بەشداری سیمینارەکانی پاش نیوەڕۆی ئێوەم کردووە. پاش هەموو ئەم ئەزموونەم لەگەڵ ئەو قوتابخانە فیکریە جیهانیەی کە ئێوە پێشنیاری دەکەن، ڕێگام پێبدە کە تێبینیەکی سەرەکیم لەسەر چوارچێوەی گشتی تیۆریەکەتان بخەمەڕوو. ئێوە لەم بیست و پێنج کتێبەدا دەڵێن: مێژووی دیموکراسی یەکسانە بە مێژووی چوونە دەرەوە لە ئایین، چەندە کۆمەڵگەیەك لە ئایین بچێتە دەرەوە، هێندەش لە دیموکراسی نزیکدەبێتەوە. لەکاتێکدا خودی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان، ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك زیاتر ئاییندارن، لەهەمانکاتدا ئەمڕۆ لەهەموو کاتێك زیاتر دیموکراتن. لە وڵاتێکی وەك فەرەنسادا ٦٠٪ی هاووڵاتیان خۆیان بە هەڵگری بیروباوەڕی ئایینی دەزانن. لە سویسرادا ڕێژەیان دەگاتە ٨٠٪، لە سوێد ٦٥٪، لە ئەمریکادا هەشتا ملیۆن ئینجیلیستمان هەیە. دنیای ئێستامان، وەك پیتەر بێرگەر دەڵێت، لە هەموو کاتێك زیاتر ئاییندارترە. ئێوە کە خاوەنی تیۆری چوونە دەرەوە لە ئایینن، چۆن لەم پارادۆکسە دەڕۆنە دەرەوە؟

**مارسێل گۆشێ:** بۆ سەلماندنی تێزی «چوونە دەرەوە لە ئایین یەکسانە بە پەڕینەوە بەرەو دیموکراسی»، پێویستە پێش هەموو شتێك باس لەو ناوەڕۆکە بکەین کە بە ئایینی دەبەخشین. بەشێکی زۆری گرفتەکان لێرەوە دەستپێدەکەن، چونکە هەموومان یەك ناوەڕۆك بەئایین نادەین و وەك یەك پێناسەی ناکەین. هەر ناوچەیەکی جیهان، بەجۆرێك لە جۆرەکان، تەنانەت ئەو ناوچانەش کە بە ناوچەکانی «ترادیسیۆن» (دنیای عەرەبۆ-ئیسلامی) باسیان دەکەین، فیکرەیەکیان لەسەر ئایین هەیەو ناوەڕۆکێکی پێدەبەخشن.

جیابوونەوەی من لەگەڵ هەموو ئەم فیکرانەدا، هەر لە ڕۆژئاواوە تا دەگاتە ڕۆژهەڵات، لەو شێوازانەوە دەستپێدەکات کە پێموایە دابڕانێکی گەورە هەیە لەنێوان ئایین وەك ئەوەی کە پێناسەی دەکەین و ئایین وەك ئەوەی کە لە مێژوودا هەبووە. ئەم دوو شتە تەواو لەیەك جیاوازن، بەڵام مرۆڤەکان، بەڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتیەکانیشەوە، وا باس لە ئایینەکان دەکەن وەك ئەوەی کە هەمیشە لەو

چوارچێوەیەدا بووبن کە ئێستا تیایدان. ئەمە هەڵەیەکی مێژوویی گەورەیە.

لە ئێستا و ئێرەدا کۆمەڵگەکان چۆن پێناسەی ئایین دەکەن و چۆن دەیبینن؟ من پێموایە ئایین لای کۆمەڵگەکانی ئێستا بریتییە لە سیستەمێك لە «ئیعتیقادات» و سیستەمێك لە «عیبادات» کە لەلایەن دەقە پیرۆزەکانەوە دەستنیشانکراون. چۆنیەتی ئیمان هێنان، نوێژکردن، روانین بینی ژیان، مامەڵەکردن، وێناکردنی دنیای پاش مردن، کۆبوونەوەی دەستەجەمعی لە مزگەوتێك یان کەنیسەیەکدا و چەندین فاکتی دیکە ئەم سیستەمە پێکدەهێنن. مرۆڤەکان لە ئێستادا پێیانوایە کە ئایین بریتییە لەمەو تەنیا ئەمەیەو لەنێو مێژووشدا هەر ئەمە بووە.

بەڵام من پێموایە بە درێژایی مێژوو، ئایین زۆر لەمە زیاتر بووە، ئایین شتێکی تربووە لەوەی کە تەنیا سیستەمێك لە ئیعتیقادات و عیبادات بێت. ئەو شتە بریتییە لە رێکخستنی کۆمەڵگە لەسەر هەموو ئاستەکان. لەدەرەوەی هەموو جیاوازییەکان، سنوورەکان، لێکدابڕانەکان، ئایینەکان توانیویانە مێکانیزمی رێکخستنی کۆمەڵگە بەشەرییەکان بن و کۆمەڵگە لەسەر پرانسیپی «یەکرەنگی» بینابکەن. رێکخستنی سیاسی، ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، تاد. ئەم رێکخستنە کۆمەڵگەییەش بەچەمکێك دەخوێنمەوە کە لە گرێکی کۆنەوە وەرمگرتووەو پێیدەوترێت «ئیتیرۆنۆمی» کە پێچەوانەی ((ئۆتۆنۆمیە)).

«ئیتیرۆنۆمی» واتە یاسای ئەویتر کە لە دەرەوەی منە. لەنێو ئەم چەمکەدا ئایین لەسەر بنەمایەك تەواوی کۆمەڵگەکان رێکدەخات کە بریتییە لە: دەسەڵات هەمیشە لە دەرەوە دێت. دەرەوە (خواوەند، رابردوو، ترادیسیۆن) سەرچاوەی دەسەڵاتە. ئەم بنەمایە لەسەر ئاستی جیهان کاریکردووە و تا زەمەنێکی نزیك لە ئێمەش هەر لێرەبووە. واتە هەزار ساڵ نییە کە بەجێی هێشتووین. کاریستیانیسم، جودایسم، ئیسلام، هەموو ئایینەکان لەسەر ئەم بنەمایە کاریانکردووە و کۆمەڵگەکانیان رێکخستووە. ئایینە مێژووییە تەوحیدیەکان هەموو دەسەڵاتەکان بۆ خوداوەند (کە لەدەرەوەی ئێمەی مرۆڤە و وەك ئێمە نییە) دەگێڕنەوە. لە جیهانبینی ئایینەکاندا ئێمەی مرۆڤ سەرچاوەی دەسەڵات نین و توانای رێکخستنی کۆمەڵگەمان نییە و بەتەنیا خواوەند دەتوانێت کارێکی لەم جۆرە بکات. ئێمەی مرۆڤ تەنیا ئەو شتانە جێبەجێدەکەین کە خواوەند بڕیاری لەسەر داون. واتە جیهانی ئێمە وەك ئەوەی کە خواوەند رێکیخستووە قبوڵدەکەین، خواوەندێك کە توانای وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارەکانی هەیە، ئیتر چۆن ئێمە لە رێکخستنە کۆمەڵگەییەکانی دەرچین.

بەم پێیە ئایین دەبێت بە فۆرمێك لە کۆمەڵگە، کۆمەڵگەیەك کە یاساکانی لە پرانسیپێکی باڵاوە وەردەگرێت. بێگومان ئەم پرانسیپە لە چەندین شێوەدا خۆی دەردەخات. وەك چۆن لای هەندێك دەکرێت خوداوەند بێت، لای هەندێکی دیکە دەکرێت ترادیسیۆن یان رابردووبێت. کەم نین ئەو کۆمەڵگانەی کە تا ئێستاش رابردوو وەك پرانسیپێکی باڵا دەرەکی دەبینن و هەموو رێکخستنە کۆمەڵگەییەکانیان لەوەوە پێدەگات. ئەم جۆرە لە کۆمەڵگا بەتەنیا گوێڕایەڵی رابردوو نین، بەڵکو رێزیشی لێدەگرن. لێرەوە رابردوو رەهەندێکی میتافیزیکی وەردەگرێت و دەکرێت بە خواوەند.

بێگومان ئەمە مانای ئەوەنییە کە ئەندامانی کۆمەڵگەکانی رابردووی پێش مۆدێرنیتیێ لە ئێمە ئیماندارتربوون و کۆمەڵگەکانی مۆدێرنیتیێ کەمتر ئیماندارترن. نەخێر، بەهیچ شێوەیەك ئەمە راست نییە. بەڵام ئەوەی کە راستە، ملکەچی کۆمەڵگەکانی رابردووە بۆ ئایین و وەرگرتنی وەك پرانسیپی رێکخستنی کۆمەڵگەکانیان.

تراژیدیای ئێمە لە رۆژئاوا ئەوەیە کە ناتوانین لەم رابردووە بەم شێوەیە تێبگەین و ناتوانین ئایین بەم هەموو دەسەڵاتەوە ببینین و ناتوانین مێژووی بەشەریەت لەم دیدگایەوە بخوێنینەوە. ئەم نەتوانینە وامانلێدەکات کە کۆمەڵگەکانی رابردوو بە تێزەکانی ئێستا بخوێنینەوە، بۆنموونە کارل مارکس کە دەیویست مێژووی بەشەریەت بە ئابووری بخوێنێتەوە، هەڵەیەکی گەورە دەکات، هەموو تێزەکانی میشێل فۆکۆ لەسەر مێژوو هەڵەی گەورەن. خوێندنەوەی رابردوو بە تێزەکانی ئێستا نەك هەر هەڵەیە، بەڵکو تراژیدیاشە. راستە کۆمەڵگەی بەشەریەتی ئێستا لەسەر پرانسیپی ئابووری رێکخراوە، بەڵام خوێندنەوەی کۆمەڵگەی رابردوو بەم پرانسیپە هەڵەیەکی گەورەیە.

ئەوەی کە من لە تیۆریەکەمدا باسیدەکەم، چوونە دەرەوەی کۆمەڵگەی مۆدێرنیتێیە لەم رێکخستنە ئایینیانەی کۆمەڵگە، نەك چوونە دەرەوە لە ئیمانە ئایینیەکان. واتە ئەوەی لە چرکەساتی مۆدێرنیتێدا کۆتایی پێدێت، دەسەڵاتی رێکخستنی کۆمەڵگەیە لەسەر پرانسیپی ئایینی و پەڕینەوەی بەشەریەت لە ((ئیتیرۆنۆمی))ـەوە بۆ «ئۆتۆنۆمی»، واتە سەندنەوەی دەسەڵاتی رێکخستنی کۆمەڵگە لە خواوەند و بەخشینی بە مرۆڤەکان. من ئەمە ناودەنێم شۆڕشی مۆدێرن. ئەم شۆڕشە زیاتر پرۆسێسێکی تەمەن درێژەو چەند سەدەیەکی خایاندووە. واتە لە ساتەوەختێکدا دروست

**دیموکراسی ئەوروپی و ئەمریکییەکان زۆر جیاوازە لە یەکتر. هەر لەم دیدگایەوە، چینییەکان، کوردەکان، تورکەکان دەتوانن دیموکراسی خۆیان هەبێت. واتە دیموکراسی هەمیشە لە ئاستی ناسیۆنال/نیشتمانیدا دەردەکەوێت**

**ئەوەی لە چرکەساتی مۆدێرنیتێدا کۆتایی پێدێت، دەسەڵاتی رێکخستنی کۆمەڵگەیە لەسەر پرانسیپی ئایینی و پەڕینەوەی بەشەریەت لە((ئیتیرۆنۆمی))ـەوە بۆ «ئۆتۆنۆمی»، واتە سەندنەوەی دەسەڵاتی رێکخستنی کۆمەڵگە لە خوا و بەخشینی بە مرۆڤەکان**

**لە سادەترین پێناسەدا دیموکراسی بریتیە لە کردەیەکی دەستەجەمعی جڤاتێك لەسەر ماڵیکردنی رابردووی خۆی، بۆئەوەی بزانێت لە ئێستاو داهاتوودا چیدەکات و چۆن خۆی رێکدەخات**



**مارسیل گۆشێ لە ساڵی ١٩٤٦ لە فەرەنسا لە دایك بووەو یەكێكە لە فەیلەسوف و مێژوونووس و سۆسیۆلۆژیستەكانی فەرەنساو جیهان، لە ئێستادا مارسیل گۆشێ بە یەكێك لە ناودارترین فەیلەسوفەكانی فەرەنسا دادەنرێت و بە شێوەیەكی بەرفراوان لەسەر پرسەكانی ئاكامی سیاسی تاك مۆدێرنەو پەیوەندیی نێوان ئایین و دیموكراتییەت و ئاستەنگەكانی جیهانگیریی دەنووسێت ،چەندین كتێبی داناوەو بەشێكی بۆ زمانە جیاوازەكان وەرگێردراون وەكو عەرەبی و ئینگلیزی،مارسێل گۆشێ شوێن پەنجەی بەسەر ژیانی رۆشنبیریی فەرەنسییەوە دیار بووە لە چارەكی كۆتایی سەدەی بیستەم ،هاتنی ئەو فەیلەسوفە بۆ نێو گۆڕەپانەكە لە میانی كتێبەكەیەوە بووە(پیادەكردنی عەقڵی مرۆیی) ئەمە وێڕای چەندین كتێبی دیكە وەكو (شۆڕشی مافەكانی مرۆڤ) و (ڕۆڵی ئایین لە دیموكراتیدا) و(دیموكراتییەتی سەردەممان)، دوابەدوای ساڵی ٢٠٠٢ ناوی مارسێل گۆشێ بە هۆی كتێبەكەیەوە(نەمانی ئەفسونگەرای جیهان) زیاتر لە نێو فەیلەسوف و رۆشنبیرانی جیهان دەنگی دایەوە.**
**ئێستا مارسێل گۆشێ بەڕێوەبەری توێژینەوەیە لە ئامۆژگای خوێندنی باڵای زانستە كۆمەڵایەتییەكان و لە مەڵبەندیی توێژینەوە سیاسییەكان و سەرنووسەری گۆڤاری (Le Débat)، تا ئێستا ٢١ كتێبی بەچاپ گەیاندووە و زیاتر لە ٥٩ وتاری جۆراوجۆری لە گۆڤارو مەڵبەندەكانی توێژینەوەدا بڵاوكردۆتەوە.**

نابێت، بەڵكو لەنێو مێژوویەكی راشكاودا و قۆناغ بە قۆناغ خۆی بینادەكات.
لەنێو ئەم شۆڕشە مۆدێرنەیەدا، ئیتر دەرەوە مافی ((دەستوەردانە)) دنیای مرۆڤەكانی نابێت و ئەم مافە بەخودی ناوەوەی مرۆڤەكان دەبەخشرێت. ئەمەش یەكسان دەبێت بە دروستكردنی كۆمەڵگەی سیاسی كە تیایدا دەسەڵات دەبێت بە هەڵگری سروشتی نوێنەرایەتی كردن. واتە ئەوانەی كە فەرمانڕەوان شەرعیەت لە خواوەند و ئاسمان و دەرەوە وەرناگرن، بەڵكو لەو كەسانەی وەردەگرن كە حوكمیان دەكەن. لێرەوە موقەدەسی یەكەم كە پێوەندی نێوان حاكمەكان و مەحكومەكان ڕێكدەخات دەبێت بە مافەكانی مرۆڤ. واتە كاتێك هاووڵاتیان مافی نوێنەرایەتیكردن بە نوخبەیەك دەبەخشن، ئەو گرێبەستەی كە لەنێوان ئەم دووانەدا هەیە بریتییە لە چەسپاندن و پارێزگاریكردن لە مافەكانی مرۆڤ. بەڵێ هەموو ئەم پرۆسێسەش ناودەنێم دیموكراسی، چونكە ڕێگادەدات بەوەی كە كۆمەڵگەكان ئۆتۆنۆم بن، واتە توانایی ئەوەیان هەبێت كە ژیانی دەستەجەمعی خۆیان بە دەستی خۆیان ڕێكبخەن، توانایی ئەوەیان هەبێت كە خۆیان بەدەستی خۆیان ژیانی خۆیان بەرهەمبێنن.
**گوڵان:** من تێدەگەم لەوەی كە بەڕێزتان باسیدەكەن. بە تەواوی بەپێچەوانەی كارل ماركسەوە كە باسی لە ئایین وەك تلیاكی گەلان دەكرد، یان نیتچە كە مەرگی خوداوەندی راگەیاند، بە پێچەوانەی بەشێكی زۆر لە رۆشنبیرانی سەردەمی رۆشنگەریەوە كە پێیانوابوو مۆدێرنیتێ یەكسانە بە لەناوچوونی ئایین، ئێوە پێتانوایە شۆڕشی مۆدێرن، كە بریتییە لە چوونەدەرەوە لە ئایین، كە یەكسانە بە ئۆتۆنۆمی، كە ئەویش یەكسانە بە دیموكراسی، بەهیچ شێوەیەك مانای كۆتاییهاتن بە ئیمانە ئایینیەكان و پراكتیكە ئایینیەكان نییە، بەڵكو مانای كۆتایی دەسەڵاتی ڕێكخستنی ئایینیانەی كۆمەڵگەیە. ئەمە تا ئێرە لە تێزەكانتدا روونن. بەڵام خاڵێكی دیكە هەیە كە لە دوور و نزیكەوە ئێوە ئاماژەتان پێنەداوەو نازانین ئێوە چۆن وێنای دەكەن. كاتێك ئێوە مێژووی مۆدێرنیتێ بە شۆڕشی دیموكراسی ناودەبەن، ئایا دیموكراسی وەك چوارچێوەیەكی یونیڤێرسالی نەگۆڕ دەبینن، یاخود پێتانوایە دیموكراسی لەچەندین چوارچێوەدا خۆی مانیفێست دەكات؟ بە زمانێكی دیكە، لە كوێ كتێبەكانتاندا ئەوە روون نییە كە ئایا ئێوە باوەڕتان بەوە هەیە كە دیموكراسی بتوانێت مەسیحی بێت، موسڵمان بێت، بودیست بێت، یەهودی بێت؟ ئایا لەگەڵ بەكارهێنانی دەستەواژەی دیموكراسی موسڵمان، دیموكراسی مەسیحیدان؟

**مارسێل گۆشێ:** من بەڕاستی سوپاستدەکەم بە ورووژاندنی ئەم بابەتە. ئێوە راستدەکەن، من لە کتێبەکانمدا بە وردی لەسەر ئەم ئیشکالیەتە رانەوەستاوم و بەڕوونی هەڵوێستی خۆم لەم بارەیەوە دەرنەبڕیوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵە هەمیشەییەکەی «مونەزیر» کە دێت و زۆرجار بەشێوەیەکی گشتی «تەنزیر»دەکات، بەبێ ئەوەی دابەزێتە سەر وردەکارییەکان. بەڵێ بێگومان دیموکراسی دەتوانێت موسڵمان بێت، مەسیحی بێت، بودیست بێت.

پێویستە هەموو کەسێك تێبگات لەوەی کە فیکرەی «چوونەدەرەوە لە ئایین» بەهیچ شێوەیەك یەکسان نییە بە فیکرەی «کۆتایی ئایین». من ئەو هەڵەیەی نیچە دووبارە ناکەمەوە کە دەیوت: خواوەند مرد. نا شتەکان زۆر لەم تێزە ئاڵۆزترن. ناوەڕۆکی تیۆرییەکەی ئێمە بریتییە لە کۆتایی رێکخستنی ئایینیانەی کۆمەڵگە. گەر ئەمە تا دوێنێ تەنیا لە رۆژئاوادا بەدیهاتبێت، ئەمڕۆ لەسەر ئاستی جیهان و لە هەموو جێگایەکدا دەیبینین و وەك پرۆژە خۆی بەدیدەهێنێت. لەهەمانکاتدا هیچ هۆکارێك لە ئارادانییە بۆئەوەی کە ئیمانە ئایینیەکان لەناوبچن و پاشەکشە بکەن! بەڵام هەزاران هۆکار لە ئارادان بۆئەوەی ئەم ئیمانە ئایینیانە گۆڕانیان بەسەردا بێت. گۆڕان لە ناوەڕۆکیاندا، گۆڕان لە فۆرمەکانی خۆدەرخستنیاندا. لە ئێستاو ئێرەی مرۆڤایەتیدا، ئەم ئیمانانە راستەوخۆ لکاون بەو شتانەوە کە تاسەر ئێسقانیان شەخسین و هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە کە لەدەرەوە بێت و دەستیان تێوەربدات. لە دنیای مۆدێرنیتێدا ئیتر ئەوەی کاری کەسێکی دیکە نییە بۆ ئەوەی بێت و بزانێت من ئیمانم بە خواوەند هەیە یان نا، ئەوە بەتەنیا کاری خۆمە و پێوەندی بە خۆمەوە هەیە. بەمانایەکی دیکە: گەر پێش شۆڕشی مۆدێرنیتێ ئایین بریتی بووبێت لەو شتانەی کە تا سەر ئێسقانیان کۆمەڵایەتی بوون، لە شۆڕشی مۆدێرنیتێدا ئایین دەبێت بە هەموو ئەو شتانەی کە تا سەر ئێسقانیان شەخسین. لێرەوە دەگەینە دەرەنجامی یەکەم کە بریتییە لەوەی: ئایین لەناو ناچێت، بەڵکو گۆڕانکاری بەسەردا دێت. پاشان دەرەنجامی دووەم بریتییە لەوەی کە: دیموکراسی بەهیچ شێوەیەك دوژمنی ئایین نییە. لە ئەمڕۆدا زۆر بەدەگمەن رووبەرێك لە جیهاندا شك دەبەین کە پێی نەنابێتە نێو پرۆسێسی دیموکراتیزاسیۆنەوە. بەڵام ئەم پرۆسێسە یەك رەنگی نییە، یەك جۆر نییە، یەك رێگای نییە، بەپێچەوانەوە، هەمیشە لەسەر ئاستی جەمع دەردەکەوێت و خۆیمان پێدەناسێنێت.

ئەو چرکەساتەی کە کۆمەڵگەیەك فێری ئەوەدەبێت کە ئیمانە ئایینیەکان رابهێنێت لەسەر ئەوەی کە پێوەندییان بە جیهانی شەخسیەوە هەیەو دەبێت دەست لە جیهانی کۆمەڵایەتی هەڵبگرن، ئیدی کردەی چوونە نێو دیموکراسی دەستپێدەکات. دیموکراسی چییە؟ لە سادەترین پێناسەدا دیموکراسی بریتییە لە کردەیەکی دەستەجەمعی جڤاتێك لەسەر ماڵیکردنی رابردووی خۆی، بۆئەوەی بزانێت لە ئێستاو داهاتوودا چیدەکات و چۆن خۆی رێکدەخات. لە هەلومەرجێکی ئاوادا راستەوخۆ دەگەڕێینەوە سەر ئایین : مێژووی بەشەریەت بریتییە لە چی؟ بێگومان بریتییە لە ئایین. بەبێ ئایین مێژووی بەشەریەت هیچ مانایەکی نییە. لەم سەرشارەوە، دیموکراسی ناتوانێت بێ کارکردن لەسەر ئایین یەك هەنگاو بنێت. دیموکراسی دەبێت لەسەر ئەم رابردووە کاربکات، لێی تێبگات، دەستەمۆی بکات، تەنانەت دەبێت نەوەکانی ئێستاو داهاتووی پێ ئاشنا بکات.

لێرەوە من دەگەمە ئەو باوەڕەی کە ئێمە ناتوانین یەك مۆدێل لە دیموکراسیمان هەبێت. مادەم یەك مۆدێل لە رابردوومان نییە، ناشتوانین یەك مۆدێل لە دیموکراسیمان هەبێت. ئایینە تەوحیدییە مێژووییەکان، هەر یەکەیان کۆمەڵێك بۆچوونی لەسەر ژیان و مرۆڤ و گەردوون هەیە، لەسەر کۆمەڵگە و ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە. هێزی دیموکراسی لەوێدایە کە بتوانێت لەگەڵ ئەم بۆچوونە ئایینیانەدا مامەڵەبکات و پاشان ئیندیماجیان بکات بە چوارچێوە گشتیەکانی ئێستا و داهاتوویەوە. ئەمە باشترین گەرەنتیە بۆئەوەی کە دابڕانی کوشندە و دڕانی گەورە لە نێو کۆمەڵگەکاندا دروست نەبێت.

یەکێك لەو شتانەی کە بەهیچ شێوەیەك باوەڕم پێی نییە بریتییە لەوەی کە جیهان ببێت بە لادێیەکی بچووك، یان بە پەراوێزەکانی لۆس ئەنجلێس. هەر کۆمەڵگەیەك لەگەڵ میراتە مێژووییە کۆمەڵایەتیەکەی خۆیدا مامەڵە دەکات، کە مەرج نییە لە میراتە مێژووییە کۆمەڵایەتیەکانی ئەوانی دیکە بکات. داهاتووی بەشەریەت بریتییە لە دیموکراسی، بەڵام دیموکراسی لە ئاستی فرەییدا نەك تاقانەیی. دیموکراسی تاقانە بوونی نییە. ئەورووپیەکان دیموکراسی خۆیان هەیە، ئەمریکیەکان دیموکراسی خۆیان هەیە کە زۆر جیاوازە لە دیموکراسی ئەورووپیەکان. هەر لەم دیدگایەوە، چینیەکان، کوردەکان، تورکەکان دەتوانن دیموکراسی خۆیان هەبێت. واتە دیموکراسی هەمیشە لە ئاستی ناسیۆنال/نیشتمانیدا دەردەکەوێت. لێرەوە، لەدایکبوونی دیموکراسیەکی موسڵمان، دیموکراسیەکی مەسیحی، بودیست، یەهودی تەواو ئاساییە و لەنێو ئەم پرۆسێسەدا بە ئاسانی جێگای دەبێتەوە.

یەکێک لەو شتانەی کە بەهیچ شێوەیەک باوەڕم پێی نییە بریتیە لەوەی کە جیهان ببێت بە لادێیەکی بچووک، یان بە پەراوێزەکانی لۆس ئەنجلێس. هەر کۆمەڵگەیەک لەگەڵ میراتە مێژووییە کۆمەڵایەتیەکەی خۆیدا مامەڵە دەکات، کە مەرج نییە لە میراتە مێژووییە کۆمەڵایەتیەکانی ئەوانی دیکە بکات

**کەم نین ئەو کۆمەڵگانەی کە تا ئێستاش رابردوو وەک پرانسیپێکی باڵاو دەرەکی دەبینن و هەموو رێکخستنە کۆمەڵگەییەکانیان لەوەوە پێدەگات. ئەم جۆرە لە کۆمەڵگا بەتەنیا گوێڕایەڵی رابردوو نین، بەڵکو رێزیشی لێدەگرن**

ئەو چرکەساتەی کە کۆمەڵگەیەک فێری ئەوەدەبێت کە ئیمانە ئایینیەکان رابهێنێت لەسەر ئەوەی کە پێوەندییان بە جیهانی شەخسیەوە هەیەو دەبێت دەست لە جیهانی کۆمەڵایەتی هەڵبگرن، ئیدی کردەی چوونە نێو دیموکراسی دەستپێدەکات




# عێراق لەدووڕیانێکی چارەنووسسازدا پێشێلکردنی دەستوور پچڕاندنی رایەڵی یەکپارچەیی عێراقە





حەسەن جیهاد بۆ گوڵان:

**دوور لەعەقڵیەتی مەدەنی و دیموکراتیەت و ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ تا ئێستا حکومەتی عێراق بەعەقڵیەتی عەسکەرتارییەت هەوڵی کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکان دەدات**



موئەیەد تەیب بۆ گوڵان:

**ئەمڕۆ عێراق بەبارودۆخێکی مەترسیداردا تێپەڕ دەبێت و لە پارێزگا سوننە نشینەکان متمانە بەحکومەتی بەغدا نەماوە**

ئێستا عێراق لەبارودۆخێکدایە دەرگای بەرووی هەموو ئەگەرێکدا والاکردووە، بۆیە هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە مەزندەی ئەوەبکرێت کە لە ئێستادا شەڕێکی مەزهەبی گەورە و خوێناوی لەنێوان عەرەبی سوننە و شیعە دروست بێت، هەروەها هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە مەزندەی ئەوە بکرێت لە ئاییندەیەکی نزیکدا هەرێمی کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆی دراوسێی عێراق بێت، یان دەوڵەتێکی فیدرالی بێت لە چوارچێوەی دەوڵەتەکانی عێراقدا، ئەم بارودۆخە هەمووی پێکەوە سیاسەتێك ئاراستەی کردووە، کە لەدوای هەڵبژاردنەکانی مارتی ٢٠١٠ـەوە بەشێوەیەکی تاکڕەوی هەنگاو هەڵدەگرێت و ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتنانە پوچەڵ دەکاتەوە کە شەخسی سەرۆك وەزیرانی عێراق خۆی ئیمزای لەسەر کردووە، لەلایەکی دیکە بۆ هەنگاو هەڵگرتن بەرەو تاکڕەوی و پاوانکردنی دەسەڵات، نوری مالیکی سەرۆك وەزیران هەتا ئێستاش پۆستەکانی وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی کۆنترۆڵکردووەو لەپێناوی دەسەڵاتی خۆی و باڵادەستی حزبی دەعوا بەکاری هێناون، ئەمەش بێجگە لەوەی هاوسەنگی لەو لایەنە گرنگە فەرامۆشکردووە، لەهەمانکاتدا وەك ئامێرێکیش بۆ پەراوێزخستنی پێکهاتەی سوننە بەکاری هێناون، لەسەر ئاستی کارە خزمەتگوزارییەکان و بەربڵاوی گەندەڵی لە دامەزراوەکانی حکومەتی عێراقدا، ئەوا پێویست بەهیچ بەڵگەیەك ناکات ئەگەر ئاماژە بۆ ڕاپۆرتی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی بکەین، کە عێراق لەماوەی حکومڕانی مالیکدا لە ریزبەندی ١٠ دەوڵەتە گەندەڵەکەی جیهان نەهاتۆتە خوارەوە و لەکۆی ١٨٢ دەوڵەت، عێراق حەوتەمین گەندەڵترین دەوڵەتە لەجیهان و بەغدای پایتەخت سێهەمین پیسترین پایتەختە لە جیهاندا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق نەك هەر لەسەر ئاستی سیاسیی، بەڵکو لەسەر ئاستی حکومڕانی و وەك دەوڵەتیش بۆتە دەوڵەتێکی فاشیل و دامەزراوەکانی ناتوانن کار بکەن، ئەمەش رەنگدانەوەی زۆر خراپ و نەرێنی لەسەر رەوشی ئاسایش و خراپی خزمەتگوزارییەکان و جیاکاری نەتەوەیی و مەزهەبی بەجێهێشتووە و کار گەیشتۆتە ئەوەی کە حکومەتی ئێستای عێراق تەنیا نوێنەرایەتی بەشێك لە پێکهاتەیەك بکات کە ئەویش پێکهاتەی شیعەیە.

**عێراق لە خراپەوە بەرەو خراپتر**

هەتا ئەقڵیەتی سیاسەت و حکومڕانی لە عێراقدا گۆڕانکاری ریشەیی بەسەردا نەیێت، یان هەتا هاوپەیمانی نیشتمانی شیعە نەگاتە ئەو قەناعەتەی ئەو شێوازی سیاسەت و حکومڕانیەی ئێستا مالیکی و حزبی دەعوا پیادەی دەکەن، پێش هەمووان زیانی بۆ پێکهاتەی شیعە هەیە ئەوجا بۆ هەموو عێراق، هیچ ئاسۆیەك بەدی ناکرێت کە بارودۆخی عێراق بەرەو باشتر بچێت، ئەو هەڵکشانەی لەماوەی هەفتەی رابردوو بە تێکەڵاوکردنی سوپا بۆ کێشە ناوخۆییەکان هاتۆتە ئاراوە، زەنگێکی مەترسیداری ئەوتۆیە عێراق بەرەو کۆتایی یەکجارەکی بەرێت، سەبارەت بە هۆکاری هاتنە ئارای ئەم بارودۆخە حەسەن جیهاد پەرلەمانتاری فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستانی لە پەرلەمانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی لەسەر ئەم پرسە خستەڕوو و گووتی: (حکومەتی عێراق نە گوێبیستی خۆپیشاندەرەکان بوو نە ئامادەیی تێدا بوو ئەو یاساو بڕیارانە هەموار بکاتەوە کە داواکاری خۆپیشاندەرەکان بوو لەو پارێزگاو ناوچە سوننە نشینانەی خۆپیشاندانی بەخۆوە دەبینێت، لەکاتێکدا تا دەهات خۆپیشاندانەکان فراوانتر دەبوون و کۆنترۆڵ نەدەکرا، لەبەرامبەردا لە پێشێلکارییەکی روونی دەستووری و دژ بەمافەکانی مرۆڤ و پرەنسیپی دیموکراتیەت حکومەت پەنای بردە بەر سوپاو خوێنی هاوولاتیانی رژاندوو قوربانی زۆری لێکەوتەوە بەتایبەتی لە حەویجە، کوشتنی خۆپیشاندەران بەدەستی یەکەکانی سوپا پێشێلکردنی تەواوی بنەماکانی دەستوورەو بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کردو مەترسی گەورەی لێدەکەوێتەوەو چارەسەری بارودۆخەکە ناکات، هەروەها بەکارهێنانی سوپا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان و کوشتنی هاوولاتیان تەنیا یەك واتا دەگەیەنێت کە تا ئێستا حکومەتی عێراق بەعەقڵیەتی عەسکەرتارییەت هەوڵی کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە دەدات، دوور لەعەقڵیەتی مەدەنی و دیموکراتیەت و ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ، تەنانەت عەلی غیدان دوو رۆژ پێش کەوتنەوەی کارەساتەکەی حەویجە هەڕەشەی لە مانگرتووەکانی مەیدانی حەویجە کردوو ئەوەبوو دوایی لێیدان، بەمشێوەیە کە کەسانێك عێراق ببەن بەڕێوە کە بەعەقڵیەتی عەسکەرتاریەت هەڵسوکەوت بکەن، ئەوا بارودۆخەکە ئاڵۆزترو پڕ لەمەترسیدارتر دەبێت. کێشەکان چارەسەر نابن هەروەکو چۆن پێشتر حکومەت لە ڕێگای لیژنەکانەوە تەنیا کاتی دەکوشت و چارەسەری ریشەیی کێشەکانی نەدەکردو تەنانەت خۆپیشاندەران و شەقامی سوننە بەو ڕێگا چارەسەرانە قایل نەدەبوون. ئێستاش تا دێت کەلێنی نێوان حکومەتی بەغداو پارێزگاکانی سوننە نشین گەورەتر دەبێت و وابەئاسانی چارەسەر نابێت و کاردانەوەی زۆری لێدەکەوێتەوە بەرادەیەك بارودۆخەکە بەروونی دیار نییە بەرەو کوێ دەچێت.))

ئەوەی پەرلەمانتار حەسەن جیهاد ئاماژەی پێکرد هەموو ئەو رەفتارانە پێشێلکردنی دەستووری عێراقە، لەبەر ئەوەی دەستووری عێراق دژی ئەوەیە سوپا دەستوەربدات، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە حکومەتی عێراق متمانەی خۆی لەدەست بدات، کە بێگومان لەدەستدانی متمانەش نیشانەی پرسیار لەسەر شەرعیەتی حکومەت دروست دەکات، سەبارەت بەم لایەنە موئەیەد تەیب پەرلەمانتاری فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەتی لەگەڵ گوڵان بەمجۆرە تیشکی خستە سەر ئەم پرسە و گووتی: (ڕێزنەگرتن لەدەستوور و جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتننامە سیاسییەکان بەتایبەتی ڕێکەوتنی هەولێر و پێشێلکردنی بنەما سەرەکیەکانی پرۆسەی سیاسی

لە پێکەوەژیان و هاوبەشـــی و راگرتنی هاوســـەنگی نێوان پێکهاتە ســـەرەکیەکانی عێراق، ئەمـــە بووەهۆی بارگرژی و تێکچوونی بارودۆخەکە، دواتر دەســـتێوەردان لەکاروباری پارێزگاکان و بەکارهێنانی مەرکەزییەت و چەندین داواکاری تر بارودۆخەکەیان ئاڵۆزتر کرد، ســـوننەکان بەپەراوێزخراون و کوردەکان هەســـت بە پەراوێزگرتن دەکەن، ئەمەش مەترسی گەورەی لێدەکەوێتەوە، ئەمرۆ لایەنی کوردستانی لەپرۆسەی سیاسی عێراق قورسایی و هێزی خۆی هەیە و لەحکومەتی مەرکـــەزی ســـەرکەوتووترە چ لەبواری پێشکەشـــکردنی خزمەتگوزاری بەهاووڵاتیان یا لەڕووی دابینکردنی ئارامی و ئاسایشـــەوە یا لەرووی ئازادییە گشـــتیەکان و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ، تەنانەت لایەنە سیاســـییەکان هەســـت بە بەرپرسیارێتی جەماعی دەکەن و لەپەیوەندییە دەرەکیەکانیشدا باشترین، ئەمەش جێی ستایش و سەربەرزییە و بەهێزی کورد نیشـــان دەدات لە پرۆسەی سیاسی عێراق دا. هەروەها کورد بەهیچ شـــێوەیەك قبووڵ ناکات مافەکانی لە عێراقی نوێ دا پێشێل بکرێت و رێز لەدەسکەوتەکانی نەگیرێت و بەفیڕۆ بدرێت. لایەنی کوردســـتانی بڕیـــاری موقاتەعەی هەیە و بڕیارە شاندێك ســـەردانی بەغدا بکات، وەکو دوایین هەوڵ بۆ چارەســـەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، لایەنە کوردستانیەکان لەگەڵ دانوستاندن و دیالۆگن. بەڵام ئەمڕۆ عێراق بەبارودۆخێکی مەترسیداردا تێپەڕ دەبێت و لەپارێزگا ســـوننە نشـــینەکان متمانـــە بەحکومەتی بەغـــدا نەماوەو بانگەوازی چەك هەڵگرتن دەستی پێکردووەو ئەگەر شەڕی ناوخۆ رووبدات زەحمەتە بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکرێت و لەو ماوە کورتەی بەردەم حکومەتیشدا زەحمەتە حکومەتی بەغدا بتوانێت چارەسەری کێشەکانی بکات، بەم پێیە چارەنووسێکی نادیار چاوەڕێی عێراق دەکات )).

ئەو گـــرژی و ئاڵۆزییەی ناوچەی ســـوننە نشـــینەکانی گرتۆتەوە، پریشـــکی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمیش، بۆیە لـــەم بارودۆخەدا هەندێك لەناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم لە هەردوو پارێزگای دیالە و ســـەلاحەدین دووچاری بارودۆخێکـــی ناخۆش بوونەتەوە، سەبارەت بەرەوشـــی ئەو ناوچانە تالیب محەمەد سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە باســـی رەوشی ناوچە کوردســـتانیەکانی دەرەوەی هەرێمـــی لە پاریزگای دیالە کـــردو گووتی: (لەجەلەولا و شـــارەبان بارودۆخەکە باش نییە و ئاڵۆزی هەیەو ئێستا شەڕ لەنێوان سوننەو شـــیعەدایەو کورد دوورە لەو ئاڵۆزییە، بەڵام لە ســـەرجەم ناوچە سوننە نشـــینەکان وەکو وەڵامدانەوەیەك سەرقاڵی دامەزرانی هێزیکن و لەدەرئەنجامدا کاریگەری بەرەو خراپبوونی زیاتـــری بارودۆخەکەی لێدەکەوێتەوە. بەتایبەتی لەگەڵ بەردەوامبوونی ســـوپا لەدەستێوەردان و هێرشکردن کە واقیعێکـــی وای لێدەکەوێتەوە بارودۆخەکـــە ئاڵۆزتر دەبێت، بەراســـتی سەیرە وڵاتێك بانگێشە بۆ دیموکراتی بکات بەڵام سوپا بەکار بهێنرێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان

# کۆمکاری عەرەبی بەنیازە نێردراوێکی تایبەت بە عێراق دەستنیشان بکات بۆ بەشداریکردن لە چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانی

**قاهیرە/ گوڵان**

**چەنـــد رۆژێکە دکتۆر نەبیـــل ئەلعەرەبی ئەمینداری گشـــتیی کۆمکاری عەرەبی ســـەرقاڵی راوێژکردنە تایبەت بە دەستنیشانکردنی نوێنەرێکی عەرەبی بۆ عێراق بەمەبەســـتی گێڕانی رۆڵی ناوبژیـــکار بە هاوکاریی لەگەڵ سەرجەم لایەنە سیاسییەکان بۆ بەشداریکردن لە هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و گەیشتن بە چارەسەر دوابەدوای ئەو قەیرانە سیاسییە و ئاڵۆزییەی لە گۆڕەپانی عێراقدا هاتەئاراوە، ئەویش دوای رووداوەکانی ئەو چەند رۆژەی پەلامارەکەی ســـوپا بۆ سەر گۆڕەپانی پەناگیریی لە قەزای حەویجەی باشـــووری کەرکوک، کە لە ئاکامدا بووە هۆی کوشتن و برینداربوونی دەیان کەس لە هێزەکانی ئەمنی و پەناگیران.**

**دوێنێ ســـەرچاوەیەک لە ئەمیندارێتی گشـــتیی کۆمـــکاری عەرەبی لە لێدوانێکدا بۆ (گـــوڵان) ئەمەی روون کردەوە و نیگەرانیی نەبیل عەرەبی ئەمینداری گشتی دووپاتکردەوە سەبارەت بە پەرەسەندنی مەترسیداری بارودۆخـــی عێراق، ســـەرچاوەکە ئاماژەشـــی بەوەدا کـــە رەنگە ئەو کەسایەتییەی بۆ ئەم ئەرکە رادەسپێردرێ میسری بێت ئەگەر ئەم ئەرکەی پێ قبووڵ بێت.**

**ئەمەو پێشتر دکتۆر نەبیل ئەلعەرەبی بەیاننامەیەکی دەرکردبوو، تێیدا داوای لە حکومەت و هێزە سیاسییەکانی عێراق کردبوو چارەسەری ئەم قەیرانـــە بکەن و هەرزوو بارودۆخی حەویجە کۆنترۆڵ بکەن تاکو زیاتر پەرە نەســـێنێت، چونکە کاریگەریی نێگەتیڤی دەبێت بۆ ســـەر تەبایی پێکهاتەکانی گەلی عێراق و سەقامگیریی عێراق و تەواوی ناوچەکە.**

**هەروەها ئەمینداری گشتیی کۆمکاری عەرەبی داوای لە حکومەتی عێراق کـــرد لێکۆڵینەوەی بەپەلە و پاک و روون بکات بۆ دەستنیشـــان کردنی ئەنجامدەرانـــی ئـــەم رووداوانە تاکو بدرێنە دادگا و بە ســـزای رەوای خۆیان بگەن.**



**فەرهاد ئەتروشی بۆ گوڵان:**

**دەبێت ئەو خەیاڵە لای مالیکی بڕەوێتەوە کە ناتوانێت پێگەو سەنگی کورد لە هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا کەمبکاتەوە**



**تالیب محەمەد بۆ گوڵان:**

**بەکارهێنانی سوپا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان جێی قبووڵکردن نییە و دژ بەمافەکانی مرۆڤ و دیموکراتییە**

و بگرە هاووڵاتیان و خۆپیشاندەران بکوژێت تەنانەت ئەگەر خۆپیشاندەرەکان هەڵەشـــیان کردبێت نابێت وەڵامدانەوەکەی کوشـــتن بێـــت، کوشـــتنی هاووڵاتیان و خۆپیشـــاندەران و بەکارهێنانی چەك لەژێر هەر پاســـاوێکی بوونی تیرۆرست لەناویاندا جێی قبووڵکـــردن نییە و دژ بەمافەکانی مرۆڤ و دیموکراتییە)).

بەکارهێنانـــی ســـوپا بـــۆ یەکلاکردنەوەی کێشـــەکان جێی قبووڵکردن نییە و دژ بەمافەکانی مرۆڤ و دیموکراتییە.

**کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا**

ئەوەی بەڕێز مســـعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشـــبینی بۆ کرد پێش دووســـاڵ لەئێستا، ئەوا وەك هەموو جیهان دەیبینێت ئێســـتا لەعێراقدا ئەو مەترسیانە روودەدەن و هەموو جیهان دەیبینێت کە چۆن پابەندنەبوون بە دەســـتوور و رێککەوتنەکانەوە چ کارەســـاتێکی بەســـەر عێراق هێناوە و لەمەش خراپتـــر چاوەڕێی چ کارەســـاتێکی دیکەش بۆ عێراق دەکرێت، فەرهاد ئەتروشی پەرلەمانتاری فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردســـتانی لەپەرلەمانی عێراق لە لێدوانێکدا بۆ گوڵان جەختی لەســـەر ئەوە کردەوە ئەوەی کە پێشبینی دەکـــرا لە عێراق روودات ئێســـتا بەچاوی خۆمان دەیبینین روودەدات، بۆیـــە هۆکاری ئەم ئاڵۆزییەی بۆ ئەوە گێڕایەوە کە لەســـەرەتاوە هەوڵەکان نەخرانە گەڕ بۆ ئەوەی ئاراستەی ئەم سیاسەتە هەڵەیە لە عێراق رابگیرێت، هەربۆیە سەبارەت بەو هەوڵانەی لە ئارادان بۆ چارەســـەری کێشـــەکانی نێوان هەرێـــم و بەغـــدا، ئەتروشـــی لەگەڵ ئـــەوەی رای خۆی نەشـــاردەوە کە مامەڵە لەگەڵ مالیکی ئاســـان نییە، بەڵام جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لایەنی کوردستانی بڕیاریداوە پابەند بێـــت بەدیالۆگ و دانوســـتاندن و ئەگەر ئەم رێگە ســـەرکەوتنی بەدەســـت نەهێنا ئەوکات بیر لە بڕیاری دیکە بکرێتـــەوە، لەمبارەوە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (بە حکومی ئەوەی یەکێك بووم لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکانی جەنابی ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پەرلەمانتاران و وەزیرانـــی کورد لەبەغدا، من هەمیشـــە رام بەوجۆرە بووە کە مامەڵە کردن لەگەڵ شەخســـی مالیکی زۆر زەحمەتە، لەبەر ئەوەی مالیکی مامەڵەی تەکتیکیمان لەگەڵ دەکات، ئامانجی مالیکی ئەوەیـــە ئەو ماوەیە بەڕێبکات تا دەگاتە هەڵبژاردنـــی داهاتـــوو، ئەمەش بەو ئومێـــدەی پێیوایە لە هەڵبژاردنی داهاتوو زۆرینەی دەنگەکان بەدەســـت دەهێنێت و دەتوانێت بەتەنیا حکومڕانی عێراق بکات، بەڵام لەناو ئەو کۆبوونەوانە بۆچوونێکی دیکەش هەبووە کە داوایان دەکرد ئێمە بە شـــێوەی دیالۆگ مامەڵە بکەین، کە دیالۆگیش دەستی پێکردووە، بێگومان زۆر لەسەرخۆ دەستی پێکردووە، ئێمە وەك لایەنی کوردستانی نامەمان دەنارد ئەوانیش بەنامە وەڵامیان دەدایەنەوە، هاوپەیمانی نیشتمانی لەسەر مەسەلە گشتیەکان هەڵوەســـتەی دەکرد، ئێمەش گوشـــارمان دەکرد بچینە سەر مەسەلە وردەکان و دۆزینەوەی میکانیزم بۆ چارەسەرکردنی کێشـــەکان، ئەمە بەو شـــێوەیە بوو هەتا لەدوایین کۆبوونەوە پێشنیار کرا کە شاندێکی باڵا بەسەرۆکایەتی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ســـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا بـــکات بۆ ئەوەی مەســـەلەکە لەرووی سیاســـیەوە یەکلایی بکرێتەوە پاشان لیژنە فەنییەکان کۆببنەوە و هەوڵ بۆ چارەســـەری کێشەکان بدەن، لەبەر ئەوەی پێشتر داوادەکرا لیژنە فەنییەکان کۆببنەوە، لەمەشـــدا چەندین ئاستەنگ بۆ دواخستنی چارەسەری کێشەکان دروستدەکرا، بۆیە ئەمجارە وا بڕیارە لەڕووی سیاســـیەوە تێگەیشـــتنێك دروست بێت، لەپێشدا سیاسیەکان کۆببنەوە، لەبەر ئەوەی ئەم کۆبوونەوەیە دەریدەخات، ئەگەر ئیرادە و نیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان لەلایـــەن مالکیەوە هەبێت ئەوا هەنـــگاوی گرنگ دەچێتە پێشـــەوە، ئەگەر ئەو ئیـــرادەو نیەتەش نەبێـــت، ئەوا دەبێت ئێمە بیر لە بڕیاری دیکە بکەینەوە، ســـەردانی ئەم شاندەش جـــارێ دیار نییە هەتا نوێنەرانی کورد لەبەغدا کە پێشـــتر لەگەڵ جەنابی سەرۆك کۆبووینەوە، لەگەڵ رێزدار نێچیرڤان بارزانیـــش کۆدەبینەوە، لەبەر ئـــەوەی بارودۆخەکە ئاڵۆزە و پێویســـتی بە دیراســـەتێکی ورد هەیە، لەم بارودۆخەدا کە بارەکە ئاڵۆزتر بووە لەوانەیە لەڕووی سیاســـیەوە گوشارێك لەســـەر مالیکی دروســـت بووبێت بۆ ئەوەی هەندێك رێگر هەیە بشـــکێنرێت، هەروەها بۆ لایەنی کوردستانیش ئەمجارە دەتوانێت بیســـەلمێنێت کە کورد چ پێگە و ســـەنگێکی لە پرۆسەی سیاســـی عێراقدا هەیە، ئەو وەهمە لای مالیکی بڕەوێتـــەوە کە پێشـــتر هەوڵیدەدا ســـەنگ و پێگەی کورد لەپرۆسەکە کەمبکاتەوە، ئەمەش هەوڵێکی زۆری بۆ دراوە، لـــە زۆر کۆبوونەوەی خۆیاندا باســـی ئەوەیان کردووە دەبێت کارێـــك بکرێت ســـنوور بۆ ئەو حاڵەتەی کـــورد دابنرێت و پێگە و شکۆی کەمبکرێتەوە، ئەوجا دانوستاندن و وتوویژیان لەگەڵ بکرێت، دیارە ئەمەش هەوڵێکی زۆر ترسناکە، لەبەر ئەوەی ئەوان هەوڵبدەن پێگەی کورد و کوردستان لاواز بکەن ئینجا دانوستاندن و دیالۆگ بکرێت، بۆیە لەسەر ئەم پرسە ئێمە دەبێت وەك لایەنی کوردســـتانی زۆر وریابین، بۆیە ئەم قۆناخـــە گرنگە دەبێت هەتا ئەگەر لەســـەرەتا هەنگاوێکی بچووکیـــش بێت، بـــەڵام دەبێت ئەو خەیاڵـــە لای مالیکی بڕەوێتەوە کە ناتوانێت پێگەو ســـەنگی کورد لە هاوکێشەی سیاســـیی عێراقدا کەمبکاتەوە، ئەمەش لەرووی سیاسیەوە دەبێتە دەسکەوتێکی سیاسیی بۆ کورد)).

**چارەسەرکردنی کێشەکان یان جیابوونەوە لە عێراق**

ئەگـــەر مالیکـــی پێیوابێت بەسیاســـەتی کات بە فیرۆدان دەتوانێت خۆی لەچارەســـەری کێشـــەکان بدزێتـــەوە، ئەوا لایەنی کوردستانی بۆیە پیشنیاری ئەوەی کردووە شاندێکی بـــاڵا بەســـەرۆکایەتی بەڕێز نێچیرڤان بارزانـــی بنێرێت بۆ بەغـــدا، بۆ ئەوەی کارتی کات بەســـەربردن بســـووتێنێت و هەنگاوی پراکتیکی بۆ چارەســـەری کێشەکان هەڵبگیرێت، لەمەش راشـــکاوانەتر لەکاتی سەردانی شاندی هاوپەیمانی نیشـــتمانی کە پێکهاتبوو لە (شـــیخ خالید عەتیە و تاریق نەجم و هادی عامری)، لایەنی کوردســـتانی راشـــکاوانە

ئەوەی پێ ڕاگەیاندوون، کە لایەنی کوردستانی سێ ڕێگە چارەی لەبەردەمە و ئێوە دەبێت ڕای خۆتان لەسەر ئەو سێ ڕێگە چارەیە دەربڕن، ئەو ڕێگەچارانەش بریتی بوون لە(چارەسەرکردنی کێشەکان بەشێوەیەکی بنەڕەتی بە شێوازی دیالۆگ و ئاشتیانە، جیابوونەوەی کوردستان لەعێراق بە شێوەی ئاشتیانە، یان ئەوەتا دەبێت شەڕبکەین)، بۆیە ئەمجارە لایەنی کوردستانی بە ڕاشکاوی ڕای خۆی پیشانداوە، فەرهاد ئەتروشی لە درێژەی لێدوانەکەیدا و سەبارەت لەم لایەنە بە گوڵانی ڕاگەیاند: (ئێمە خۆمان بە بەشێك لە پرۆسەی سیاسی عێراق دەزانین، هەربۆیە لەدوایین کۆبوونەوەش هەر جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە بەڕێگەی دیالۆگ و ئاشتی ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، بەڵام بەشێکیش لە دیالۆگ و دانوستاندن ئەوەیە کە بایکۆتی پرۆسەکە بکەیت، لەبەر ئەوەی دیالۆگ و دانوستاندنیش سنووری خۆی هەیە ئەگەر بەرامبەرەکەت بڕوای بەو پرسانە نەبێت کە ئێمە دەیخەینەڕوو، بۆیە ئێمە دەبێت سەقفێکی زەمەنی دابنێین بۆ ئەوەی دانوستاندن و دیالۆگ ئاکامێکی هەبێت، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی ئەگەر گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە لایەنی بەرامبەر ئامادەنین هەنگاو هەڵبگرن، ئەمەشمان نەشاردۆتەوە و کە شاندی هاوپەیمانی نیشتمانی هاتوون بۆ هەولێر بەراشکاوی پێیان گوتراوە کە کورد سێ ڕێگە چارەی لەبەردەمدایە کە بریتین لە:

١- یان ئەوەتا هەوڵبدرێت کێشەکان بەشێوەیەکی بنەڕەتی بەرێگەی دیالۆگ و ئاشتیانە چارەسەر بکرێن.

٢- کورد بڕیاری جیابوونەوە لەعێراق بدات و سەربەخۆ بێت.

٣- ئەوەی لەهەمووی ناخۆشترە ئەوەیە بگاتە ئەوەی لە نێوان کورد و شیعە شەڕ دروست بێت.

لایەنی کوردی ڕاشکاوانە بە هاوپەیمانی نیشتمانی ڕاگەیاندووە خۆتان دەبێت یەکێك لەم سێ ڕێگە چارەیە هەڵبژێرن، لەبەرامبەردا شاندی هاوپەیمانی نیشتمانی هەڵوێستیان بەوجۆرە بووە کە ئامادەن هەوڵبدرێت کێشەکان چارەسەر بکرێن بەرێگەی ئاشتی و دیالۆگ، ئەگەر چارەسەر نەکرا، ئامادەن لەسەر مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان وتووێژ بکەن، بەمەرجی شەڕ نەبێت لەنێوان کورد و شیعە، بەڕاشکاوی وتیان ئێمە تەنیا ڕێگە چارەی شەڕ ڕەتدەکەینەوە، بەڵام ئامادەین لەسەر دوو ڕێگە چارەکەی دیکە وتووێژ بکەین، ئەمەش نەخشەیەکی ڕێگەی بۆ کورد دروستکردووە، بەوەی کورد دەبێت ئامادەبێت بۆ قۆناخێکی تر ئەگەر بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزتر بڕوات. بۆ ئەوەی لانی کەم ئەگەر نەشمانتوانی بڕیاری سەربەخۆیی بدەین، ببینە کۆنفیدرالی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا. هەربۆیە ئەو شاندەی کە بڕیاریشە بە سەرۆکایەتی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا بکات، شاندێکی فراوانە نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتە سیاسیەکانی کوردستان دەکات)).

**شێخ خالید جومەیلی**

((سەرۆک هۆز و ڕێکخەری پەناگیرییەکانی ئەنبار و فەلوجە)) بۆ گوڵان:

# دەبێت دەستبەجێ سوپا لەناوچە ئاڵۆزەکان بکشێتەوە



((ئێستا شەڕ لە زۆربەی ناوچەکان لە ئارادایە لە حەویجەو دیالەو نەینەواو زۆربەی گوندو شارۆچکەکان، بەڵام ئەمە لەو شوێنانە دوورین چونکە ئەوەی لە ئێمە دەربچێت یان دەیکوژن یان دەستگیری دەکەن. بەڵام ئێمە تا ئێستا لە پەناگیریی خۆمان بەردەوامین، هەرچەندە تۆمەتەکانی حکومەت دەرحەق بە ئێمە بەردەوامە کە گوایە ئێمە تیرۆریستین و چەکدارین. هەتا ئێستا هیچ دیاردەیەکی چەکداری بەرچاوناکەوێت، بەڵام هاووڵاتیان خۆیان بۆ پەرپەرچدانەوەی سوپا ئامادەکردووە ئەگەر دەستدرێژی بکرێتە سەریان. چارەسەری ئەم بارودۆخە بەوە دەبێت پێش هەموو شتێک سوپا لە ناوچە ئاڵۆزەکان بکشێتەوە، دواتر قسە لەسەر مەسەلەکان دەکرێت، بەڵام حکومەت بێت و خەڵکەکە بگرێت و بکوژێت و دوایی ناوی شەهیدیان لێبنێت ئەمە بە هیچ شێوەیەک قبوڵ نییە، لە ئێستادا ٤٠٠ کەسمان دەستگیرکراون و بێ سەروشوێنن، کە دەگوترێت ئەوانە زیندەبەچاڵکراون ئەمە وێڕای بریندارێکی زۆر)).

**ڕافع ئەلرەفاعی** موفتی دیاری عێراق بۆ گوڵان:

# دەمانەوێت سکاڵا لەسەر سەرۆک وەزیران و حکومەت تۆمار بکەین



((ئەو ڕۆژانەی کە بەسەر ئەم وڵاتە بریندارە تێدەپەڕێت، ستەمکاران ئەوپەڕی ناحەقی و جەور و ستەمیان تێدا بەرامبەر خەڵکەکە دەربڕی، بۆیە خەڵکەکە بەهەموو توێژەکانییەوە هاتنەدەست و دژی ئەم ستەمە وەستاونەتەوە، بۆیە لەو ناوچانەی کە بە ئاڵۆز و گرژی ناوتان بردن لەوپەڕی ئامادەباشیدان بۆ بەرپەرچدانەوەی هەموو کارێکی دەستدرێژی و پەلاماردان لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە، من پێموایە وتووێژ لەگەڵ ئەو حکومەتە ناکرێت چونکە هیچ بەڵێن و پەیمانێکی نییە، هەروەها هەڵوێست و قسەیەکی ڕاستی نییە، هەست بەو بەرپرسیارێتییە ناکات کە خوا پێی سپاردووە، ئەوانە هەستیان بەرامبەر میللەتەکەیان نەماوە تەنیا پابەندبوون نەبێت بە فەرمانی گەورەکانیان لە دەرەوەی عێراق و ترسی لەدەستچوونی کورسییەکانیان، بۆیە لە وتووێژ و دانووستان لەگەڵ ئەو حکومەتە بێزار بووین، هەروەکو دەزانن ڕۆڵەکانمان کوژران و شەرەف و ناموسمان هەتکرا لە بەندیخانەکانی ئەو حکومەتە، بۆیە تەنیا ڕێگە کە لەبەردەممانـدا ماوە ئەویش بەرگریکردنە لە خۆمان و کەسوکارمان، ئێستا ئێمە سەرقاڵی تۆمارکردنی سکاڵاین لەسەر ئەم حکومەتەو بە تایبەتیش لەسەر نوری مالکی و بە سەدان پارێزەری بێ لایەنیش ئامادەیی خۆیان بۆ داکۆکی کردن دەربڕیوە)).

**د.عەبدولرەزاق شەممەری**

سەرۆکی لیژنەی سیاسیی لیژنە ئەمنیەکانی ئەنبار بۆ گوڵان:

# بانگەوازمان کردووە بۆ پێکهێنانی هێزێکی عەشایری بۆ ئەوەی بەرگری لەخۆمان بکەین

((لە دوای ڕووداوەکانی حەویجە بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بووە و ناوچەکانی سلێمان بەگ و دوزیشی گرتەوە، ئەمانەش هەمووی بەرەنجامی سیاسەتە هەڵەو چەوتەکانی مالیکی-یە، لەبەر ئەوەی ئەو سەرەتا ئەم گرژی و ئاڵۆزییەی دروستکردووە، ئێمەش ئامادەین بەهەموو شێوەیەک بەرگری لە خۆمان بکەین، بۆیە ڕاپەڕینەکەمان بە ئاشتی دەستی پێکرد و ئێمەش لە گۆڕەپانەکانی خۆمان تەنیا وەک بەرگریکار دەمێنینەوە، بۆ لە حکومەت ناپرسن کە بە میلیشیاو



چەکدارەکانی خۆی بەناو شاری بەغدادا دەسوڕێنەوەو بە ئارەزووی خۆیان دەستدرێژی دەکەنە سەر سوننەکان و ئازار و ئەشکەنجەیان دەدەن، ئێمەش دوای ئەو کارەساتانەی بەسەرمان هاتووە چەکمان بۆ بەرگریکردن لە خۆمان بەرزکردۆتەوە بە ئێمە دەڵێن تیرۆریست! ئەو چەکانەش لە دەرەوەی گۆڕەپانەکانی پەناگیرییە، بۆیە بەڕاشکاوی دەڵێین بەڵێ بەیاننامەیەکمان دەرکرد بە پێکهێنانی سوپایەکی عەشایری لە هەموو ڕۆڵەکانی ئەو عەشیرەتانە بۆ ڕەتدانەوەی هەر دەستدرێژییەک کە بکرێتە سەر ئەو ناوچانە ئێمەش تەنیا لە بەشی ڕۆژئاوانین، بەڵکو سوننەکان لە هەموو شوێنەکانی دیکەی عێراقدا دابەشبوونە، ئەو شەش پارێزگایەش کە زیاتر سوننەی لێیە بریتین لە ئەنبار و موسڵ و کەرکوک و سەلاحەدین و دیالە و بەغدا، چونکە بەغدا هی ئێمەیەو واز ناهێنین هەتا ئەگەر هەموومانی لە پێناودا بکوژرێت)).



**غانم ئەلعابد**

وتەبێژی هۆزە عەرەبەکانی نەینەوا بۆ گوڵان:

# ئەم فیتنەیە بە وازهێنانی مالیکی

((کەشوهەوایەکی گرژی جەنگیانە باڵی کێشاوە بەسەر موسڵدا، پێش چەند ڕۆژێک کۆمەڵێک چەکدار هاتنە پارێزگای نەینەوا و زۆر ناوچەیان کۆنترۆڵ کردو شوێنەکانیان ڕادەستی خەڵکی ناوچەکە کردو بۆ ڕۆژی دووەم لەو شوێنانە کشانەوە، دواتر خەڵک لەگەڵ هێزە حکومیەکان کۆبوونەوەو ناوچەکانیان بە دانوستاندن گێڕایەوە لە پاش کشانەوەی چەکدارەکان.. بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆریش لە ریزەکانی هێزە نیزامیەکان



هەڵهاتن بەدی دەکرێت چ لە ریزەکانی پۆلیس یان لە ریزەکانی سوپای عێراقیدا، هاوکات لەناو ڕۆڵەکانی غەربیە یان نەوەکانی موسڵدا جیابوونەوەو لێکدابڕان هەیە لەو سوپایە، بەم شێوەیە لە ناو پارێزگای نەینەوا باری سوپا لە داڕووخانە.. خەڵکی بە گشتی لەوە دەترسن کە لە داهاتوودا دوای ئەوەی موعاناتی زۆریان لە جەنگەکان و تەقینەوەکاندا هەبووەو زیانێکی زۆری جەستەیی و ڕۆحییان پێگەیشتووە، ئەمەشی بێتە سەر ئەوەی مەترسیەکان زیاتر دەبێت لەسەریان.. لەم بارودۆخەشدا ئەگەر ئیرادە هەبێت دەکرێت



## له حکومەت دووردەخرێتەوە


ئەم فیتنەیە دوور بخرێتەوە، ئەویش بە مەرجی وازهێنانی مالیکی لە دەسەڵاتەکەی، هاوکات رۆڵەکانی سوپا پێویستە پیشەیی بن لە ئەرکەکانی خۆیاندا پشتی گەل بگرن، نەک پشتی حکومەت، چونکە ئەوان بە پارێزەری مافی گەل ناودەبرێن، نەک بەو شێوەیەی کە لە سلێمان بەگ روویدا دوای ئەوەی سوپا خەڵکەکەی بە تاکتیک دڵنەوا کردەوە، کەچی هێرشێکی کتوپڕی کردە سەریان و دەستی کرد بە لە سێدارەدانی رۆڵەکانی ئەو ناوچانە، ئەمە بەڵگەی سەلمێنەرە کە ئەم حکومەتە بە دەرە لە پرەنسیپەکانی پاراستنی مافە مرۆییەکان و رەوشتی دژە مەدەنییە.. ئێوە لە هەولێرن بە باشی سروشتی ناوچەکانی موسڵ و سەلاحەدین و دیالا شارەزان، لەو بڕوایەدام سوپا لەو ناوچانە هەرەس دێنێت، تەنیا گرفتی سەرەکی لە بەغدایە، چونکە پایتەخت دەبێتە دوو بەشەوە، نیوەی سوننییەو نیوەی شیعەیە، ئەوەتا کەوتوونەتە تەقاندنەوەی مزگەوتەکان، لە کەڕڕادە مزگەوتێکی سوننە دراوەتە شیعە، وەک دەزانن ئەم وڵاتە لە عەرەب و کوردو شیعەو سوننەو ئیتنی تر پێکهاتووە ئەوەی کۆمان بکاتەوە تەنیا عێراقیبوونمانەو هیچی تر، ئاواتەخوازین لە رۆڵەکانی باشووری عێراق بۆ کوژانەوەی ئەم فیتنەگێڕییە دەسبەرداری مالیکی بن و نەکەونە داوی بەدوکەوتنی مەرامەکانیەوە)).

**خالید مەفرەجی**

سەرۆک هۆز و ئەندامی لیژنەی میللی حەویجە بۆ گوڵان:

# بەکوشتنی هاووڵاتیانی حەویجە لەلایەن سوپاوە دیموکراتیەتی عێراقی زیندەبەچاڵ کرا

((هەرچەندە چەند رۆژێک بەسەر کۆمەڵکوژییەکەی حەویجە تێدەپەڕێت، کە بەڕاستی کارەساتێکی گەورە بوو و زیاتر لە دووسەد شەهید و برینداری لێکەوتەوە، تا ئێستاش زۆربەی خەڵکەکە هەر بەدەم ئەم تاوانەوە تاساون و زۆر زەحمەتە لەبیر بکرێت، تەنانەت کاردانەوەی ئەم رووداوە دڵتەزێنە گەیشتە دەرەوەی حەویجە و، ئەم کۆمەڵکوژییە بە سەرپێچییەکی گەورەی دەستوور دادەنرێت هەروەها دژی یاساکانی مافی مرۆڤ و ئازادیی



رادەربڕین و بنەماکانی دیموکراتییە، حکومەتی عێراق بەو تاوانەی دیموکراتییەتی تازە سەرهەڵداوی عێراقی زیندەبەچاڵکرد، بۆیە دواتر پێکدادان لە ناوچەکانی دیکەی وەکو سلێمان بەگ و گوندەکانی دیکە بەردەوام بوو، بە قسەی شایەدحاڵانی ناوچەکە هێزەکانی مالیکی پێنج لاویان بەبێ گوناه کوشتووە، زۆربەی خێزانەکانیش ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووەو گرژی و پشێوی هێشتا لە ناوچەکە بەردەوامە، بۆیە دەبینین لە شەش پارێزگا راپەڕین و خۆسازدان بۆ داکۆکیکردن لە ئامانجەکان درێژەی هەیەو هەماهەنگیش تا دێ تۆکمەتر دەبێت، هەروەها ئەنبار و سامەرا سوپایەکی تایبەت بە خۆیان پێکهێنا، بۆیە هۆزە عەرەبەکان بەرگری لە خۆیان و دەڤەرەکانیان دەکەن، هەموو لایەکیش رەخنە لەو سیاسەتە چەوتەی سەرۆک وەزیران دەگرن کە مەبەستی هەڵگیرساندنی شەڕی مەزهەبیە لە نێوان رۆڵەکانی ئەم وڵاتە، بۆیە هاوپەیمانی نیشتمانی بەرپرسیارێتیی زۆری ئەم بارودۆخە نەخوازراوەی دەکەوێتە ئەستۆ، ئێمە داوامانکردووە ناوچەکە ببێتە ناوچەی دژەفڕین و رێگەنەدان بە هاوردەکردنی چەک، هەروەها دادگاییەکی نێودەوڵەتی بۆ ئەوانەی دەستیان لەم تاوانەدا هەیە)).

## مایکل نایت لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ گوڵان:

# پێشمەرگە و زێرەڤانی و دەزگا ئەمنیەکانی هەرێم ڕێگە نادەن سەقامگیری کوردستان بشێوێنرێت

**پرۆفیسۆر مایکل نایت گەورە توێژەری ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك، لەهەمان ئامۆژگا بەرپرسی دیراسات و لێکۆڵینەوەیە لەسەر عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و، ئێستا پرۆفیسۆر نایت وەك تایبەتمەند لەسەر دیراساتی هەرێمی کوردستان (KRG) لە ئامۆژگای ناوبراو ناسراوە، دیراسەتەکانی پرۆفیسۆر نایت پشت بەستووە بەو سەردانانەی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان دەیکات و پاشان لەبەر رۆشنایی ئەو واقیعەی کە خۆی بینیوویەتی توێژینەوە ئەنجامدەدات و راوێژ دەداتە حکومەتی ئەمریکا بۆ ئاراستەی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا، بۆ بەدواداچوون لەسەر بارودۆخی ئاڵۆزی عێراق بە پێویستمان زانی ئەم وتووێژە لەگەڵ پرۆفیسۆر نایت ئەنجامبدەین و بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



*** بەم دواییە سوپای عێراق بۆردومانی خۆپیشاندەرانی کرد لە هەندێ لە شارەکاندا، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە عەرەبی سوننە شەڕی حکومەتی عێراق بکەن کە شیعە زاڵە بەسەریدا، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك ئەمە کۆتایی بە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دەهێنێت؟**

- من هاوڕانیم لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیە بۆ رووداوەکانی ئەم دواییە. لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٢ـەوە سوپای عێراق هێزی بەکارهێناوە و تەقەی لە خۆپیشاندەرە ئاشتیخوازەکان کردووە، بە تایبەتی لە فەللوجە. تا رادەیەك ئەمانە رووداوگەلێکی دەگمەنن. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، هێزە ئەمنیە ئیتیحادیەکان هەوڵیانداوە خۆیان لە رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیانە لابدەن. رووداوەکانی ئەم دواییەی حەویجە و سلێمان بەگ جیاوازن: سوپای عێراقی ناچار بوو بەرگری لە خۆی بکات لەبەرامبەر هێرشی «JRTN»(جیش رجال الطريقة النقشبندية). ئەمە حاڵەتێك نییە تێیدا خۆپیشاندەری ئاشتیخواز لەلایەن سوپاوە هێرشی کرابێتەسەر: بەڵکو ئەوان نموونەی بزووتنەویەکی یاخیگەرن، «JRTN» (جيش رجال الطريقة النقشبندية) لەژێر پەردەی نارەزایی دەربڕیندا هێرش دەکەنە سەر سوپای عێراق.

*** بە پێی دەستووری عێراقی نابێت سوپا لە ململانێ سیاسیەکانەوە تێوەبگلێت، بەڵام جیهان شایەتی ئەوەیە کە سوپا خەڵکی وڵاتەکە دەکوژێت، ئایا ئەمە تا چەند شەرعیەتی حکومەتەکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە و وای دەردەخات کە دیکتاتۆرێك رەفتار دەکات؟**

- بە پێی دەستوری عێراق نابێت سوپای عێراق لە بواری ئاسایشی ناوخۆدا بەکاربهێنرێت. هەرچۆنێك بێت، ئەوە ئاشکرایە کە پۆلیسی ئیتیحادی و پۆلیسی عێراقی ناتوانن لە شوێنێکی وەك تکریت، بێجی، شەرگات و موسڵدا شەڕی ئەل قاعیدە بکەن. کەواتە سوپای عێراق بەشێکی پێویستە لە دەزگا ئەمنیەکانی ناوخۆیی عێراق. کێشەکە ئەوەنییە سوپای عێراق بەکاردەهێنرێت لە دابینکردنی ئاسایشی ناوخۆییدا: لە تەقینەوەکانی ئەم دواییەی بۆستندا، گاردی نیشتمانی ئەمریکی جووڵێنران. کێشەکە ئەوەیە دانانی وەزیرە ئەمنیەکانی عێراق و فەرماندە باڵاکانی سوپا لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند نەکراون. ئەمە هەنگاوی یەکەمە بۆ باشترکردنی پەیوەندی نێوان لایەنی مەدەنی و لایەنی سەربازی لە عێراقدا و هەنگاونان بۆ ئەوەی سەربازان لەبەردەم خەڵکدا بەرپرسیار بن.

*** ئاشکرایە کە وەزیرە کوردەکان موقاتەعەی حکومەتیان کردووە و هەروەها بەم دواییەش وەزیرە سوننەکانیش**

**کشانەوە لەو حکومەتە، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە حکومەت تەنیا نوێنەرایەتی پێکهاتەیەکی دیاریکراو دەکات، لە کاتێکدا پێویست بوو حکومەتێکی بنکە فراوان بێت، ئایا ئەمە تا چ رادەیەك دەبێتەهۆی یان سەردەکێشێت بۆ شەڕێکی ناوخۆیی خوێناوی؟**

- مەزەندەی ئەوە دەکەم هەندێ لە وەزیرە سوننەکان پێش هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٤ بگەڕێنەوە بۆ حکومەت: ئەوان بە زۆری دوای ماوەیەك لە ناڕەزایی دەربڕین ئەگەڕێنەوە. هەروەها وەزیرە کوردەکانیش ئەگەڕێنەوە، رەنگە پێش ئەوەی بودجەی ساڵی ٢٠١٤ تێپەڕێنرێت. بەڵام ئەوەی ئێوە دەیڵێن راستە، حاڵی حازر حکومەتی عێراق خراپ تێکشکاوە. باوەڕم وانییە توندوتیژیەکانی بگەنە هەمان ئاستی ئەو توندوتیژیانەی لە ساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٨دا لە عێراقدا لە ئارادا بوون، یاخود ئاستی ئەو توندوتیژیەی لە ساڵی ١٩٩١دا لە عێراقدا یاخود ئەوەی لە سوریای ئێستادا لە ئارادایە. بەڵام مەترسیەکی گەورە هەیە کە عێراق شێوەیەکی توندتر ئەو توندوتیژیە بە خۆوە ببینێت کە لە بەحرەیندا هەیە- ئەگەرچی شیعەکان باڵادەستن و سوننەکانیش لە شارۆچکەگەلێکی پڕ لە ناهەمواری و توندوتیژدا دەژین، کە بەهۆی خاڵەکانی پشکنینەوە دابڕێنردراون لەیەك. ئاشکرایە، پێویستە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٤ گۆڕانی راستەقینە بهێننەئاراوە، ئەگەرنا عێراق بە ئاراستەیەکی زۆر خراپدا هەنگاو هەڵدەگرێت.

*** بە پێی لێکدانەوەی هەندێ لە شارەزایان ئەمریکا عێراقی لە رژێمی دیکتاتۆری سەددام حوسێن رزگارکرد و دایە دەستی ئێرانیەکان و ئێستاش مالیکی لە زۆر رووەوە لە ژێر کاریگەری ئێراندا کار دەکات، ئایا تا چەند ئەمە عێراق لە دیموکراسی دووردەخاتەوە؟**

- مالیکی نە خۆشەویستی بۆ ئێران هەیە و نە بۆ ئەمریکا، بەڵکو هەردووکیان بەکاردەهێنێت بۆ بەردەوامبوون و کۆنترۆڵکردنی عێراق. سادەکردنەوەیەکی زیاد لە پێویستە بڵێین ئێران کۆنترۆڵی مالیکی کردووە: تەهران ناتوانێت مالیکی ناچار بە ئەنجامدانی کارێك بکات کە بە راستی خۆی دژی بێت. بۆ نموونە، تەهران ناتوانێت عێراق ناچار بکات بەرهەمی نەوت و هەناردەکردنی کەم بکاتەوە. عێراق دەکەوێتە پێش ئێرانەوە، وەك هێزێکی نەوتی، و رەنگە کارێك بکات نرخی نەوت دابەزێت، کە ئەمەش کاریگەری کوشندەی دەبێت لەسەر ئابووری ئێران. ئێران دەتوانێت هانی مالیکی بدات ئەو کارانە بکات کە خۆی دەیەوێت ئەنجامیان بدات- وەك پشتیوانی رژێمی ئەسەد لە سوریا. کەواتە مالیکی لە داهاتوودا، پتر سەربەخۆتر دەبێت لە ئێران. مەسەلەکە بەو سادەییە نییە کە ئەمریکا کشابێتەوە و ئێران کۆنترۆڵی بارودۆخەکەی کردبێت.

*** عێراق هەم لەسەر ئاستی سیاسی و هەم لەسەر ئاستی خزمەتگوزاری شکستی هێناوە، لەبەر ئەوەیە بە دەوڵەتێکی شکستخوارد دادەنرێت، واتە مەسەلەکە هەر ئەوەنییە کە ناسەقامگیرە و نادیموکراتیە، بەڵکو دەوڵەتێکی شکستخوارد، تا چ رادەیەك مەترسی هەرەسهێنانی بارودۆخەکە هەیە؟**

- پێموانییە عێراق دەبێتە دەوڵەتێکی شکستخواردو. ئەمە دۆخێکی زۆر لاوازە و هەل و مەرجێکی زۆر توندوتیژە. بەڵام وەزارەت و پارێزگاکان لە کارکردنی خۆیان بەردەوامن، هەر مانگێك تێدەپەڕێت کەرتی نەوت گەشەی زیاتر دەکات لەڕووی بەرهەمهێنانەوە، هێزە ئەمنیەکان توانایەکی باشیان لێدەردەکەوێت بۆ پاڵپشتیکردنی حکومەت تاوەکو بتوانێت کۆنترۆڵی زۆرێك لە ناوچەکان بکات، هەڵبژاردنەکان و دیموکراسی پەرلەمانی، بەردەوام لەبەرەوپێشچوونن، ئەگەرچی بە شێوەیەکی لاوازیش بێت. گومان لەوەدانییە کە عێراق لە دۆخێکی لاوازدایە، دۆخێکی زۆر گەندەڵ و زۆر توندوتیژە. پێموایە بەحرەین مۆدێلێکە لەم رووەوە، ئەو شوێنەیە، دۆخێکی باشی هەیە، بەڵام ناڕەوایە و توندوتیژە و دیموکراسی تێیدا لاوازە.

*** تا ئێستا هەرێمی کوردستان هەرێمە ئارامەکەی عێراقە، بەڵام بەم دواییە ناسەقامگیریەکانی باشوور هەڕەشە لەم هەرێمەش دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین سەقامگیری ئەم هەرێمە بپارێزین؟**


- بۆ ئاییندەیەکی دیار هەرێمی کوردستان «KRG» وەك سەقامگیرترین بەشی عێراق دەمێنێتەوە. پێشمەرگە، زێرەڤانی و دەزگا هەواڵگریەکان ئاستێکی باشی ئاسایشی گشتی لە کوردستانی عێراقدا دەپارێزن. کاتێك عێراق پتر توندوتیژ دەبێت، هەرێمی کوردستان «KRG»، وەك هەرێمێکی پتر سەرنجڕاکێشتر دەردەکەوێت بۆ بزنسکردن. نیگەرانی هەرێمی کوردستان «KRG» ئەوەیە نەیارانی ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستان هەوڵبدەن دۆخی ئەمنی بشێوێنن و هەوڵبدەن تەقینەوە ئەنجامبدەن بەتایبەتی لە هەولێر، ئامانجیش لەم هەوڵانە ئەوەیە سەرمایەی وەبەرهێنەران لە کوردستان بچنە دەرەوە، بەڵام دەزگا ئەمنیەکانی هەرێمی کوردستان «KRG» زۆر بە توانا و زۆر دڵسۆزن. رێگا نادەن هێرشی یەك لە دوای یەك هەڕەشە لە هەولێر، یاخود هەر شارێکی دیکەی قووڵایی هەرێمی کوردستان بکات.

**دانانی وەزیرە ئەمنیەکانی عێراق و فەرماندە باڵاکانی سوپا لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند نەکراون. ئەمە هەنگاوی یەکەمە بۆ باشترکردنی پەیوەندی نێوان لایەنی مەدەنی و لایەنی سەربازی لە عێراقدا و هەنگاونان بۆ ئەوەی سەربازان لەبەردەم خەڵکدا بەرپرسیار بن**

**گومان لەوەدانییە کە عێراق لە دۆخێکی لاوازدایە، دۆخێکی زۆر گەندەڵ و زۆر توندوتیژە. پێموایە بەحرەین مۆدێلێکە لەم رووەوە، ئەو شوێنەیە، دۆخێکی باشی هەیە، بەڵام ناڕەوایە و توندوتیژە و دیموکراسی تێیدا لاوازە**

## نزار جەنابی تۆژەر و پسپۆری سەربازی بۆ گوڵان:

# حکومەتی ئێستای عێراق نوینەرایەتی شیعە ناکات بەڵکو تەنیا نوێنەرایەتی مالیکی و حزبی دەعوا دەکات



**نزار جەنابی تۆژەرە لە ئامۆژگای واشـنتۆن بۆ سیاسـەتی رۆژهەڵاتی نزیك و یەكێكە لەو پسـپۆرە سەربازیانەی کە دوای سـاڵی ٢٠٠٣ گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و بەڕێوەبەری گشـتی دابینکردنی کەلوپەلی سەربازی بووە لەماوەی سـاڵانی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ لەحکومەتی عێراق و پاشـان گەڕاوەتەوە بۆ ئەمریکا و ئێستا تۆژەرە لەسەر سیاسەتی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، سـەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق وەك پسپۆرێك لەسەر ئەم بارودۆخە ئەم وتووێژەمان لەگەڵدا سازکرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** عێراق هەڵكشانێكی ناجۆر و نەخوازراو لەبارودۆخی ئاڵۆز بەخۆوە دەبینێت، زۆر كەس مەزندەی ئەوە دەكات، ئەم حاڵەتە بۆ بارودۆخێكی مەترسیدار هەنگاو هەڵبگرێت، ئایا تۆ چۆن ئەم بارودۆخە دەخوێنیتەوە؟**

- ئەو هەڵکشـانەی حاڵی حازر لە عێراقـدا روودەدات جێی نیگەرانیەکـی زۆرە، ئـەو لایەنانـەی شـەڕ دەکـەن باش ئاگاداری ئەو راسـتیەن کە هەڵکشانی زیاتر سەردەکێشێت بۆ شـەڕێکی درێژخایەن، کە هەموو لایەنەکان، شـیعە و سوننە ئەوانی دیکە و هەموو لایەك زیانمەند دەبن. ئەو سیاسـەتەی حکومەتی مەرکەزی گرتوویەتیەبەر- کە ئێمە هۆشداریمانداوە کـە گرتنبـەری سیاسـەتی رووبەڕووبوونەوە و سیاسـەتی پەراوێزخسـتنی ئەوانی دیکە- لە بەرژەوەنـدی وڵاتدا نییە و نابنەهۆی هێنانەدی سـەقامگیری و گەشـەکردن. ئێستا پێدەچێت حکومەت بەردەوامبێت لەسەر گرتنەبەری سیاسەتی پەراوێزخسـتن و رووبەڕووبونـەوە، ئێسـتاش وڵاتەکە بەرەو هەڵکشانێکی بێ پێشینە دەڕوات. هەروەها هۆکارێکی سەرەکی هەیە کە لە هاوکێشـەی ئێستادا ونە. کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ هەڵکشـان روویدەدا، سـوپای ئەمریکا لە ئارادابوو، کە وەك شـەریکێکی بێلایەن دەهاتە ناو مەسەلەکەوە و کاری لەسـەر هێورکردنەوەی دۆخەکە دەکرد، ئێستا تەنیا عێراقیەکان هەن و ئەگەر شەڕ بەرپا بێت، ئەوا تا دوا رادە قورسە کە خاو بکرێتەوە یان هێوربکرێتەوە.

*** لەم گۆڕانکارییە تازەی چەنـد رۆژی رابردوو، دەبینرێت سوپا خەریکە دەبێتە بەشێك لە ناکۆکیە سیاسیە ناوخۆییەکان، ئەمەش پێچەوانەی دەسـتووری عێراقە بەوەی نابێت سـوپا تێکەڵاوی کێشـە ناوخۆییەکان بێت، ئایا ئەمە چ مەترسیەك دروست دەکات؟**

- ئەمە لێکدانەوەیەکی وردە، بەشێکی سیاسەتی رووبەڕووبوونەوە بریتییە لە بەکارهێنانی سـوپای عێـراق لەلایەن حکومەتەوە دژی خەڵکی عێراق، کـە ئێمە دەقا و دەق ئەم حاڵەتەمان لە سـاڵی ١٩٩١ لە عێراقدا بینی، کە سوپا خەڵکی راپەڕیوی سـەرکوتکرد، ئایا جیاوازیەکە چییە، هیچ شتێك نەگۆڕاوە، ئەگەر حکومەت سـوپا بەکاربهێنێت بـۆ رووبەڕووبوونەوەی خۆپیشاندەران مانای وایە دیموکراتی بوونی نەما، ئەمە بێجگە لەوەی کـە مەرجەعێکی گەورەی وەك ئایەتوڵڵا سیسـتانی هۆشـداریان لە حکومەتی مالیکی داوە بۆ ئەوەی سوپا دژی خۆپیشـاندەران بەکارنەهێنێت، بەهەرحـاڵ، دیارە حکومەتی مالیکی گوێی پێنەدان و، ئاکامەکەشی ئەوەیە کە ژمارەیەك خەڵکی بێتاوان بوونە قوربانی.

*** ئێسـتا دەتوانیـن بڵێیـن کە کـورد و سـوننە بایکۆتی حکومەتیان کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە حکومەتی ئێسـتا تەنیا نوێنەرایەتی پێکهاتەی شیعە دەکات، ئایا وڵات بە یەك پێکهاتە بەڕێوە دەچێت؟**

- ئەمە لێکدانەوەیەکی تەواو ورد نییە، ئەوەی ئێوە دەیلێن راستە کە زۆرینەی ئەم حکومەتەی ئێستا شیعەیە، بەڵام نوێنەرایەتی هەموو شـیعە ناکات، بەڵکو نوێنەرایەتی سـەرۆك وەزیران و حزبەکەی- حزبی دەعوە- دەکات، لەگەڵ چەند هاوپەیمانێکی کەمی کە چەند لایەنێکی بچووکن، واتە نوێنەرایەتی تەواوی پێکهاتەی شـیعە ناکات. ئەمە هۆکاری سەرەکیە. وتارێکی زۆر جوان نووسـرا لەلایەن د.عادل عەبدول مەهدی لەسـەر پەیجی خۆی لە فەیسـبووك، و تێیـدا دەڵێت ئەم حکومەتە نوێنەرایەتی شیعە ناکات و گوێ بۆ ئامۆژگاریەکانی ئایەتوڵا عەلی سیستانی و شەریکە شیعەکانی ناگرێت، و سوپا دژی خۆپیشـاندەران بەکار دەهێنێت، ئەمە کارێکە نابێت هیچ کەس بیکات یان قبوڵی بکات، شـیعە بێت یان سوننە. کەواتە ئەوە قسـەیەکی ورد نییە کە ئەم حکومەتـە نوێنەرایەتی هەموو شـیعە دەکات، من بەو شێوەیە وەسفی دەکەم کە ئەم حکومەتە نوێنەرایەتی مالیکی و حزبی دەعوە دەکات.

*** ئایا تا چەند ئەم بارودۆخە و رەفتارەکانی ئێستای سەرۆك وەزیران، عێراق لە دیموکراسی دووردەخاتەوە؟**

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەڵێنی داوە ئەگەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن رژێمی ئەسەدەوە راست بێت بێدەنگ نەبێت، ئەمەش دەبێتەهۆی گۆڕانی گەمەکە و گۆڕانی بارودۆخەکە، هەربۆیە ئەگەر گۆڕانکاری لە سوریا روودات، ئەوا دڵنیاتان دەکەمەوە گۆڕانکاری بەدوای خۆیدا دەهێنێت لە عێراقیشدا**



- لەو کاتەوە عێراق دیموکراتی نەبووە کە لیستی ئەلعراقیە لە هەڵبژاردنەکاندا براوە و بووە و دوورخرایەوە لە حکومەت، واتە عێراق لە ماوەی چوار ساڵی رابردودا دیموکراتی نەبووە. بە دڵنیاییەوە نکۆڵی لە کاریگەری ئێران ناکرێت لەسەر بارودۆخی ئێستا. ئەمڕۆ گۆڕانێکی کتوپڕ روویدا کاتێك دەرکەوت رژێمی سوریا چەکی کیمیایی بەکارهێنابوو لە دژی خەڵکەکەی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بەڵێنی داوە ئەگەر ئەمە راست بێت، ئەوا ئەمە دەبێتەهۆی گۆڕانی گەمەکە، و گۆڕانی بارودۆخەکە، بارودۆخی سوریا و عێراق و ئێران لە نزیکەوە پێکەوە پەیوەستن، ئەگەر گۆڕانکاری لە سوریا رووبدات، ئەوا دڵنیاتان دەکەمەوە گۆڕانکاری بە دوای خۆیدا دەهێنێت لە عێراقدا.

*** تا چ رادەیەك مەترسی هەرەسهێنانی بارودۆخەکە هەیە بە تایبەتی بۆ دابەشبوونی عێراق؟**

- مەترسیەکە لە ئارادایە و گەورە و گەورەتر دەبێت، ئەویش بەهۆی ئەو سیاسەتانەی مالیکی گرتویەتیەبەر، و عێراقیش لە بوونی بە دەوڵەتێکی شکستخوارد نزیك دەبێتەوە، خزمەتگوزاری نییە و حکومەتێکی هەڵسوڕاو نییە و گەندەڵیش بەربڵاو و تەشەنەکردووە و یەکێك لە پرسەکان لەمڕۆدا بریتییە لەوەی سەرۆك وەزیران بیر لە حکومەتی زۆرینەی سیاسی دەکاتەوە، بەڵام من نازانم حکومەتی زۆرینەی سیاسی چییە، چونکە خەریکە بڵێم هەموو لایەنەکانی ژیانی وڵاتی کۆنترۆڵکردووە، لایەنی ئەمنی و خزمەتگوزاری و لە هەموو لایەنەکانیشدا شکستی هێناوە، خزمەتگوزاری دابین نەکردووە و ئاسایشی بۆ وڵاتەکە نەهێناوەتەدی. تاکە شتێك کەسەرکەوتوو بووە تێیدا بریتییە لە بەکارهێنانی هەست و سۆزی خەڵك و دارشتنەوەی وڵاتەکە لەسەر پایەکانی سیاسەتی رق و سیاسەتی تۆڵەسەندنەوە، و لەبری هەوڵدان بۆ سارێژکرنی برینەکانی وڵاتەکە و لەبری کۆکردنەوەی هەموو لایەنەکان بۆ ئەوەی پێکەوە کاربکەن بۆ بنیاتنانەوەی وڵاتەکە، بۆیە من پێموایە لەگەڵ مانەوەی ئەم حکومەتە ئاییندەیەکی گەش بۆ وڵاتەکە بەدی ناکەم.

*** هەرێمی کوردستان بەشێکە لەعێراق، بەڵام بەشێك نییە لەو بارودۆخە ئاڵۆزە، ئایا تاچەند کوردستان دەتوانێت خۆی لەو بارە ئاڵۆزە بپارێزێت؟**

- پێموایە کوردستان دیموکراسیەتێکی نوێیە و کاروبارەکانی بەڕێوە دەبات. بەهەرحاڵ، ئەوە بۆ هەموو دیموکراسیەتێکی نوێ راستە کە تەحەددیەکانی دەوروبەر هەمیشە هۆکارێکن بۆ دیاریکردنی ئاییندەی ئەم دیموکراسیە. ئێستا ناسەقامگیری لە سنوری باشووری کوردستان و هەروەها لە سنوری رۆژهەڵاتیشدا لە سوریادا هەیە. پێویستە چاودێری ئەوە بکەین چۆن ئەم ناسەقامگیریە کاریگەری دەبێت لەسەر بەڕێوەچوونی کاروبارەکان لە کوردستاندا. من هێشتا کاریگەری پێچەوانەم نەبینیوە کە بپەڕێتەوە بۆ کوردستان، ئەمەش بۆ وریایی و چاوکراوەیی دەزگا ئەمنی و هەواڵگریەکانی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە. بەڵام هێشتا دەبێت چاوەڕێ بکەین و پێموایە ئەگەر ئەو ناسەقامگیریە درێژە بکێشێت، ئەوا کاریگەری دەبێت لەسەر سەقامگیری هەرێمی کوردستان.

# دوای دە ساڵ لە رووخانی دیکتاتۆریەت.. عێراق بەرەو کوێ؟


کازم حەبیب

تایبەت بۆ گوڵان نووسینی

کاتێ توێژەرێکی بێلایەن لە نزیکەوە لە خەرمانی دە ساڵەی رابردووی مێژووی دوای رووخانی رژێمی پێشووی عێراق دەکۆڵێتەوە، خۆی لەبەردەم ئەنجامگەلێکی جیاوازدا دەبینێتەوە، کە هەندێکیان پۆزەتیڤن و ئەوانی دیکەش نێگەتیڤن کە ئەمانەی دواییش کاریگەریی زۆریان کردۆتەسەر کۆمەڵگە و بوونە هۆی هەڵگیرساندنی چەندین شەڕو پێکدادانی ناوخۆ، لە هەمووی گرنگتر ئەو هەوڵانە بوون کە بۆ دەستێوەردانی نێودەوڵەتی لە کاروباری ناوخۆ لە ئارادابوون، ئەمە وێڕای هاتنەپێشەوەی سیستەمی تایەفەگەری و تیرۆر و گەندەڵی و جوداکاری و پاشەکشەکردنی ئاستی فەراهەمکردنی ئازادییە گشتییەکان بۆ دواوە و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئافرەت بە شێوەیەکی تایبەتی، کە بە شێوەیەکی گشتی کاریگەریی راستەوخۆی نێگەتیڤانەیان هەبوو بۆ سەر پەرەپێدانی ئاستی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری لەپاڵ گۆڕینی ئاراستەی ئەمنی و سەربازی و پەیوەندییەکانی دەرەوەی وڵات.

ئەمریکا شەڕی ئازادکردنی عێراقی لە ئەستۆ گرت و رژێمەکەی رووخاند و بە زەبری هێزی سەربازیی خۆی و ئیدارەی مەدەنی و هەموو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکەی عێراقیشی وەکو هێزی یەدەگ هێشتەوە، لە هەمان کاتیشدا ئەمریکا گوێی بە هیچ کاردانەوەیەکی ناوخۆ نەدەداو تەنیا گەیشتن بە مەبەست و مەرامەکانی خۆی نەبێت، ئەمریکا لە رووی ئیدارییەوە نەیتوانی سیستەمێکی کارای حوکم دوای رووخانی رژێمی سەدام لە عێراقدا جێگیر بکات، چونکە هەروەکو بینیمان چۆن سەرجەم دەزگا و دامەزراوەکانی ئەو وڵاتە کاولکران و دەستیان بەسەرداگیرا، هەرچەندە میللەت زۆر خۆشحاڵ بوو بە رووخانی ئەو رژێمە داپڵۆسێنەرە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو شەڕو گۆڕانکارییە، لەوانە سەرهەڵدانی بێ سەروبەری و بۆشایی سیاسی و ئیداری لە عێراق، کە لە ئاکامدا بووە هۆی نانەوەی ئاژاوەو پاشاگەردانی و دزی و بە تاڵان بردنی دامودەزگاو ژێرخانی ئابووری و پیشەسازی و بوارەکانی دیکە، هەروەها مانەوەی سنوورەکانی دەوروبەری عێراق بەبێ هیچ چاودێرییەك کە فاکتەرێکی بنەڕەتی بوو بۆ دزەکردن و هاتنەژوورەوەی تیرۆریستان و ئەندامانی قاعیدە، ئەمە وێڕای رەخساندنی دەرفەت بۆ سەرانی سەربازی و سیاسیی رژێم تاکو خۆیان بۆ دەرەوەی عێراق دەربازبکەن و لە هەمان کاتیشدا دەستکرا بە تۆڵەسەندنەوە لەو بەعسییانەی کەدەستیان لە کوشتنی هاووڵاتیاندا نەبوو هەروەها تاوانبارانیش کە نەدرانە دادگا شەرعییەکان، ئەوەی خاڵێکی گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی نەیتوانی ریزەکانی خۆی بە شێوەیەکی تۆکمە رێکبخاتەوە، بەڵکو هەر لایەنێك لە هەوڵی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیدا بوو لەسەر حسابی بەرژەوەندیی گشتی، ئەوەی مایەی مەترسی بوو لە سەرەتای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق دانانی پۆل برێمەر بوو بە حاکمی مەدەنی عێراق ئەویش ئەنجومەنی راگوێزانی حوکمی لەسەر بنەمای تائیفی و ئەتنی و دژ بە پرەنسیبی هاووڵاتیبوون دامەزراند کە زۆربەی ئەندامەکانیان لە شیعەکان بوو، دواتر ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە بڕیارێك مافی داگیرکردنی عێراقی بە فەرمی

بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەخشی، بێ گوێدانە خواست و ئامانجەکانی گەلی عێراق، ئەم هەڵوێستە هەستی لاوازیی لای سوننەکان هێنایە ئاراوە، وەك بڵێیت ئەوان بەرپرس بوونە لە تاوانەکانی رژێمی رەگەزپەرستی و خوێناوی بەعس دەرحەق گەلی عێراق، هەر ئەمەش بووە هۆی خۆشکردنی زەمینەو کەشوهەوای شەڕ و ناکۆکیی تایفی و ئایینزایی لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی عێراقیدا. سەرباری ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەر و سەرباز بەبێ مووچە مانەوە، کە ئەمەش وای لێکردن پەنا بۆ کاری دزێو بەرن یاخود هەندێکیان هاوکاریی تیرۆریستان بکەن بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکانیان. لەسەردەمی رژێمی پێشوودا گەندەڵیی دارایی و کارگێڕیی لە لوتکەدا بوو، بەڵام دواتر بە جارێك تەشەنەی کرد دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانەوە و هەندێ سیاسەتمەدارانی ئۆپۆزسیۆنیش ئەم دەرفەتەیان قۆستەوە بۆ بەتاڵانبردنی سامانی وڵات و خۆدەوڵەمەندکردن کە ئەم حاڵەتە تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە.

ئەو بارودۆخەی ئاماژەمان پێکرد، چەندین گۆڕانکاریی بە دوای خۆیدا هێنا لەوانە: ئەو گرووپە بەعسییانەی کە لەسەروبەندی پرۆسەکە هەڵاتبوون و چەکی دزیارییان لابوو جارێکی دیکە خۆیان رێکخستەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی بارودۆخە تازەکە بەپێی ئەو پیلانەی کە پێشتر سەدام و دەستەوپێوەندەکانی دایانڕشتبوو. ئەمە وێڕای ئەوەی کە هێزەکانی ئەلقاعیدەش توانیان دزەبکەن و بە چەکی جۆراوجۆر کاریگەریی بکەنە سەر ناوچەکان و خەڵکێکی زۆر تیرۆر بکەن یاخود دەست بەسەر موڵك و سامانی هاووڵاتیاندا بگرن، دەبێ ئاماژە بۆ خاڵێکی گرنگ بکەین ئەویش سەرهەڵدانی گرووپ و مێلیشیای چەکداریی تایفی و سەر بە حزبەکانی ئیسلامی سیاسیی لە شیعە و سوننەیە، کە چەندین کرداری تۆڵەسەندنەوە لە نێوانیاندا روویدا.

ئەو شەڕە رژێمی رووخاند، بەڵام نەیتوانی ئاشتی و ئاشتەوایی بۆ کۆمەڵگەی عێراقی دابین بکات، بەڵکو ئاژاوەو ئاشووب و گێرەشێوینی لە نێو تاکەکەکانی بڵاوکردەوەو مردن و ماڵوێرانیی زیاتری بۆ گەل هێنایە ئاراوە، ئەم بارودۆخە ئازادی و توانای بڵاوکردنەوەو راگەیاندنی فەراهەم کرد، بەڵام بواری نەدا بکوژ و تاوانباران بدرێنە دادگاو سزا بدرێن، ئەگەر جاران ترس لە رژێمی بەعسی فەرمانڕەوا و دەزگا سەرکووتکەرەکانی هەبوو، ئێستا ترسەکە لەوەدایە کەسانی بکوژ و تاوانباران ناناسرێن و تەنانەت دەست نیشانیش ناکرێن، هەروەها هێشتا سەرهەڵدانی پێکدادانی تایفی و چەکداری لە فەرهەنگی هەندێ گرووپی سیاسی و تایفی ناوەوەو دەرەوەی دەسەڵاتی حوکم بەدوور نازانرێت، ئەگەر بارودۆخی هەرێمی کوردستانی عێراق بەر لە رووخانی رژێمی پێشوو سەقامگیربووە لەڕووی ئاساییشەوە، ئەوا دوای رووخانی، هێشتا سەقامگیرتر بووەو زیاتر رووی لە ئاوەدانی و بیناسازی کردووە، بەڵام تا ئێستا فەرمانڕەوایانی بەغدا لە ناوچە عەرەبییەکانی عێراق نەیانتوانیوە بەدی بێنن، ئەگەر پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەتا زۆر گرژ نەبوو، بەڵام لە ئێستادا گرژییەکی گەورەو نالەباری تێکەوتووە، نەك لەبەر نەبوونی شارەزایی یان کەموکوڕیی لەو یاسایانەی کە تایبەتن بەو پەیوەندییانە، بەڵکو بە هۆی سیاسەتەکانی حکومەتی فیدراڵ کەنایەوێت کێشەکان بەپێی دەستوور چارەسەر بکات، لەوانە کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و نەدانی مووچەی پێشمەرگە وەك بەشێك لە هێزی چەکداری عێراق، کەواتە دەرئەنجامی ئەو دە ساڵەی رابردوو چی بوو؟

لەرووی ئیجابییەوە دەتوانرێت باس لە رزگارکردنی عێراق بکرێت لە دیکتاتۆریەتی سەرکوتکار کە بە هیچ شێوەیەك نە مێژووی نوێی عێراق و نە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەخۆیانەوە نەدیوە لەڕووی دڕندایەتی و بیری رەگەزپەرستی و پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێز لە چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان لە سەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەدا، هەروەها دەکرێت ئاماژەبکرێت بۆ چاکبوونی بارودۆخی دەرهێنانی نەوت کە بواری لەبەردەم عێراق فراوان کرد لە رووی زیادکردنی داهاتی وڵات لە نەوتی خاو هاوکات ئاستی بژێویی هەندێ توێژی کۆمەڵگە بەرە باشی چوو، لەگەڵ دروست بوونی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی، هەر چەندە زۆربەشیان هەر وێنەییە و بەپێی بنەماکانی ئازادی و دیموکراتییەت و مافەکانی مرۆڤ کار ناکات.

ئەم لایەنە ئیجابییانە زۆر سەرنج هەڵدەگرن، چونکە ئەگەر دیکتاتۆریەتی بەعس بە هۆکاری دەرەکی رووخابێت، ئەوا زەمینەی سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەتێکی تازەی حزبێك یان تاکەکەسێك تا ئێستا لە ئارادایە، بۆیە وا بەچاوی خۆمان دەبینین خەریکە دروست دەبێتەوەو رۆژ لە دوای رۆژ ئەو مەترسییە لە نێوەندە سیاسییەکانی عێراقدا هەستی پێ دەکرێت، هەروەها ئەگەر پرسی نەوت بەرەو باشتر چووبێت، ئەوا گرێبەستگەلێکی زۆر کە مۆرکراون هەموویان لە بەرژەوەندیی عێراقدا نەبوون و بە نەرێنی بەسەر بازاڕی نەوت و نرخەکاندا شکانەوە، لەپاڵ ئەوەشدا یاسای نەوت تا ئێستا بڕیاری لەسەرنەدراوە و کێشەی لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان لێکەوتۆتەوە سەبارەت بە گرێبەستەکانی نەوتی کوردستان، سەرباری ئەمەش دامەزراوەکانی دەوڵەت ئازاد و دیموکراتی نین چونکە هەموویان لەسەر بنەمای دابەشکردنی تایفی و سیاسی دروست بوونە کە دواتر گەلی عێراقی بەش بەش کرد، پاشان هەموو ئەو حزبە سیاسی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر بنەمای ئایینی و ئایینزایی هاتنە مەیدانەوە کە ناکۆکن لەگەڵ پرەنسیبەکانی مرۆیی و ئایینی.

لەم دە ساڵەدا عێراق هیچ پەرەپێدانێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری بەخۆیەوە نەدیوە، لەبەر نەبوونی ستراتیجییەتێکی تۆکمەو عەقڵانی و سەرهەڵدانی بێکاری ئاشکراو بێکاریی داپۆشراو کە رێژەکەی لەنێوان ٦٠٪ بۆ ٧٠٪ دەبێت لە کۆی کارمەندانی دەوڵەت، هەروەها ٢٥٪ی خەڵك لەژێر هێڵی سفردا ژیان بەسەر دەبەن، ئەمە وێڕای تەشەنەکردنی دیاردەی گەندەڵی، بۆیە لەم دە ساڵەی رابردوودا بە هەزاران هاووڵاتی بوونە قوربانیی تیرۆر و ناکۆکی تایفی و ململانێی سەر پۆستەکانی حکومی و سیاسی رۆژ بە رۆژیش دیموکراتییەت مانای خۆی لەدەست دەدات و ئەو ئامانجانەش کە عێراقییەکان بۆ رووخانی رژێمی سەرکوتکاریی بەعس لە ناخ و دەروونیاندا گەشەیان کردبوو هەموویان پووکانەوە و هاووڵاتیان لەم عێراقەدا بە هیچ شێوەیەك بە ئومێدی ئەوە نین کە جارێکی دیکە لە چوارچێوەی حوکمێکی دیموکراتی و ئازاد و یەکساندا ژیان بگوزەرێنن.

**ئەمریکا شەڕی ئازادکردنی عێراقی لە ئەستۆ گرت و رژێمەکەی رووخاند و هەموو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکەی عێراقیشی وەکو هێزی یەدەگ هێشتەوەو گوێشی بە هیچ کاردانەوەیەکی ناوخۆ نەدا تەنیا گەیشتن بە مەبەست و مەرامەکانی خۆی نەبێت**

**لەرووی ئیجابییەوە دەتوانرێت باس لە رزگارکردنی عێراق بکرێت لە دیکتاتۆریەتی سەرکوتکار کە بە هیچ شێوەیەک نە مێژووی نوێی عێراق و نە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەرووی دڕندایەتی و بیری رەگەزپەرستی بەخۆیانەوە نەدیوە**

دکتۆر نەجیب جوبرائیل

راوێژکاری یاسایی کڵێسەی قیبتیەکانی میسر بۆ (گوڵان):

# هێرشکردنە سەر کاتدرائی قیبتیەکان پەڵەیەکی شەرمەزارییە بۆ مێژووی حکومڕانی ئیخوانەکانی میسر

**ناپلیۆن چۆن بە ئەسپەکانیەوە بەناو ئەزهەردا ڕۆیشت، پەڵەیەکی ڕەشی بۆ مێژووی خۆی تۆمارکرد، ئیخوانیش بە هەڵکوتانیان بۆ سەر کاتدرائی قیبتیەکان هەمان پەڵەی ڕەشیان لەمێژووی خۆیاندا تۆمارکرد**

فیتنەی تایەفەگیری سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ میسر، ئەمەش لەو ڕووداوە هەمەجۆرانەدا هەستی پێدەکرێت کە لەسەرتاپای وڵاتدا کەوتونەتەوە، شۆڕشی میسری لە ڕۆژانی یەکەمیدا مۆدێلێکی بۆ یەکێتی نیشتمانی و هەماهەنگی لەنێوان میسرییەکان بەجیاوازی ئینتمای ئاینیانەوە پێشکەش کرد، لەم دیالۆگەشدا دکتۆر نەجیب جوبرائیل چالاکوان و مافخوازو راوێژکاری یاسایی کڵێسای قیبتیەکان لەمیسر جەخت دەکاتەوە لەوەی کە کۆمەڵێک هۆکار لە پشتەوەی توندوتیژییە تایەفەگەریەکانەوەن. فتیلەی قەیرانەکان ناقرتێنرێت ئەگەر بێت و مافی هاووڵاتیبوون تێیدا بەرجەستە نەکرێت، یان ئەگەر بێتوو کەلتووری یەکترقبوڵکردن و پاکژبوونەوەی گوتاری ئاینی بڵاونەکرێتەوە، هەروەها پێویستە ڕێگا بدرێت بە قیبتیەکان تاوەکو کڵێسەکانی خۆیان بونیاد بنێن و لە پۆستە باڵاکانی وڵاتدا بێ هەلومەرج دابمەزرێن، پێش هەموو ئەمانەش لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوانە بکرێت کە لەدژیان ڕوویداوە، هەروەها تاوانباران بخرێنە بەردەم دادگا. د. جوبرائیل زیاتر جەختی کردەوە لەوەی دیمەنێکی تەمومژاوی باڵی کێشاوە بەسەر بارودۆخەکەی میسردا، چونکە لە بنەڕەتەوە لەنێوان موسڵمانان و قیبتیەکان هیچ جۆرە ڕق و کینەیەکی پێشینە بوونی نەبووە لە نێوانیان، ئەوەی ڕق دەچێنێت پەرگیرەکانە، بۆیە قیبتیەکان لە پێشەوەی کاروانی داکۆکیکاران دەبن لەئەزهەرو شێخەکەی چونکە بە نوێنەری راستەقینەی میانڕەویی و ناوبژیوانی لەمیسردا ماونەتەوە.



ئەسما حوسێنی - گوڵان - قاهیرە




**هیچ یاسایەک نییە ڕێگە بە هاووڵاتیانی قیبتی بدات کڵێسا دروست بکەن، بەڵام ڕێگا بەخەڵکانی ئاسایی دەدرێت کە تەعدا لەمافەکانیان بکەن، خودی دەوڵەت ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت لەچەسپاندنی فیتنەگێڕی تایەفەگیریدا**

**قیبتیەکان تەنیا یەک وەزیری ئافرەتیان لەناو ٣٤ وەزیری حکومەتی ئێستای میسردا هەیە، تاقە یەک قیبتیش نەکراوەتە بەڕێوەبەری ئاسایش یا سەرنووسەر یا سەرۆکی زانکۆ یا بەڕێوەبەری بانکێک**

**ئەگەر مامۆستایەکی ئایینی ئیسلامی خەڵکی بۆ شەڕ لەدژی کریستیان هان نەدایە، دەکرا ئەو ڕووداوە کۆنترۆڵ بکرایە و باردۆخەکە ئاوا ئاڵۆز نەبوایە**

**گوڵان:** لەتێڕوانینی بەڕێزتانەوە ئەو هۆکارانە چین لەپشت تەقینەوەی گرفتە تایەفەگەرییەکانی ئەم دواییەدا؟

**د. نەجیب جوبرائیل:** زۆربەی کات لەم جۆرە ڕووداوانەی میسردا لە ڕووداوێکی کەسیی ئاسایی نێوان موسڵمانێك و کریستیانێکەوە دەستی پێ کردووەو دواتر پەرەدەسەنێت بۆ ئەوەی ببێتە گرفتێکی تایەفەگەری، هۆکارەکەشی هەبوونی کەلتووری توندڕەویی کەڵەکە بووە لەمیسر بەدرێژایی زەمەنەکانی پێشوو، لەم بارەیەشەوە هەموو سیستەمەکە پێویستی بەچارەسەرە، لەوانەش چارەسەری خوێندن و فێرکردن و بەرجەستەکردنەوەی کەلتووری یەکتر قبوڵ کردن و پارێزگاریکردن لەمافی هاووڵاتیبوون. ئەگەر وا نەبێت ئەوا هاووڵاتیان بەسەر خاکی میسرەوە یەکتر دەخەنە تەڵەو داوی یەکترلەناوبردن.

**گوڵان:** مافەکانی قیبتیەکان بەدیاریکراوی چین؟

**د. نەجیب جوبرائیل:** هیچ یاسایەك نییە ڕێگە بە هاووڵاتیانی قیبتی بدات کڵێسا دروست بکەن، بەڵام ڕێگا بەخەڵکانی ئاسایی دەدرێت کە تەعدا لەمافەکانیان بکەن، خودی دەوڵەت ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت لەچەسپاندنی فیتنەگێڕی تایەفەگیریدا، قیبتیەکان لەپۆستە باڵاکان دوور دەخرێنەوە، تەنیا یەك وەزیری ئافرەتیان لەناو ٣٤ وەزیری حکومەتی ئێستای میسردا هەیە، تاقە یەك قیبتیش نەکراوەتە بەڕێوەبەری ئاسایش یا سەرنووسەر یا




سەرۆکی زانکۆ یا بەڕێوەبەری بانکێك، منداڵێکیش ئەوە دەزانێت بەگشتی قیبتیەکان و مەسیحیەکان پەراوێزخراون، بۆیە زۆر ئاساییە ڕووداوێکی بچکۆلە کۆمەڵکوژییەکی لێ بکەوێتەوە.

**گـــوڵان:** بۆچـــی لـــەم ڕووداوانەی دواییـــدا گرژی و هەڵوێستەکان توندتر بوونەوە؟

**د. نەجیـــب جوبرائیـــل:** لەبەر ئەوەی گوتـــاری ئایینی بەقۆناغی پاکژبوونەوەدا تێنەپەڕیوە، هەربۆیە ڕووداوەکانی میســـر توندتر بوونەوە. ئەگەر لەو کاتەدا مامۆستایەکی ئاینی موســـڵمانانی بۆ شـــەڕ لەدژی کریســـتیان هان نەدایـــە، دەکرا ئەو ڕووداوە کۆنتـــرۆڵ بکرایە. لەبەر ئەوە ســـکاڵامان لـــەدژی بەڕێوەبـــەری ئاسایشـــی قاهیرەو بەڕێوەبەری ئاسایشـــی قلیوبیەو ئەو مەلای مزگەوتەش کـــە خەڵکی هاندابـــوو تۆمار کردووە. هەروەها ســـکاڵا لەدژی راوێژکاری سەرۆك نووســـراوە کە بەپەلە پروزێ راگەیاندنێکـــی بڵاو کردەوە و قیبتیەکانی تاوانبار کردووە بەوەی گوایە تەعدایان لـــە پۆلیس کردووە، ئەمە لەبری ئەوەی برینی قیبتیەکان ســـاڕێژ بکات. دواتر شاندێکی ســـەرۆکایەتی لە تیڤیەکانەوە دەردەکـــەون و بێ ئاگایی خۆیان لـــەو راگەیاندنەی جەنابی راوێـــژکار دەردەبڕن. دواتریـــش کۆمەڵێك وتەبێژی فەرمی یەك بەدوای یەکدا پاکانەی بۆ دەکەن.

**گوڵان:** بەڵام ئەوەتا سەرۆکی میسر بەشەخسی پێوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ پاپا تاوضروســـی دووەم کردوو، وتی هەر تەعداکردنێك لەقیبتیەکان تەعدا کردنە لەشەخســـی خۆم، دەنگدانەوەی ئەم وتەیەی سەرۆك چۆن کەوتەوە؟

**د. نەجیب جوبرائیل:** وتەکەی سەرۆك شتێکی تازە نەبوو، پێشـــتریش ســـەرۆك رایگەیاندبوو کە سەرۆکی هەموو میسرییەکانە، زۆر وتەی تری بێ کرداری وەکو وتەکەی سەرۆکی میســـر رادەگەیەنرێت، بەڵام بڵێسەی ئاگرێك ڕەنگە لەهەر شوێنێکی تردا کارەساتی وا بقەومێنێتەوە. بۆ نموونە لەشـــەبرا کەســـێکیان بەناوی جەمال ســـابیر دەســـگیر کردبوو کە بە راســـت و چەپ موســـڵمانانی دەکوشت، تا بەسەر کریســـتیانەکاندا بهێنرێتەوە، کاتێك دەسگیر کرا وتی: بۆیە لەوێ بووم چونکە کریستیانەکان هەوڵیـــان دەدا مزگەوت بڕوخێنن، ئەگەر موســـڵمانان ئەم بوختانانەیان نەناشـــتایە ئەوا شبرا هەر وەکو خسوس گڕی دەگرت، داوا لەمحەمەد مورسی دەکەین یاسایەك دەربچوێنێت ڕێگا بدات بەکریستانەکان کڵێسەکانی خۆیان بونیات بنێن هەروەکو چۆن ڕێگا بەموســـڵمانان دەدات مزگەوتی خۆیان دروســـت بکەن، وەکـــو چۆن وڵاتانی مەسیحی لە خۆرئاوا ڕێگا بە کەمینەی موسڵمان دەدەن مزگەوت لە وڵاتەکانیان دروست بکەن، پێش هەموو شت پێویســـتە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکان بکرێت، بەتایبەتی



بەردەم کڵێسەکانی (سوڵ و ئەتفیح و مارێناب و کڵێسای عەزراو دێر ئەنبابێشەویی لەبیابانی میسرو قەسابخانەکەی لە ماسبیر ڕوویداو گەمارۆدانی کڵێسەی کوم ئامبوو) کە تا ئێستاش هیچ خەتابارێك لەو ڕووداوانە دادگایی نەکراون، ئەمەش هۆکاری ئەوەبوو کە قیبتیەکان بەرەو دەرەوەی میسر کۆڕەو بکەن و هەڵبێن.

**گوڵان:** بۆچی دەوڵەت بەرپرسیارێتی ڕووداوە تایەفەگەرییەکانی دەخرێتە ئەستۆ؟

**د. نەجیب جوبرائیل:** دەوڵەت بەرپرسە لەو تەعدایانەی کە دەرهەق بە قیبتیەکان ئەنجام دەدرێت، بەرپرسە لەوەی ناوێرن کڵێسە دروست بکەن، بەرپرسە لە پاکتاوکردنی ئاینی و پەراوێزخستنیان، یەکەمین بەرپرسیشە لە ڕووداوەکانی کاتدرائییەکە، سکاڵام لەسەر تۆمار کردون و دەوڵەتم تۆمەتبارکردووە بەرپرسیارم کردون لەئاست ڕووداوەکاندا، کاسێتی ڤیدیۆیی هەن کە رووخساری ئەنجامدەرانی ڕووداوەکانی سەر کاتدرائی تێیدا بەروونی دەردەکەون. کاسێتی ڤیدیۆیی تر هەیە تێیدا بەئاشکرا هێزەکانی ناوخۆ نیشان دەدرێت کە بەبۆمبی مۆلۆتۆف و قۆچەقانیَ ئاگردارەوە باڵەخانەی کاتدرائیی دەسووتێنن، لە ڕووداوەکانی خسوس دا پاش ٨ کاتژمێر لە ئاگرتێبەردانی کڵێسەکە پۆلیس و پیاوانی ئاگرکوژێنەوە گەیشتن، دەپرسم تاوانی مەسیحیەکان چی بوو کە بەو شێوەیە ئەشکەنجەدران و تەعدایان بەرامبەر دەکردن دەرمانخانەو دوکانەکانیان سووتێنران. تاوانی ئەو مەسیحیە چی بوو کە بەنزین کرا بە گیانیدا و سووتێنراو مرد سەرۆك بەرپرسی راستەوخۆیە، ئەگەر درکی پێ ناکات کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دادگایی سەرۆك دەکات، چونکە بەهەموو مانایەك ئەم تاوانانە جینۆسایدن.

**گوڵان:** بارودۆخی قیبتیەکان لەژێر سایەی حوکمڕانی ئێستادا چۆن هەڵدەسەنگێنی لەچاو حوکمڕانی حوسنی موبارەك؟

**د. نەجیب جوبرائیل:** قیبتیەکان بەخراپترین شێوە لەسەردەمی موبارەکدا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکران، بەڵام لەسەردەمی سەرۆکی ئێستادا خەڵتانی خوێن کراون، لەزەمانی رۆمانیەکانەوە تا ئێستا رووبەڕووی کارەساتی وا نەبوونەتەوە وەك ئەوەی ئێستای ڕووبەڕووی دەبنەوە. تەعدا کرا لە گەورەترین ناوەندی ئاینی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە لەپاش فاتیکان گەورەترین بنکەی ئایینیە، ئەگەر ناپلیۆن بەئەسپەکانیەوە چووبێتە ناو زانکۆی ئەزهەرو تا ئێستاش لەمێژوودا بەپەڵەی شەرمەزاری بۆی ئەژمار کرا بێت ئەوا گەمارۆدانی کاتدرائی و سووتاندنی پەڵەیەکی رەشترە بۆ حوکمڕانانی ئێستا.

**گوڵان:** قیبتیەکانی تاراوگە ئاماژە دەدەن بەنێودەوڵەتیکردنی دۆزەکەیان لەمیسر؟

**داوا لەمحەمەد مورسی دەکەین یاسایەک دەربچوێنێت ڕێگا بدات بەکریستانەکان کڵێسەکانی خۆیان بونیات بنێن هەروەکو چۆن ڕێگا بەموسڵمانان دەدات مزگەوتی خۆیان دروست بکەن**

**کاسێتی ڤیدیۆیی هەیە تێیدا بەئاشکرا هێزەکانی ناوخۆ نیشان دەدرێت کە بەبۆمبی مۆلۆتۆف و قۆچەقانێی ئاگردارەوە باڵەخانەی کاتدرائیی دەسووتێنن**

**قیبتیەکان بەخراپترین شێوە لەسەردەمی موبارەکدا هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکران، بەڵام لەسەردەمی مورسی و ئیخواندا خەڵتانی خوێن کراون**

**ئەمەریکا گەورەترین دوژمنی قیبتیەکانەو گەورەترین لانکەو دۆستی ئیخوانەکانە، ئێمە دەستێوەردانی ئەمریکی لەکاروباری میسر ڕەتدەکەینەوە**



**د. نەجیب جوبرائیل:** جیاوازی هەیە لەنێوان خۆهەڵکێشان و پشتبەستن بەدەرەوە و ئەمەریکا لەبەرامبەر بەنێودەوڵەتیبوونی دۆزێکدا، لەهەقیقەتدا ئەمەریکا گەورەترین دوژمنی قیبتیەکانەو گەورەترین لانکەو دۆستی ئیخوانەکانیشە، ئێمە دەستێوەردانی ئەمریکی لەکاروباری میسر ڕەتدەکەینەوە، بەڵام بەنێودەوڵەتیبوونی دۆزەکە شتێکیترە چونکە میسر لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا ئەندامە. کاتی ئەوەهاتۆتە پێشەوە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چاوێك بەم تاوانە وەحشیگەرییانەدا بخشێنێتەوە، هەروەکو کاترین ئاشتون کە لە کۆمیسیاری باڵای یەکێتی ئەوروپاوە هات لەسەردانەکەیدا بۆ میسر بەسەرۆك مورسی ڕاگەیاندن لێدانی کاتدرائی کار دەکاتە سەر ڕاگرتنی هاوکارییەکانی یەکێتی ئەوروپا بۆ میسر. هاووڵاتیانی میسری ئاسایی لەکۆتاییدا باجی ئەم دۆخە دەدەنەوە بە موسڵمان و قیبتیەوە، بارودۆخی میسر لەخراپ خراپترە، ژمارەی دەرۆزەکاران هێندەی سوپایەکە، سەرۆکیش تەنیا لە ئیخوان موسلمین زیاتر کەسی تر نابینێت، سەرۆکی میسر بەیەکچاو تەماشای هەموو هاووڵاتیانی میسر ناکات.

**گوڵان:** ئەم قەیرانی توندڕەویی و ڕق و کینە هەڵڕشتنە تەنیا لەنێوان موسڵمانان و قیبتیەکانە، یان قەیرانێکە لەناواخنی کۆمەڵگای میسرییەوە هەڵقوڵاوە؟



**د. نەجیب جوبرائیل:** توندوتیژی سیاسی پێوەندی بەسەرجەم هێزە سیاسییەکانەوە هەیە، لەگەڵ هاتنی محەمەد مورسی ئەم توندوتیژییە ئاڵۆزترو توندتر بووەتەوە، ئازارو ئەشکەنجەی بۆ هەموو لایەك هێناوە، دەمەوێت بڵێم هیچ رق و کینەیەك لەنێوان موسڵمانان و قیبتیەکاندا پێشوەختە نەبووە، بەڵام کەسان و لایەنی وا هەیە کە دەیانەوێت ئەو رق و کینەیە بچێنێن و دروستی بکەن.

**گوڵان:** بۆچی زیاتر هێرش و تۆمەتەکان ئاراستەی ئیخوان موسلمین دەکەیت لەکاتێکدا هێزو بزووتنەوەی دیکەی سیاسیش لەمیسر دەستیان هەیە؟

**د. نەجیب جوبرائیل:** بۆیە ئیخوان موسلمین تۆمەتبار دەکەم چونکە ئەوان رەگ و ریشەی توندوتیژی ئایینیان چاندووە، تەنانەت مۆرکی جیاوازی و پارچەپارچە بوونیان لەناو خودی موسڵمانانیش دروست کردووە، ئالێرەدا ژمارەیەك لەگرووپە ئاینیەکانی تر پێداچوونەوە بەخۆیاندا دەکەنەوە بەڵام چاوبرسێتی ئیخوانی سیاسی رێگا لەم بەخۆداچوونەوەیەی ئەوانیش دەگرێت.

**گوڵان:** دەکرێت دەنگە عاقڵمەندەکانی هەردوولا بەرزتر بێتەوە لەدەنگی توندڕەوەکان کە بەرژەوەندییان لەهەڵگیرسانی فیتنەدایە؟

**د. نەجیب جوبرائیل:** دەنگە عاقڵەکان دەتوانێت بارودۆخەکە هێوربکاتەوە، بەڵام ناتوانێت لە رەگەوە قەیرانە توندوتیژییە ئاینیەکە لەمیسر نەهێڵێت چونکە ئێمە لەخۆرهەڵات هەمیشە بەدەر لەنەخۆشیەکە باس

لەنیشانەکانی نەخۆشی دەکەین پێویستە بەیاسا سزای ئەمجۆرە تاوانانە دیاری بکرێت.

**گوڵان:** کەواتە داخوازی قیبتیەکان بەدیاریکراوی چین؟

**د. نەجیب جوبرائیل:** یەکەم سزادانی تاوانبارانی رووداوەکان، جەخت لەوەدەکەمەوە کە تا ئێستاش هیچ کام لەو تاوانبارانە نەخراونەتە بنکەیەکی پۆلیسەوە، ئەمە بۆ ئەوەیە گڵۆپی سەوزیان بۆ هەڵکەن تا بەردەوام بن لەسەر تاوانەکانیان، دەستیان بەخوێنی قیبتیەکان سوور بکەن.

**گوڵان:** شۆڕش کاریگەری ئیجابی بۆ باشتر بوونی دۆخی موسڵمانان هەیە یا نا؟

**د. نەجیب جوبرائیل:** شۆڕش رووداوێکی خۆش بوو لەژیانی میسرییەکاندا، بەڵام ئەمە لەسەرەتاکەیدا، دواتر شەرعیەتی تێدا نەما، ئەمەش دوای ئەوەی لەلایەن ئیخوانەوە بەرهەمی شۆڕشەکە دزێنرا، گۆڕییان بۆ شۆڕشی میسری جیهادی، لەپێناو دامەزراندنی خەلافەت.

**گوڵان:** رەفتاری قیبتیەکان پێش شۆڕش بریتی بوو لە گۆشەگیربوون و دوورکەوتنەوە لەکۆمەڵگای سیاسی و پشت بەستنیان بەکڵێسە بۆ چاککردنی کێشەکانیان، بەڵام لەکاتی شۆڕشدا لە رووداوە سیاسیەکان بەشدار بوون ئایا لەو بڕوایەدایت ئەم تەعداکردنانەی دوایی دیسان بیانخاتە پەراوێزەوە؟

**د. نەجیب جوبرائیل:** هیچ کاتێك قیبتیەکان خۆیان گۆشەگیر نەکردووە، ئەوە رژێمە یەك لەدوا یەکەکانی میسرە پەراوێزیان خستبوون، سادات ئەم کارەی کرد و موبارەك هەموو قیبتیەکانی لەیەك تاکە شەخسی وەکو پاپادا کۆدەکردەوە، بەڵام شۆڕش کە هات قیبتیەکانی خستەوە ناو هاوکێشەکەوە، پاپا پێش شێخەکانی ئەزهەر لەپێناوی میسردا دەپاڕایەوە، لەو بڕوایەداین روودانی گۆڕانکاری گەورەتر مەحاڵ نییە بۆ میسر. نابێت نائومێد بین.

**گوڵان:** ئەم رووداوانە واتان لێدەکات بەکۆمەڵ لەمیسر کۆچ بکەن و دەربچن؟

**د. نەجیب جوبرائیل:** نەخێر میسر ماڵی ژیان و مردنمانە

**گوڵان:** چۆن دەستپێشخەرییەکەی شێخی ئەزهەر لەپاڵپشتیکردنی یەکێتی نیشتمانیدا بەناوی ((ماڵی خانەوادە)) هەڵدەسەنگێنێت؟

**د. نەجیب جوبرائیل:** تەنیا دڵنیاییەك لەمیسردا هەبێت لای شێخی ئەزهەرە، ئێمە زۆر خەمخۆری بەرێزیانین، دەیانەوێت بیکەنە ئیخوانی، پێشتریش هێرشیان کردە سەر ئەزهەر و گەر پێیان بکردایە، ئەویشیان دەسووتاند بەڵام ئێمە پاڵپشتین بۆ ئەزهەرو شێخەکانی.

**محەمەد مورسی بێجگە لە ئیخوان موسلمین کەسی تر نابینێت، سەرۆکی میسر بەچاوی یەکسانی تەماشای هەموو هاووڵاتیانی میسر ناکات**

**هەموو هەوڵیان ئەوەیە شێخی ئەزهەر بکەن بە ئیخوان، پێش ئێمە هێرشیان کردە سەر ئەزهەر بیانتوانیایە ئەزهەریشیان دەسووتاند**

**کاترین ئاشتون کۆمیسیاری باڵای یەکێتی ئەوروپا لەسەردانەکەیدا بۆ میسر بەسەرۆك مورسی راگەیاند، لێدانی کاتدرائی کار دەکاتە سەر راگرتنی هاوکارییەکانی یەکێتی ئەوروپا بۆ میسر**

**ئیخوان موسلمین تۆمەتبار دەکەم چونکە ئەوان رەگ و ریشەی توندوتیژی ئاینیان چاندووە، تەنانەت مۆرکی جیاوازی و پارچەپارچە بوونیان لەناو خودی موسڵمانانیش دروست کردووە**

# دەستەبژێر و عەقڵییەتی فەتوا



د. ئاراس عەبدولکەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی

گەر ئەو پرسیارە بکەینە دەستپێک و بڵێین ئایا مەرجە هەر عەقڵێک لە قەناعەتی بڕوابوون بە هەبوون و بەپێویست زانینی هەرجۆرێک لە دەستەبژێرەوە هاتبێ، عەقڵێک بێت کە بە میکانیزمەکانی فەتوا خۆی بینا و ئاراستەبکات؟ ڕەنگە هەر سروشتی حوکمە ڕەهاییەکەی ئەم پرسیارە وابکات دەسبەجێ بە نەخێر وەڵامبدەینەوە، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم ئەگەرچی هەرگیز دانووم لەگەڵ حوکمی ڕەهایانەدا ناگونجێ، بەڵام کاتێک ئەم پرسیارە ئاڕاستەی کۆمەمەڵگای خۆمان دەکرێت، ناتوانم هەروا سانا بڵێم نەخێر. بۆچی؟ ئەم نووسینە هەوڵ دەدات قسە لەسەر ئەو (بۆچی)یە بکات، پاشان هێنانە بەرباسی پرسی ئەوەی کەداخۆ هزری فەتوا لای دەستەبژێر بۆخۆی هزرێکی عەقڵانییە یان ناعەقڵانی؟

ئەگەرچی (فەتوا) بۆخۆی چەمکێکی سەد دەر سەد ئایینییە و دروستتریش بڵێین چەمکێکە لە مەعریفە و فیکری ئیسلامەوە گەیشتووەتە لامان، بەڵام فەتوا لەم باسەدا بەتەنیا تایبەت نییە بە جیهانبینی و دنیاکانی ئایینەوە و هاوشانی ئەو دنیا و نێوەندەکانی سیاسەت و ڕۆشنبیریش دەگرێتەوە. بەشێوازێکی تر بڵێین قسەی ئەم نووسینە لەسەر سێ جۆر دەستەبژێرە لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا کە ئاکتیڤترین کاراکتەرانی نێوەندە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی ئێمەن، ئەوانیش دەستەبژێرانی نێوەندی ڕۆشنبیری و سیاسی و ئایینیین. بەر لەهەرشتێکیش دەبێ ئەوە بڵێم کە بۆچوونەکانم لەسەر ئەم دەستەبژێرانە لەم باسەدا بەشێوەیەکی گشتییە و هەر ئاکامێکیش کە پێیگەیشتبم دەبێ بە ڕەهایی وەرنەگیرێت. چاکە ئاماژەش بەوە بدەم کە جیاکردنەوەی (ڕۆشنبیر) بەو مانایە نییە کە کاراکتەری سیاسی یاخود ئایینی نەشێت ڕۆشنبیر بن، بەڵکو مەبەستم لەو ڕۆشنبیرەیە کە لەدەرەوەی دەستەبژێری سیاسی و ئایینی ئاکتیڤە و سەر بەو نێوەندەیە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە نێوەندی ڕۆشنبیری ناسراوە.

کاتێک دەڵێم عەقڵییەتی فەتوا، مەبەستم لە وێناکردنی شێوازی بیرکردنەوەی زاتییانەی ئەو کاراکتەرەی نێو دەستەبژێرە کە هەرچۆنێک خوێندنەوە بۆ بۆچوون و دیدەکانی بکەیت، سیاسی بێت یان ئایینی یاخود ڕۆشنبیری ناسیاسی و نائایینی، لە سروشتی فەتوایەکدا دێتە بەر دیدە و بۆخۆیشی لە فۆرمی موفتییەکدا وێنا دەبێت. باسەکەش هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی بونیاد و پاڵنەرەکانی پشت ئەو عەقڵەی کە بەبڕوای من بووەتە ستایلێکی باوی عەقڵییەتی ئەو دەستەبژێرانەمان، عەقڵییەتێک کە تەواو بە میکانیزمەکانی فەتوادان خۆی ئاڕاستە دەکات.

ڕامان و لێوردبوونەوەیەکی ئەوتۆی گەرەک نییە تا لە پاڵنەر و فاکتەرە سەرەکییەکەی سروشتی ئەو جۆرە هزرە تێبگەین. قسەکردن لەسەر نەرجسییەت و خۆ بە باڵا بینین تێگەیشتنێکی زۆر ڕووکەشانەیە و خۆبەهەڵەدا بردنە. چونکە ئێمە قسە لەسەر هزر و جۆرە بونیادێک دەکەین کە لەچوارچێوەی مەعریفەیەکی دیاریکراوی خۆیدایە و بەتەنها پاڵنەرە دەروونی و زاتییەکان وەڵامی تەواویان لا نییە، بۆیە دەبێ ڕاستەوخۆ دەست بۆ بونیاد و سیستمی مەعریفی ئەوجۆرە عەقڵییەتە ببەین، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ بە وردیی لە شێوازی دەربڕین و جیهانبینییەکەی وردبینەوە هەتا بتوانین لەو قەناعەتە زاتییە

بگەین کە لەپشت هەر مەبەستێکیەوە راوەستاوە.

(عەلی حەرب) لە (وەهمەکانی دەستەبژێر)دا کە مەبەستی لێی دەستەبژێری رۆشنبیریی عەرەبییە، باس لە وەهمی خۆ بە پێشەنگزانی کۆمەڵگا دەکات. بەڵام سەبارەت بە کۆمەڵگای ئێمە و دەستەبژێرانی، من رەنگە لەوەش زیاتر برۆم و باس لە وەهمی خۆ بە پەیامبەرزانی بکەم، ئەمە ئەگەر لەهەردوو دەستەبژێری ئایینی و سیاسیدا بەو زەقیە نەبێ و هێند تۆخ نەبێت، بەڵام لای دەستەبژێری رۆشنبیریمان بەتایبەت ئەو ناوانەی دیار و تۆخن، زۆر بە زەقی و ئاشکرا دیارە. با جارێ بپرسین کە داخۆ چ مەبەستێک لەپشت شەرعییەتی دەستەبژێرەوە هەیە؟ ئایا ئەم گرووهە مرۆییەی لەواقیعدا جۆرێک لە پلەی باڵاتر لە خەڵکی ئاسایی و چەشنە سەرمایەیەکی مەعنەوی (ناڵێم رەمزی) بەخۆیان رەوا دەبینن، ئەم قەناعەت و بروا بەخۆبوونەیان لەکوێوە هێناوە؟ کەباسەکەمان تایبەت بێت بە دەستەبژێرانی کۆمەڵگای خۆمان، بەبێ هیچ دوودڵییەک دەڵێم ئەگەر جۆرێک لە شەرعیەتی کۆمەڵایەتیش بەو ئامادەبوونەیان درابێت، ئەوا ئەو شەرعییەتە لە بۆشاییەکی گەورەوە هاتووە کە پرۆسەیەکی سەیر لە ناعەقڵانی قۆرخیکردووە بۆخۆی. مەبەستمە بڵێم لەکاتێکدا هەر دەستەیەک وەک دەستەبژێرێک لە سەروو ئاستە کۆمەڵایەتییەکانی هەر کەسێکی ئاساییەوە خۆی بە داینەمۆ و رێکخەر و ئاراستەکەری ژیان و دنیاکانی کۆمەڵگا بێت، بەبێ ئەوەی هیچ دامەزراوەیەکی دەستووری و شەرعی لەو کایەی خۆیدا ئەو ئامادەبوونەی بۆ دەستەبەرکردبێ، ئەوا لەبنەڕەتدا شتێک نەبووە لەفۆرمی هیچ دامەزراوەیەکی لەوجۆرەدا و ئەم بۆخۆی هاتووە ئەو بۆشاییەیەی بە شەرعییەتی خۆی پڕکردۆتەوە و وەک دیفاکتۆیەکی کۆمەڵایەتی خۆی سەپاندووە، هەڵبەتە ئەمەش کاتێک مسۆگەر دەبێت کە ئەم پرۆسەیە پێشینەیەکی هەبووبێت، یان لایەنی کەم هاوچەشنەکانی ئەم دەستەبژێرە پێشتر توانیبێتیان لە ئاستی پێشەنگ و رێبەری کۆمەڵایەتیدا بووبن. دیارە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەتایبەت ئەم مەرجەی دووەمیان هەمیشە لەئارادا بووە، چونکە پێشتر چ پیاوانی ئایینی و چ سیاسەتوانان (شۆڕشگێڕ و سەرکردەکانی شۆڕش) و چ رۆشنبیرانیش رۆڵی ئاکتیڤیان هەبووە و لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی شوێنێکی دیار و ئیعتیبارێکی تایبەتیان هەبووە.

لە راستیدا کێشەی من لەگەڵ ئامادەبوون و نەبوونی دەستەبژێر و شەرعیەتی کۆمەڵایەتی و تەنانەت لەگەڵ فۆرمە باڵاکەشیدا نییە، بەڵکو لەگەڵ خودی ئەو قەناعەتەیە کە لەلای هەر تاکێکی نێو ئەو دەستەبژێرەیە بەوەی کە لەناخی خۆیدا بڕوای وابێت کە ئەم بوونەوەرە لە رەگەزی (سوپەرمان) یان (پەیامبەر) و یان هەر فریادڕەسێکی کۆمەڵگادایە. هەربۆیە کێشەکە لای من بەرلەوەی کێشەیەکی بونیادی بێت لەگەڵ عەقڵیەتی دەستەبژێردا، کێشەیەکی ئەنتۆلۆجییە لەگەڵ خودی کەسایەتی دەستەبژێردا. بەڵام هەر خوێندنەوە و توێکاریی ئەو عەقڵییەتە بۆخۆی گرێکانی پرسە ئەنتۆلۆجییەکەشمان بۆدەکاتەوە، بۆیە ئەم باسە زیاتر بەلای ئەمەی دووەمیاندا دەشکێتەوە. ئەوەی تایبەتیشە بەم جۆرە عەقڵ و جیهانبینییە، بەر لەهەر شتێک نائامادەبوونی گومانە لەلای، واتە بەتەواوی (عەقڵێکی یەقیناوی)یە. ئەم هزرە هەر بەوەوە ناوەستێت کە لەنێو حەقیقەتێکی دیاریکراودا راکشابێت و خەونەکانی کۆمەڵگای پێ تەفسیر بکات، بەڵکو بڕوایەکی تەواوی بەو بونیادەش هەیە کە بە (مەرجەعی حەقیقەت) دەناسرێت، کێشەی گەورە و بگرە بەڵای گەورەش لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە بزانین ئەو مەرجەعی حەقیقەتە خودی خۆیەتی. تا ئێرە ئەگەر لەنێوان هەرکام لە دەستەبژێری ئایینی و رۆشنبیری و سیاسی، پەردەیەکی زۆر تەنک لەنێوانیاندا هەبووبێت، ئەوا لەپاش ئەوەی تارمایی (پیرۆزیی) لەپشت شەرعیەتی مەرجەعی حەقیقەتەوە بەدیار دەکەوێت، ئیدی شتێک نامێنێت ئەو سێ بونیادەی پێ لەیەکدی جیابکەینەوە. لە راستیشدا ئەگەر چاوێکی خێرا بە نووسین و لێدوان و وتارەکانی هەریەک لەو دەستەبژێرانەماندا بخشێنین، بەشێوەیەک میکانیزمی ئاراستەکردنەکانیان وێکدەچن، وەک ئەوەی یەک دەست، یان بڵێم یەک عەقڵ هەموویانی داڕشتبێ، هەڵبەتە هەریەکە و بەپێی تایبەتمەندییەکانی دنیا و کایەی خۆی. ئەگەر لەمیانەی مینبەرێکەوە گوێبیستی تەکفیرکردنی هەر کەس و گرووپێک بووبین لەلایەن هەر پیاوێکی ئایینییەوە، ئەوا لەنێو دەستەبژێری رۆشنبیریماندا بە دەیان فەتوای بەجەهلکردن و بە سەلەفیبوون وەشێنراوە، بەهەمان شێوەش بۆ فەتواکانی نێو دنیای سیاسیمان لە تەخوینکردن. بەبڕوای من سێکوچکەی (تەکفیرکردن) و (تەخوینکردن) و (بەجاهیلکردن) کە لەسیما و کەرەستە دیارەکانی هەرسێ دەستەبژێری ئایینی و سیاسی و رۆشنبیریمانن، سەرەکیترین میکانیزمی بیناکردنی گوتارەکانیانە لە فۆرمی فەتوادا، رەنگە ئەمەش بەوهۆیەوە بێت کە خودی ئەو عەقڵییەتەی کە دەستەبژێری بیناکردووە، لەو دنیا ناعەقڵانییەوە هاتبێت کە پیرۆزیی تەنیا لە حەقیقەتێکدا دەبینێ کە خۆی مەرجەعی بێت و بەس.

کێشەیەک کە بۆ ئەم بابەتە هەمیشە دەمێنێتەوە ئەوەیە کە لەکاتێکدا دەستەبژێرەکان لەنێو کایەی خۆیاندا جۆرێک لە مەعریفە ئاراستە دەکەن (ناڵێم بەرهەمیدێنن کە دەبوو وامگوتبا!)، دەکرێ حوکمی ناعەقڵانیبوونیان بەسەردا بدرێت؟ دەزانم ئاسانترین وەڵامی حازر بەدەست ئەوەیە بڵێین: مەرج نییە هەموو مەعریفەیەک عەقڵانیانە بێت، بەڵام هێشتا بۆ من ئەم وەڵامە لەوە هەژارترە بتوانێت لە بونیادی ئەو عەقڵییەتە حاڵیمان بکات کە هارمۆنییەکی سەیری لەنێوان کەرەستە عەقڵانییەکان و میکانیزمە ناعەقڵانییەکاندا رەخساندووە! بەشێوەیەک کە دەرکەوتنی جۆرێک لە بڕوا و شەرعیەتی عەقڵانیانەی لەخۆگرتووە، لەکاتێکدا سەرلەبەری ئەو ئامادەبوونە بۆخۆی لەمیانەی میکانیزمێکی ناعەقڵانییەوە دەستەبەربووە، کە جەوهەرەکەی سێکوچکەی (پیرۆزی و حەقیقەت و مەرجەع).

رەنگە هەر ئەو هێزە سیحرییەی ئەو سیانەش بێت کە توانای ئەوەی هەبێت ئەو قەناعەتە بۆ (فەتوادان) دەستەبەر بکات، دەنا رەنگە مەحاڵ بوایە بەو شێوە سەیرە هەموو ئالیەتە ئایینییەکانی (حەرام و حەڵاڵ) بێنە نێو دنیاکانی سیاسەت و رۆشنبیریشەوە، بە خۆیان و پەیامبەران و خەلیفە و رەعییەتەکانیانەوە. هەربۆیە لای من بەرلەوەی لەمیانەی میکانیزمەکانی فەتواوە بڕیار لەسەر ناعەقڵانییەتی بیرۆکەی دەستەبژێر لە فۆرمی مەرجەعی حەقیقەتی پیرۆزدا بدەین، هەر بونیادی هزرییانەی دەستەبژێر بۆخۆی لەباشترین حاڵەتدا لە ئیشکالی و قەیرانێکی قووڵی ناعەقڵانیدا نغرۆیە.



**پرۆفیسۆر ئالۆن بن مایەر گەورە تۆژەری سەنتەری کاروبای جیهانیە لە زانکۆی نیویۆرك و تایبەتمەندە لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرۆسەی ئاشتی نێوان عەرەب - ئیسرائیل و تورکیا و سوریا و کورد، هەروەها بێجگە لەوەی وتارەکانی لە رۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهان وەك وۆل ستریت جۆرناڵ و لیمۆندی فەرەنسی و وۆرد پۆلیسی جۆرناڵ و میدل ئیست تایمز بڵاو دەکاتەوە، لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش وتار بۆ هەریەك لە جیرۆسەلیم پۆست و تورکیش ویکلی جۆرناڵ و گۆڤاری گوڵان دەنووسێت، پرۆفیسۆر بن مایەر وەك شرۆڤەوانێکی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر ئاستی جیهان بەردەوام لە کەناڵە جیهانیەکانی وەك NPR، FOX، CNN، PBS، ئەلعرییە و ئەلجەزیرە راو بۆچوونی وەردەگیرێت. بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاراستەی گۆڕانکارییەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر ناوچەکە، گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ پرۆفیسۆر بن مایەر ئەنجامداوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گۆڕانکاریەکی گەورەدا تێدەپەڕێت، ئایا تا چ رادەیەك ئەمە دەبێتە هۆی گۆڕینی ئاراستەی هاوکێشەی سیاسیی ناوچەکە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر گشتگیرە، لێگەڕێن بە باسکردنی ئەمانەی خوارەوە دەست پێبکەم، ئاشکرایە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە قۆناغێکی راگوزەری مێژوویی، یاخود تەنانەت بە ئاڵوگۆڕێکی مێژووییدا تێدەپەڕێت، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك، یەکێك لە هۆکارەکان بریتییە لە بێداربوونەوەی عەرەب، بەهاری عەرەبی، تەنیا رێککەوتنێك نەبوو، بەڵکو دەبوو رووبدات، ئەوەی پێویست بوو بۆ روودانی بریتی بوو لە چەخماخەیەك، چەخماخەکە تونس بوو، و دواتر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵکشا. پێموایە ئێمە تەنانەت لەسەرەتای ئەم راپەڕینەدا نین، باوەڕم وایە بۆ چەند ساڵێك و بگرە رەنگە بۆ چەند دەیەیەك درێژە بکێشێت. ئەوەی ئەم بەهاری عەرەبیە خوڵقاندویەتی، ئەوەیە ناکۆکیەکی تائیفی وروژاندووە، هەروەها هۆشیاریەکی خوڵقاندووە لەبارەی بارودۆخ و نەهامەتی و ئێش و ئازاری خەڵکەوە، کە بۆ ماوەی چەندین دەیە- ئەگەر نەڵێین چەندین سەدە- لە ژێر باری سەرکوتکاریدا بوون. هەروەها هێزی ئایینی هێنایە پێشەوە، هەروەك ئەوەی لە زۆرێك لەم وڵاتانەدا بینیمان. بە هەمان شێوە ترس و لەرزێکی زۆری لە نێو خەڵکی ئەم وڵاتانەدا دروستکردووە، کە هێشتا بۆی هەیە قبوڵکردنی ئەو گۆڕانکاریە مێژووییە رەتبکەنەوە کە روودەدات. لەبەر ئەوەشە کە ئەو ناکۆکیەی لە میسر و عێراق و ئەوەی ئێستا لە سوریا روودەدات، تەنیا نموونەگەلێکن لەبارەی ئەوەی لە داهاتوو و لەسەر ئاستی ناوچەکە-و دوورتر لە ناوچەکە، لە پەیوەندیدا بەم پرسەوە- روودەدات.

*** تا چ رادەیەك گرژی و ئاڵۆزی نێوان شیعە و سوننە دابەشبوون لە ناوچەکەدا دروست دەکات، بە تایبەتی کە دەبینین دوای هەڵکشان و هاتنەئارای پارتە ئیسلامیەکان ئەم گرژیە هاتۆتەئاراوە؟**

- گومان لەوەدانییە، کە ناکۆکی شیعە و سوننە- ئەگەرچی سروشتێکی مێژوویی هەیە-، ئەوا بە شێوەیەك لە شێوەکان بۆ چەندین سەدە ناکۆکیەکی خامۆش بووە، پێموایە شەڕەکەی عێراق- کە جێی داخ بوو- ئاگری ئەم ناکۆکیە دێرینە چەند سەدەییەی هەڵگیرساندەوە. حاڵی حازر ئێران توانای ئەوەی هەیە دەستڕۆشتوویی خۆی لە تەواوی هیلالەکەدا بچەسپێنێت، ئەو هیلالەی لە کەنداوی فارسەوە بەرەو دەریای سپی ناوەڕاست. لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا عێراق لەسەر سینیەکی زێڕ پێشکەش بە ئێران کرا. بە دڵنیاییەوە ئێران دەستڕۆیشتوویەکی زۆری هەیە لەسوریا و هەروەها لوبناندا. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە سوریا بۆتە گۆڕەپانی شەڕی نێوان شیعە و سوننە، دەبێت ئەم راستیەمان لە یاد بێت. ئەم شەڕەش لە سنوری سوریا تێدەپەڕێت، چونکە ئەوەی دەیبینین، ئەوەیە تورکیا و سعودیە و میسر، دەوڵەتگەلێکی سوننەن و شەڕی هەژموون دەکەن لە ناوچەکەدا، روونە کە دوژمنە هاوبەشەکەیان ئێرانە، ئەگەرچی بە ئاشکرا و بە راشکاوی دان بەمەدا نانێن. لەبەر ئەوە پێموایە ناکۆکی شیعە و سوننە لە سەرەتا و لە دەستپێکدایە و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام دەبێت. تا ئەو کاتەی ئێران لە هەوڵەکانی بەردەوام بێت بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناووکی بۆ قایمکردنی هەژموون و دەستڕۆیشتوویی خۆی لە ناوچەکەدا، ئەوا ناسەقامگیری ناوچەیی، یان ناکۆکی نێوان شیعە و سوننە بۆ چەندین ساڵی دیکە لە هەڵکشانی بەردەوامدا دەبێت.

*** تا چ رادەیەك ئەلقاعیدە دەتوانێت سوود لەم بارودۆخی ناسەقامگیر و پڕ لە پشێویە وەربگرێت، بەتایبەتی کەبوونی هەیە لە عێراق و سوریا و لیبیا و یەمەندا؟ واتە تا چ رادەیەك ئەگەری ئەوە هەیە ناوچەکە بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ئەم رێکخراوەوە؟**

- گومان لەوەدانییە کە ئەلقاعیدە لە هەموو ئەو وڵاتانەدا بووە- کە ئێوە ئاماژەتان پێکردن- و چالاکیان هەبووە. بەدڵنیاییەوە لە عێراقدا چالاك بوون و ئێستا لە سوریادا چالاکن و پێشتر و ئێستاش لە یەمەندا چالاکن، هەروەها لە لیبیا و بە دڵنیاییەوە لە شوێنەکانی دیکەش. کەواتە کاریگەری ئەلقاعیدە، یاخود چالاکیەکانی و بە دیاریکراوی چالاکیە تیرۆریستیەکانی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام دەبن. ئەوەی پێویستە بکرێت ئەوەیە هاوکاریەکی ئەمنی تەواو لە نێوان وڵاتە عەرەبیە جیاوازەکان و وڵاتانی رۆژئاوادا بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەلقاعیدە تەنیا زیان بەم وڵاتانە ناگەیەنن، بەڵکو

ئالۆن بن مایەر لە زانکۆی نیویۆرک بۆ گوڵان:

# سوریا بۆتە گۆڕەپانی شەڕی مەزهەبی نێوان شیعە و سوننە ئەم شەڕەش لە سوریا تێدەپەڕێت و دەوروبەریش دەگرێتەوە

هەوڵی زیانگەیاندن بە ئەمریکا و رۆژئاواش دەدەن، کەواتە ئەوەی پێویستە، بۆ بەرگرتن لەم بەرفراوانبوونەی تیرۆریزمی ئەل قاعیدە، هاوکاری زیاترە لە نێوان هێزە رۆژئاواییەکان و ئەم وڵاتانەدا، ئێستا بەرادەیەك ئەم هاوکاریە لە ئارادایە، بەڵام دەبێت زیاتر بکرێت بۆ ئەوەی ئەل قاعیدە لاواز بکرێت.

*** شارەزایان و چاودێران پێشبینی ئەوەیان دەکرد سعودیە و قەتەر و تورکیا رۆڵێکی بنەڕەتی ببینن لە سەقامگیرکردن و چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکەدا، بەڵام بەهۆی گرفتەکانی نێوان تورکیا و ئیسرائیلەوە، هەوڵەکەیان سەرکەوتوو نەبوو، حاڵی حازر پەیوەندیەکانی ئەو دوو وڵاتە بەرەو ئاسایی بوونەوە دەچن، ئایا تورکیا تا چ رادەیەك دەتوانێت رۆڵی هەبێت لە بارودۆخی مەترسیداری ناوچەکەدا؟**

- تورکیا هێزێکی گەورە و گرنگە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام دەستڕۆیشتوویی لە ناوچەکەدا سنووردارە، لەبەر ئەوەی دەوڵەتە عەرەبیەکان خوازیاری دووبارەبوونەوەی رۆژگاری عوسمانی نین، چونکە هێشتا ئەوان ئەو رۆژگارەیان لە یادە و نایانەوێت دووبارە ببێتەوە، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم ئەوەیە، هێشتا تورکیا میسداقیەتێکی بەهێزی دروست نەکردووە، وەك دەوڵەتێکی دیموکراتی و موسڵمان، کەواتە هێشتا دژیەکی هەیە و مۆدێلێکی راستەقینەی پێشکەش نەکردووە بۆ ئەو وڵاتانەی حاڵی حازر شۆڕشیان تێدا کراوە. خاڵی سێیەم، ئەوەیە تورکیا تموحی ئەوەی هەیە ببێتە -وڵاتی- خاوەن هەژموون لە ناوچەکەدا. و تاوەکو دژواری لە پەیوەندیەکانیدا هەبێت لەگەڵ ئیسرائیلدا، هەروەها ئێمە نازانین چ لە سوریادا روودەدات، چونکە ئەمە کاریگەریەکی زۆری دەبێت لەسەر تورکیا. هەروەها تاوەکو تورکیا بە تەواوەتی کار نەکات، یان هاوکاری نەکات و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی کورد نەدات لەناو خودی تورکیادا، ئەوا ئەم کێشانە خەو لە تورکیا دەزڕێنن. لەبەر ئەوە کار و کۆششێکی زۆر لەبەردەم تورکیادایە بۆ ئەوەی کێشەی کوردی وڵاتەکەی چارەسەر بکات، و کار لەگەڵ ئەمریکا و هێزەکانی دیکە بکات، بۆ لە قاڵبدانی دەرئەنجامی ئەو شەڕە تائیفیەی لە سوریادا روودەدات، یاخود بەلای کەمەوە کاریگەری هەبێت لەسەر ئەو دەرئەنجامە. و بە هەمان شێوە و بە وریاییەوە رەچاوی مافەکانی کوردی سوریا بکات. کەواتە روونە تورکیا یاریزانێکی گەورەیە، و کێشەی کورد لە ناوچەکەدا وا لە تورکیا دەکات دووبارە بیر لە هەڵوێستی خۆی بکاتەوە لەم رووەوە، و دەست بە پرۆسەیەکی جددی بکات و لە سەرەتادا بە کوردی تورکیا دەست پێبکات و بە چەشنی تورکەکانی دیکە، تەواوی مافەکانیان بۆ دابین بکات. پێویستە ئەمە رووبدات، تاوەکو تورکیا ئەمە نەکات، ئەوا پێگەی لە ناوچەکەدا جێگیر نابێت.

*** لە عێراقدا کوردەکان هەرێمێکی فیدراڵیان هەیە و لە سوریادا کۆنترۆڵی خاکی خۆیان دەکەن و لە تورکیا پرۆسەی ئاشتی دەستی پێکردووە، ئایا تا چ رادەیەك ئەمانە دەبنەهۆی چارەسەربوونی کێشەی کورد لە ناوچەکەدا؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، کێشەی کورد کێشەیەکی ئاڵۆزە، و رۆڵی تورکیا زۆر گرنگە، لەو رووەوە کە ژمارەیەکی گەورەی کوردەکان لەو وڵاتە هەن و وەك گەلی تورکیا لە تورکیادا دەژین، و پەیوەندیەکی باشیان هەیە لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا، کە خاوەنی هەرێمێکی (خۆبەڕێوەبەرین). ئاشکرایە تورکیا نیگەرانە لەوەی کوردی تورکیا یان سورریا هەوڵی ئەوە بدەن هاوشێوەی کوردەکانی عێراق حکومڕانیەکی خۆبەڕێوەبەری بەدەست بهێنن. لەبەر ئەوە ئەگەر تورکیا دەیەوێت رێگری بکات لەوەی کوردی تورکیا و هەروەها سوریاش هەوڵی بەدەستهێنانی ئەم ئۆتۆنۆمیە نەدەن- و رەنگە لە کۆتاییدا بیر لە دەوڵەتی کوردستانی گەورەش بکەنەوە، کە وڵاتی هەموو کوردەکانە لە ئێران و عێراق و تورکیا و سوریادا-، ئەوا دەبێت کار و کۆششی سەخت بکات بۆ ئەوەی لە هەموو روویەکەوە مافی یەکسان بە کوردەکانی تورکیا بدات، هەروەها پشتیوانی کوردەکانی سوریاش بکات بۆ ئەوەی وەك مرۆڤ مافەکانی خۆیان بەدەست بهێنن. ئەو کاتە دەتوانێت رۆڵێکی زۆر گرنگ ببینێت، بەڵام دەبێت ئەو راستیە قبوڵ بکات، کە پێویستە بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ کورددا بکرێت و دەبێت دەرفەت بە کورد بدرێت بە زمانی خۆیان قسە بکەن و قوتابخانەی خۆیان هەبێت و بە چەشنی خەڵکی دیکە بواری بۆ بڕەخسێنرێت، ئەگەر تورکیا بەم ئاڕاستەیەدا کار نەکات، ئەوا لە داهاتوودا دووچاری چەندین کێشە دەبێتەوە.

**تورکیا هێزێکی گەورە و گرنگە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کێشەی کورد لە ناوچەکەدا وا لە تورکیا دەکات دووبارە بیر لە هەڵوێستی خۆی بکاتەوە و دەست بە پرۆسەیەکی جددی بکات**

**رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە قۆناغێکی راگوزەری مێژوویی، یاخود تەنانەت بە ئاڵوگۆڕێکی مێژووییدا تێدەپەڕێت، بەهاری عەرەبی ناکۆکیەکی تائیفی وروژاندووە**

# ئاک پارتی و پەکەکەو پارتی دیموکراتی کوردستان

**سـەرەڕای ئەو کەلێنـە گەورەیەی کە جیهانبینی ئاك پارتی و پەکەکـە لێکجیا دەکاتەوە، پێدەچێت بەم دواییە ئەم دوولایەنە لەسـەر پلانی ئاشتی ڕێککەوتبێتن. بە دڵنیاییەوە زۆرێك لە بڕگەکانی پلانەکە، بە تایبەتی ئیلتیزامی حکومەتی تورکیا لە ئاسـت کوردەکاندا، وەك ئیلتیزامێکی تەم و مژاوی ماونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشـدا، یەکەم قۆناغی «ڕێگای ئاشتی» تەواو روونە: میلیشاکانی پەکەکە لە تورکیاوە بۆ عێراق بکشێنەوە و خەباتی چەکداریان دژی ئەنقەرە رابگرن. کاتێك من ئەم وتارە دەنووسم، ئەوا بەرنامەکە ئەوەیە، ئەم پرۆسەیە لە دوایین هەفتەی مانگی نیساندا دەست پێبکات.**



## دەیڤید رۆمانۆ*

*ماڵپەڕی جارێك تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

سـەرۆك وەزیرانی تورکیا، رەجـەب تەییب ئەردۆغان و حکومەتەکەی کە ئاك پارتی (پارتی داد و گەشەپێدان) سەرۆکایەتی دەکات، وەك جەمسەرێکی دژ دەردەکەوێت لەبەرامبەر عەبدوڵا ئۆجەلان و پارتەکەی، پەکەکە(پارتی کرێکارانی کوردسـتان). مەبەسـتم لەوە نییە ئاماژە بە ناسـیونالیزمی تورك لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی کوردیدا بکەم، یاخود نیەتی ئەوەم نییە تەرکیز لەسەر کەسایەتی ئەو سـەرکردانە بکەم- هەم ئەردۆغان و هەم ئۆجەلان کە کەسایەتیەکی بەهێزی دیاری کراوی خۆیان هەیە بەلای لایەنگرانیانەوە. هەروەها پۆلێنە سیاسـیەکانیش بخەینە ئەو لاوە، وەك «تیرۆریست، و «تیرۆری دەوڵەت».

لەبـری ئەوە، پێویسـتە فەلسـەفەی بنەڕەتی هەردوو لایەنەکە لەبەرچـاو بگرین. ئاك پارتی سیاسـەتێکی ئیسـلامی نییە، بەڵکو پتـر سیاسـەتێکی ئایینی و کۆمەڵایەتـی موحافیـزکاری هەیـە. لـە روانگەی تێڕوانینـە ئابووریەکانیانەوە، تەنیا دەکرێت بەوە وەسـف بکرێن کە راستی ناوەند(راستی میانڕەوە)- کە پشتیوانی بـە تایبەتکـردن، و بەرژەوەندی کار و سـەرمایەداری بازاڕی ئازاد دەکەن. کەواتە نابێت جێی سەروسـوڕمان بێـت کە بەڕێز ئەردۆغـان و پارتەکەی، ئاك پارتی، بە تەواوەتـی دەگونجێن لەگەڵ رۆژئاوادا، کە بە گشـتی ئەو تێڕوانینەیان هەیـە کە دەڵێت «ئەوەندەی پێتدەکرێت لە رووی ئایینی و کۆمەڵایەتیەوە موحافیزکاربە، -هیچ گرفتێکمان لەگەڵ ئەمەدا نییە-، تا ئەوکاتەی ئامادەیت کارمان لەگەڵدا بکەیت.»

بـە پێچەوانەوە، پەکەکە لە تورکیـادا باڵێکی رادیکاڵە. بزووتنەوەکە، بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخواز و عەلمانیە، تا ئەو ئاستەی کە چەك بداتە دەستی ئافرەتە جەنگاوەرەکان و رزگارکردنـی جێندەری وەك بەشـێکی پێویسـت لە رزگاربوونـی نەتەوەیی دادەنێت. ئـەوەی پەیوەندی بە ئابووریەوە هەبێت، پەکەکە دەسـتی لە تیۆرە مارکسـیە بنەڕەتیەکـەی هەڵگرتووە، بەڵام لـە رووی عەمەلیەوە ئـەم کارەی نەکردووە. «ئۆتۆنۆمـی دیموکراتی»، کە ئێستا ئەم ڕێکخراوە پشـتیوانی لێدەکات، دروستکردنی جڤاتـی مەحەلـی لەخۆدەگرێت کە سـەربەخۆبن لە بونیادی بازاڕی سەرمایەداری. ئەم جڤاتانە خاوەندارێتی گشـتی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانیان هەبێت و خۆیان لە ئیسـتبدادیەتی بازاڕ و ئاڵوگۆڕی سەرمایەداری لابدەن کە سروشتێکی ئیستیغلالکردنی هەیە. کەواتە جارێکی دیکە نابێت جێی سەرسوڕمانێکی گەورە بێت کە رۆژئاوا، و بە تایبەتی ئەمریکا شـتێکیان ناوێت کە پەیوەندی بە پەکەکە و کۆمۆنیزمە دووبارە پۆلێنکراوەکەیەوە هەبێت.

سـەرەڕای ئەو کەلێنە گەورەیەی کـە جیهانبینی ئاك




پارتی و پەکەکە لێکجیا دەکاتەوە، پێدەچێت بەم دواییە ئەم دوولایەنە لەسەر پلانی ئاشتی رێککەوتبێتن. بە دڵنیاییەوە زۆرێك لە بڕگەکانی پلانەکە، بە تایبەتی ئیلتیزامی حکومەتی تورکیا لە ئاست کوردەکاندا، وەك ئیلتیزامێکی تەم و مژاوی ماونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، یەکەم قۆناغی «رێگای ئاشتی» تەواو روونە: میلیشاکانی پەکەکە لە تورکیاوە بۆ عێراق بکشێنەوە و خەباتی چەکداریان دژی ئەنقەرە رابگرن. کاتێك من ئەم وتارە دەنووسم، ئەوا بەرنامەکە ئەوەیە، ئەم پرۆسەیە لە دوایین هەفتەی مانگی نیساندا دەست پێبکات. ئەو پشتیوانانانەی پەکەکە، کە لە تورکیادا ماونەتەوە، لە نێو مەسەلەکانی دیکەدا، چاوەڕوانی ئەوە دەکەن ئەنقەرە پابەند بێت بە ئیلیتزاماتەکانی خۆیەوە، بە شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتی حکومەت بۆ ئیدارە مەحەلیەکان-کە رێگا بە شارەوانیەکان دەدات، لە شوێنەکانی وەك دیاربەکر، هەکاری، و شێرناخ، کە هەنگاو بەرەو «ئۆتۆنۆمی دیموکراسی» بنێن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەمە تا چ رادەیەك، چەند بەشێکی تورکیا دەخاتە حاڵەتێکەوە، کە نەگونجێت لەگەڵ تێڕوانین و ناسنامەی ئاك پارتیدا، ئەوا من گومانم هەیە لەبارەی ئەوەی چەند ئەگەری ئەوە هەیە بەڕێز ئەردۆغان رێگا بەمە بدات.

لەگەڵ ئەوەشدا، پرسیارێکی گەورەتر ئەوەیە، کە پەیوەستە بەوەی میلیشیاکانی پەکەکە چارەنووسیان چی دەبێت کاتێك تورکیا جێدەهێڵن. ئەوان بۆ هەر شوێنێکی عێراق ناچن، بە دڵنیاییەوە ئەوان دەچنە هەرێمە خاوەن ئۆتۆنۆمیەکەی کوردستانی عێراقەوە. بە رەچاوکردنی ئەوەی تاکەی دەمێننەوە و خۆیان وێنای چ ئایندەیەك بۆ خۆیان دەکەن (نابێت وەك ئەوەی هەندێ کەس پێیانوایە رێگایان پێبدرێت زوو بگەڕێنەوە بۆ تورکیا)، ئەوا کێشەی مەترسیدار سەرهەڵدەدات.

بە دڵنیاییەوە پارتی سیاسی باڵادەست لە کوردستانی عێراقدا بریتییە لە پارتەکەی مسعود بارزانی، پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەوەی سەیرە، ئەوەیە پارتی خاڵی هاوبەشی لەگەڵ ئاك پارتیدا زیاترە وەك لەوەی لەگەڵ پەکەکەدا هەیبێت. بە چەشنی ئاك پارتی، پارتی لەگەڵ سەرمایەداری و موڵکداری تایبەت و بزنسدایە(تەنانەت بە رادەیەکی زۆریش، هەروەك هەندێ لە رەخنەگرەکانی باسی دەکەن.) پارتی ریشەیەکی بەهێزی هەیە لە نێو کۆمەڵگەی کوردستانی عێراقدا، کە کۆمەڵگەیەکی تەقلیدی و موحافیزکارە. ئەمە لە کاتێکدا بە دڵنیاییەوە پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتێکی سیاسی عەلمانیە، هەستیارە ئایینیەکانی موسڵمانان بەشێکی زۆریی ئەو یاسایانە پێکدەهێنێت کە لە یاسادانەرەکانی سەرچاوە دەگرن-بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە یاسایی پاراستنی پیرۆزیەکان، و کۆت و بەندەکانی پەیوەست بە سووکایەتیکردن بەو نۆرمە ئیسلامیانەوە هەیە کە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ناو خەڵکدا بوونیان هەیە.

بە رەچاوکردنی هەموو ئەوانە، ناتوانم وێنای ئەوە بکەم بەڕێز بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان حەماسێکی زۆریان هەبێت بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی پەکەکە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بمێننەوە، یاخود بە رادەیەکی گەورە ئاوێتەی کۆمەڵگەی کوردی عیراق بن. بە دڵنیاییەوە، میوان و بە تایبەت ئەوانەی لە رووی ئیتنیەوە هاوشێوەن، شایستەی میوانداری و پێشوازی لێکردنن، بەڵام لە کۆتاییدا رەنگە خاوببنەوە لە پێشوازیکردنیان.

*** ئوستادی سیاسەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزوری**


**زۆرێک لە ئیلتیزاماتەکانی حکومەتی تورکیا لە ئاست کوردەکان کە لە پلانی ئاشتی لەسەری رێککەوتوون بە تەمومژاوی ماونەتەوە**

**پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتێکی سیاسی عەلمانیە، هەستیارە ئایینیەکانی موسڵمانان بەشێکی زۆریی ئەو یاسایانە پێکدەهێنێت کە لە یاسادانەرەکانی سەرچاوە دەگرن**

# ئێمە چی دەبەخشین و لەبەرامبەردا چی بەدەست دەهێنین؟

**هەر لە دەستپێکەوە، کۆماری تورکیا هەرگیز وەك پێویست هەستی بە ئارامی نەکردووە، ئەویش بەهۆی ئەو دوژمنە راستەقینە یان دروستکراوانەوە کە لەلایەن بەرپرسە رەسمیەکانەوە رادەگەیەنرا، ئەوانەی خوازیاری ئەوەبوون دەوڵەت بکەنە دەزگایەکی ئەمنی و سوپاش جەوهەری ئەو دەزگایە پێکبهێنێت. شیوەنکردن بۆ دۆڕانەکان بەهۆی خەباتی بەردەوامەوە دژی ئەم «دوژمنانە» زیندو راگیرا. ئەوەی ئێمە پێیی دەڵێین نیشـــانەکانی ســـیڤەر، لە راستیدا بریتییە لە ترسێکی بەردەوام لەوەی هەمان چارەنووسی دەوڵەتی عوسمانی چاوەڕوانی کۆمارەکە بکات. ئێمە بووینەتە دیلی ترسی هەڵوەشاندنەوە یان پارچە پارچە بوون.**

دۆغو ئەرگیل*
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت



پرۆفیسۆر ئیرۆل گۆکای دەروونناس، باوەڕی وایە کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی زیانپێگەیشتوو و تاساوە و توانای سارێژکردنی برینەکانی نییە. مەبەستی ئەو، ئەوەیە کە تورکیا ماڵی خەڵکانێکی جیاوازە کە لە پرۆسەی جەنگی جیهانی یەکەمدا دووچاری تاسان هاتوون و هێشتا شیوەنی ئەوە دەکات کە بەسەریدا هات، کاتێك لە ماڵ و حاڵی خۆیان هەڵکەنران و ئەو ئازار و تاسانەی دووچاری خەڵکانی دیکەیان کرد کاتێك لە ئەناتۆلیا جێگیر بوون لە رۆژگاری لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا.

لە راستدا کارێکی قورسە باری گرانی هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتێکی گەورە بەسەر شانتەوە بێت. دەبێت هۆکارەکانی بەزینەکە لێکبدرێتەوە. لەدەستدانی وڵات لە بەلقان، و قەوقازیای باکوور، و چەند بەشێك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دورگەکانی دەریای سپی ناوەڕاست بە مانای لەدەستدانی رابردوو و وڵات دێت. لە رووی ئایدۆلۆجیەوە شکستەکە بەو پاساوە پارسەنگ دەدرایەوە کە «لە نێو نەتەوە کۆلۆنیاکراوەکاندا، ئێمەی تورك یەکەم نەتەوە بووین سەرکەوتووانە شەڕی سەربەخۆیی خۆمان کرد.» بە پێچەوانەوە تورکیا وەك ئیمپراتۆریەتێك چووە نێو شەڕێکی مەزنەوە و لە چەندین بەرەی جیاوازدا کە بەسەر سێ کیشوەردا بڵاوبوونەوە.

ئەو خەڵکە موسڵمانەی ناچار بوون وڵاتەکەیان جێبهێڵن، ماڵ و موڵکی زەوتکراو، ستەملێکراو و بە قوربانیکراو بوون و بەهۆی کوشتارگەی بەرنامەدارێژراوەوە ژمارەیان کەمبۆوە. جوڵەیان پێکرا بۆ ئەوەی تورکیا پێکبهێنن. ئەوان غەیرە موسڵمانەکانی ئەناتۆلیا وەك جێگرەوەی ئەو خەڵکانە سەیرکرد کە کاری ریشەکێشکردنیان ئەنجام دابوو و تووشی ئێش و ئازاریان کردبوون. ئەوان هاوکاری حکومەتیان کرد لە پرۆسەی ئاوێتەکردن(بە تورککردن) و پاکتاوکردنی ئەناتۆلیا. بەو شێوەیە قەرەبووی ئەو تاسان و ئازارەیان کردەوە کە لە رابردووی نزیکدا دووچاری هاتبوون. هەرچۆنێك بێت، ئەمە بارێکی گرانە بەسەر شانتەوە بێت. لەبەر ئەوە پرۆسەکەیان پێچەوانە کردەوە و غەیرە موسڵمانەکانی ئەناتۆلیایان بە ناپاك لەقەڵەمدا و شەرعیەتیاندا بەو مامەڵەکردنەی کە لەگەڵیاندا پیادەیان کرد، کە سەری کێشا بۆ راگواستنیان یاخود بۆ گۆڕینی ئایینەکەیان. بەوە شەرعیەت درا بەو هەڵسوکەوتە زبرە کە ئەوانە دوژمنن و مایەی هەڕەشەیەکی روون و دەم و دەستن.

هەر لە دەستپێکەوە، کۆماری تورکیا هەرگیز وەك پێویست هەستی بە ئارامی نەکردووە، ئەویش بەهۆی ئەو دوژمنە راستەقینە یان دروستکراوانەوە کە لەلایەن بەرپرسە رەسمیەکانەوە رادەگەیەنرا، ئەوانەی خوازیاری ئەوەبوون دەوڵەت بکەنە دەزگایەکی ئەمنی و سوپاش جەوهەری ئەو دەزگایە پێکبهێنێت. شیوەنکردن بۆ دۆڕانەکان بەهۆی خەباتی بەردەوامەوە دژی ئەم «دوژمنانە» زیندو راگیرا. ئەوەی ئێمە پێیی دەڵێین نیشانەکانی سیڤەر، لە راستیدا



بریتییە لە ترسێکی بەردەوام لەوەی هەمان چارەنووسی دەوڵەتی عوسمانی چاوەڕوانی کۆمارەکە بکات. ئێمە بووینەتە دیلی ترسی هەڵوەشاندنەوە یان پارچە پارچە بوون.

بە داخەوە هیچ نەتەوەیەك ناتوانێت ئێش و ئازارەکانی کۆتایی پێبێنێت ئەگەر راستگۆیانە رووبەڕووی واقیعەکانی رابردوو و ئێستا نەبێتەوە. ئەو ئێش و ئازاری بەهۆی شەڕی سی ساڵەی براکوژیەوە دووچاری بووینە، بۆتە هۆی ئەوەی نەتوانین حوکمێکی دروست لەسەر ئەو بارودۆخەی ئێستا بدەین کە دەگوزەرێت. دەرفەتێکی ئاشتی هاتۆتەپێشەوە بۆ ئەوەی کۆتایی بەو ئێش و ئازارە بەردەوامە بهێنین. بە داخەوە هەندێ لەو خەڵکانەی ئێش و ئازارەکانیان کردۆتە هۆکاری بوونیان، بەرهەڵستی ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە دەکەن، ئیتر ئاگایانە بێت یان بێئاگایانە. دوو پرسیار هەیە کە دەیشارنەوە: ئایا ئێمە چی دەبەخشین؟ و لەبەرامبەردا چی وەردەگرین؟ ئەوان لەو راستییە تێناگەن کە هەردوو لایەنی ناکۆکیەکە هاوولاتی هەمان ولاتن. ئەوان نە هیچ بە یەك دەبەخشن و نە هیچ لە یەك وەردەرگرن. بەڵکو لەبری ئەوە پێویستە هەمان ماف و ئازادی و خۆشگوزەرانی و عەدالەتیان هەبێت کە سیستمەکە بۆیان دابین دەکات.

بۆچی تێگەیشتن لەمە ئەوەندە قورسە؟


هەرچۆنێك بێت، هێشتا ئەم پرسیارە ژەهراویانە دەکرێن. رەنگە کەسێك لەبەرامبەردا بە پرسیارێکی پێچەوانە وەڵامیان بداتەوە: «ئێوە لە ماوەی سی ساڵی شەڕی براکوژیدا ئەم پرسیارەتان نەکردووە، بۆچی ئێستا دەیکەن؟ بەڵام ئەگەر مەسەلەکە بەو شێوەیە سەیر دەکەیت کە چی بەخشراوە و چی وەرگیراوە، ئەوا با ئەم حساباتە بکەین: ئێمە خوێنمان بەخشیوە و خوێنمان وەرگرتووە، ئێمە «شەهیدمان» بەخشیوە و گیانی «چەکدارانی یاخیمان» لە ناوبردووە، ئێمە بۆردومانی ئاسمانیمان کردووە و لەبەرامبەردا کەوتوینەتە بۆسەوە، ئێمە ئۆپەراسیۆنمان لەودیو سنوورەکانەوە ئەنجام داوە و لەبەرامبەردا هێرشکراوتە سەر دامەزراوە و فەرمانبەرە حکومیەکان، ئێمە ئابلۆقەی گوندەکانمان داوەو چۆڵمان کردوون و لەبەرامبەردا ژمارەیەکی زیاتر میلیشامان لە دژی خۆمان دروستکردووە، بە هەزاران تیرۆریستمان لە ناوبردووە و لەبەرامبەردا ژمارەیەکی زیاترمان خوڵقاندووە، ئێمە کاری گەمارۆدان و ئیحیتواکردنمان ئەنجامداوە و لەبەرامبەردا شارەکانمان بۆردومانکراوە.

ئەحمەت هەقان بەم شێوەیە ئەم پرسیارە وەڵام دەداتەوە (حوریەت، ٢٧ی نیسان): « ئێمە خوێن، و مەرگ و بۆسە و رقمان بەخشیوە، لەبەرامبەردا مرۆڤدۆستی، ئاشتی، برایەتی و ئومێدمان چنیوەتەوە. ئایا بارزگانییەکی دیکە هەیە قازانجی لەمە زیاتر بێت؟ ئایا لەوە زیاتر چی دیکە هەیە بووترێت؟

---

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

# سیڤەرو لۆزان و دەوڵەتی کوردی



فەرید ئەسەسەرد

بۆ گوڵان دەینووسێت

**دۆغۆ ئەرگیل دەڵێ سیڤەر مافی پێکهێنانی دوو دەوڵەتی بەتەنیشت یەکەوە بەکورد و ئەرمەن داوە. ئەرمەنستانی پێشنیارکراو کە ئەمریکا بەتەما بوو ببێتە ماندێتەری، لەرووبەردا زۆر لە کوردستانی باکوور گەورەتر بوو، بەڵام ژمارەی دانیشتوانی ئەرمەنی زۆر کەم بوو. کورد، بەگوتەی ئەرگیل لەساڵی ١٩١٥دا لەئاکامی پرۆسەی جینۆسایدکردنی ئەرمەنەکاندا دەستی بەسەر موڵك و ماڵ و زەویی ئەرمەنەکاندا گرتبوو. بۆیە ئەگەر ئەرمەنستانی پێشنیارکراو دابمەزرایە، دەبووایە هەموو ئەو موڵك و ماڵ و زەوییانە بگێڕنەوە بۆ ئەرمەن و ژمارەیەکی زۆریشیان ببنە هاووڵاتیی دەوڵەتی مەسیحیی ئەرتۆدۆکس. بەرەچاوکردنی تین وتاوی فاکتەری ئاینی لەو سەردەمەدا، ئەم مەسەلەیە بۆ کوردی تورکیا وەك مۆتەکە وابوو. بۆیە بەدرێژایی ماوەی ١٩٢٠- ١٩٢٣ هیچ جموجوڵێکی کوردایەتی بۆ جێبەجێکردنی سیڤەر نەهاتە ئاراوەو کورد ئەوەندەی کە بەتەنگ پوچەڵکردنەوەی پرۆژەی دەوڵەتی ئەرمەنستان و پشتگیری کردنی بزووتنەوەی کەمالیستی بووە، ئەوەندە بەتەنگ جێبەجێکردنی پەیمانی سیڤەر نەبووە. ئەوەی دروستیی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێ ئەوەیە کە لە کۆنگرەی ئەرزرۆم کورد هاوپەیمانیی لەگەڵ کەمالیستەکاندا دروست کردو دواتر مستەفا کەمال بەخوێنی جەنگاوەرانی کوردو تورك سەرکەوتنە گەورەکەی سەقاریای بەسەر یۆنانەکاندا بەدەست هێناو بناغەی کۆماری تورکیای دانا.**

پرۆسەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە تورکیا سەرباری ئەوەی کە هەموو تورکیای سەرقاڵ کردووە، جوڵانەوەیەکی کەلتوریشی لەسەر بنەمای ناسینی مەسەلەی کورد هێناوەتە ئاراوەو تەنانەت هەندێ بۆچوونی تازەشی سەبارەت بەمێژووی پەیوەندییەکانی کوردو تورك وروژاندووە. ئەم جوڵانەوەیە چەند بۆ راستکردنەوەی میتۆدی بیرکردنەوەی تورك پێویستە، ئەوەندەش بۆ پێداچوونەوەی مێژووی سیاسیی کورد و راستکردنەوەی چەوتییەکانی پێویستە.

لەچاوپێکەوتنێکی ئەم دواییەی رۆژنامەی «تودەی زەمان» لەگەڵ پرۆفیسۆری بواری سۆسیۆلۆژیای سیاسی دۆغو ئەرگیل، چەردەیەك بیرورا نمایش کراون کە پێویستیان بەتێرامانە. ئەرگیل راڤەی جیاوازی بۆ مێژوو هەیەو لەو بڕوایە دایە کە کورد لەماوەی ١٩٢٠- ١٩٢٣دا دژی پەیمانی سیڤەر بووەو بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە

هیچ هەنگاوێکی بۆ دروستکردنی دەوڵەت نەناوە. مەسەلەی هەڵوێستی کورد بەرامبەر بەدوو پەیمانەکەی سیڤەر (١٩٢٠) و لۆزان (١٩٢٣) مەسەلەیەکی تارادەیەك ئاڵۆزە. ئەوەی کە مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەکا، ئەوەیە کە نەوەی ئەمڕۆی کورد بەچاوێکی جیاواز لەنەوەی ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەم سەیری هەردوو پەیمان دەکا. دیارە هۆی جیاوازیی تێڕوانینەکە زۆرتر پەیوەندیی بەئاستی هەستی ناسیۆنالیستییەوە هەیە لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. زەمان ڕۆڵی لەگۆڕینی تێڕوانینەکاندا هەیە. لەسەردەمی سیڤەر و لۆزاندا، تازە کوردایەتی سەری هەڵدابوو. ئەمەش وایکردبوو کوردایەتییەکی لاوازو شێواو و ناوچەیی و پڕ کەموکوڕی لەئارادا بێ. بەڵام کوردایەتیی ٢٠ ساڵ پاش لۆزان، باسك ئەستوورتر و خەملیوتر و ڕۆشنترە.

ئەرگیل لەڕوانگەی شۆڤێنیستییەوە بۆ مەسەلەکە ناچێ و بەهۆی ئەمەوە ناتوانین، وەك ڕاهاتووین، تۆمەتی شۆڤێنیستیی بخەینە پاڵ. ئەرگیل لە تورکیا بەدۆستی کورد دەژمێردرێ و لەم پرۆسەیەی ئێستای ئاشتیش بەئەندامێکی کۆمیسیۆنی دانایان هەڵبژێردراوە. بۆچوونەکەی لەم بارەیەوە پرسیارێك لەبەردەممان قوت دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە کە ئایا کوردی عێراق و تورکیا دژی سیڤەر بوون؟ سیڤەر یەکەم و گرنگترین دیکۆمێنتی نێودەوڵەتییە کە بەئاشکرا مافی پێکهێنانی دەوڵەتی بە کورد بەخشیوە. بۆیە ئەگەر کورد خۆی دژی سیڤەر بووبێ، ئەمە بەم مانایە دێ کە کورد ڕۆڵێکی سەرەکیی لەبەفیڕۆدانی ئەم هەلە مێژوویەدا هەبووە.

لەم ڕووەوە لێپرسراوەتییەکە کەمتر کوردی باشوور دەگرێتەوە چونکە، لانی کەم، لەسلێمانیدا هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەت دراوە. بەڵام ئەمە کوردی باشوور بێگوناه ناهێڵێتەوە، چونکە لە ساڵی ١٩٢٣دا کورد تەواوی ستراتیجی خۆی گۆڕی و کەوتە دژایەتی کردنی بەریتانیای سپۆنسەری سیڤەرو دۆستایەتی کردنی تورکیای نەیاری سیڤەر. بوونی شاندی کوردی باشوور لە ئەنکەرە، هاوکات لەگەڵ بوونی شاندی تورك لە لۆزان، تەنیا یەك مانای هەیە، ئەویش ئەوەیە کە کوردی باشوور هەمان بۆچوونی ئەنکەرەی سەبارەت بە سیڤەر هەیە. بەڵام لێرە مەسەلەی هەڵوێستی کوردی عێراق لەم ڕووەوە لە دەرەوەی باسەکەیە، چونکە ئەرگیل زۆرتر باسی کوردی تورکیا دەکا. ئەرگیل شتێکی چەوتی نەوتووە. قۆناغی سیڤەر کە کەوتۆتە نێوان ١٩٢٠- ١٩٢٣ قۆناغی هەوڵدانی کوردی تورکیا بۆ دروستکردنی دەوڵەت نییە. ئەگەر وردتر بدوێین، دەبێ بڵێین قۆناغی سیڤەر قۆناغی هاوپەیمانیی نێوان کوردو کەمالیستەکانەو ئەم هاوپەیمانێتییە بەکردەوە یەك مانای هەیە، ئەویش ڕەتکردنەوەی سیڤەرە.

ڕەنگە ئەم شیکردنەوەیە شتێکی تازەی تێدا نەبێ. بەڵام ئەوەی کە لەم بارەیەوە تازەیە، ڕاڤەکردنی هۆکانی سەلمینەی کوردی تورکیایە لە سیڤەر. ئەرگیل دەڵێ سیڤەر مافی پێکهێنانی دوو دەوڵەتی بەتەنیشت یەکەوە بەکوردو ئەرمەن داوە. ئەرمەنستانی پێشنیارکراو کە ئەمریکا بەتەما بوو ببێتە ماندێتەری، لەڕووبەردا زۆر لە کوردستانی باکوور گەورەتر بوو، بەڵام ژمارەی دانیشتوانی ئەرمەنی زۆر کەم بوو. کورد، بەگوتەی ئەرگیل لەساڵی ١٩١٥دا لەئاکامی پرۆسەی جینۆسایدکردنی ئەرمەنەکاندا دەستی بەسەر موڵك و ماڵ و زەویی ئەرمەنەکاندا گرتبوو. بۆیە ئەگەر ئەرمەنستانی پێشنیارکراو دابمەزرایە، دەبووایە هەموو ئەو موڵك و ماڵ و زەوییانە بگێڕنەوە بۆ ئەرمەن و ژمارەیەکی زۆریشیان ببنە هاووڵاتیی دەوڵەتی مەسیحیی ئەرتۆدۆکس. بەڕەچاوکردنی تین و تاوی فاکتەری ئایینی لەو سەردەمەدا، ئەم مەسەلەیە بۆ کوردی تورکیا وەك مۆتەکە وابوو. بۆیە بەدرێژایی ماوەی ١٩٢٠- ١٩٢٣ هیچ جموجوڵێکی کوردایەتی بۆ جێبەجێکردنی سیڤەر نەهاتە ئاراوەو کورد ئەوەندەی کە بەتەنگ پوچەڵکردنەوەی پرۆژەی دەوڵەتی ئەرمەنستان و پشتگیری کردنی بزووتنەوەی کەمالیستی بووە، ئەوەندە بەتەنگ جێبەجێکردنی پەیمانی سیڤەر نەبووە. ئەوەی دروستیی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێ ئەوەیە کە لە کۆنگرەی ئەرزرۆم کورد هاوپەیمانیی لەگەڵ کەمالیستەکاندا دروست کردو دواتر مستەفا کەمال بەخوێنی جەنگاوەرانی کوردو تورك سەرکەوتنە گەورەکەی سەقاریای بەسەر یۆنانەکاندا بەدەست هێناو بناغەی کۆماری تورکیای دانا.

پاش تێپەڕینی ٩٠ ساڵ بەسەر هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر کەمافی پێکهێنانی دەوڵەتی بە کورد بەخشیوەو واژۆکردنی پەیمانی لۆزان کەمافی پێکهێنانی دەوڵەتی لە کورد زەوت کردووەو تەنانەت بەکەمینەیەکی نژادیشی نەناسیوە، هێشتا هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نییە کە کورد بەهەڵوەشاندنەوەی سیڤەر نیگەران و پەرێشان بووە. ئەوەی کەپاشتر ڕوویداوە، لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم باسەیە و پەیوەندیی پێوە نییە. ئەمە بەم مانایە دێ کە ناکرێ ئۆباڵی بێبەشکردنی کورد لەمافی پێکهێنانی دەوڵەت تەنیا بخرێتە ئەستۆی هێزە دەرەکییەکانەوە. دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە کورد خۆیشی لەم ڕووەوە بەرپرسیارەو بەقەد ئەوەی کە هێزە دەرەکییەکان زوڵمیان لێکردووە، خۆیشی زوڵمی لەخۆی و لەنەوەکانی داهاتووی کردووە.

**سیڤەر یەکەم و گرنگترین دیکۆمێنتی نێودەوڵەتییە کە بەئاشکرا مافی پێکهێنانی دەوڵەتی بە کورد بەخشیوە**

**سیڤەر مافی پێکهێنانی دوو دەوڵەتی بەتەنیشت یەکەوە بەکوردو ئەرمەن داوە**

**ناکرێ ئۆباڵی بێبەشکردنی کورد لەمافی پێکهێنانی دەوڵەت تەنیا بخرێتە ئەستۆی هێزە دەرەکییەکانەوە. دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە کورد خۆیشی لەم ڕووەوە بەرپرسیارە**

# سیاسەتی خزمەتکردن و

سەرەتا دەمەوێ دیمەنێکی ئاشنا بگوێزمەوە کە ڕۆژانە لە میدیاکاندا دووبارە دەبێتەوە: "حکومەت هیچمان بۆناکات، دامنامەزرێنێ، زەویم ناداتێ، مووچەم بۆنابڕێتەوە"... هتد. لەهەر جێگەو لەهەر توێژو چینێکدا ئەم دیمەنە پڕە لەوتەی نەوتراو، پڕە لە پەیامی ڕاست و ناڕاست، لە چاوەڕوانی دروست و نادروست، تژییە لەخواست و مافی شیاو و ناشیاو.

نموونەیەکی دیکە لەخوێندنی زانکۆیی دایە، هەمیشە قوتابییەکان چاوەڕوانی ئەوەن مامۆستا دەریانچێنێ، چونکی پێیانوایە «نمرە» هی مامۆستایە. بۆیە داوادەکەن مامۆستا دەستی نەگرێتەوە لەتەخشانکردنی نمرەدا. لە کاتێکدا نمرە موڵکی قوتابی خۆیەتی، مامۆستا تەنیا مافی ڕێکخستن و دابەشکردنی هەیە بەپێی کۆشش و خۆماندووکردن. ئەرکی مامۆستا دەرچوواندن نییە، ئەوە ئەرکی قوتابییە ئەو نمرەی لەبانکیدایە، هەوڵی بەکاربردنی بدات، نەک مامۆستا! هەر لەم گۆشەنیگاوە بۆ توێژێکی کۆمەڵگە، دەکرێ بڕوانین بۆ پەیوەندی وابەستەیی هاووڵاتی بە حکومەتەوە کەچۆن ئەرک و بەرپرسیاریەتی دەخاتە ئەستۆی کاربەدەستانەوە. بۆیە دەبێ بەسادەیی بپرسین، هۆکاری ئەم خۆ وابەستەکردنە چییە؟

### لە حکومەتی بمدەرێوە بۆ خودبەخشییەوە


گلەییکردن گرفتێکە سەرتاپای مرۆڤی ئێمەی خستۆتە سەر دەمکردنەوە لەحکومەت و خۆی لە «بێنە، بمدەرێ» دا دەبینێتەوە. بەمەش ئەرکێکی زێدەبەدەر لەتوانای حکومەت، داواکراوە. کاتێ داواکاریەک بەناوی مافەوە دەبێتە ئەرکێکی بارگران بەسەر حکومەتەوە، هەرگیز ڕەزامەندی هاووڵاتیان بەپێی چاوەڕوانییە ناکۆتاکانیان ئەستەمە بخرێنە ئەجێنداو پلانی جێبەجێکردنەوەوە. چونکی لە مومکین دەردەچێ، دەبێتە موعجیزە. ئەرکی حکومەت هێنانەدی ماف و ئەرکی پاراستنی ژیان و مسۆگەرکردنی جۆرایەتییە، نەک بەدیهێنانی خەونەکان.

دەربڕینی «بمدەرێ، بۆناماندادتێ» نەریتێکی ناشارستانییە کە ڕەگێکی هەیە بەڵگەی دوو هەقیقەتە: یەکەم، بەرپرس و کاربەدەستە بەرێزەکان خۆیان زەمینەسازی ئەم نەریتەن. بەتایبەت لەبانگەشەو وتارە بریسکەدارانەی کە لەبۆنەو ڕێوڕەسمەکاندا بەگوێی کەسوکاری قوربانیاندا دەدرێ، چاوەڕوانی و ئومێدی ناڕاست دەبێتە جۆرە دیدگایەک بۆ ئەرکی حکومەت و هاوکات خۆپێناسەکردن و ناساندن.

لە یادکردنەوەی بۆنەکانی ئەنفال و هەڵەبجەو کۆڕەو و شەهیدان و کەمئەندام و خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکاندا، بەردەوام بەڵێن دەدرێ و چاوەڕوانی دروستدەکرێ. دواجاریش بەڵێنەکان جێبەجێ نابن و لەیادەوەری خەڵکەکەدا دەمێنێتەوە. لەڕاستیدا جۆرە چینایەتیەک لەکۆمەڵگەی ئێمەدا گەڵاڵەبووە کە بریتییە لە «چینی قوربانیان». ئەوانەی خۆیان بەقوربانی دەزانن لەبەر هۆکارگەلێ، داواکاری جیاوازیان هەیەو پێیانوایە دەبێ حسابی تایبەتیان لە بودجەو خزمەتگوزاریدا هەبێ. ئەگەر ڕیزبەندی ئەو چینانە بکەین، دەبێ لیستێکی درێژ بۆ ئەو گروپانە ئامادەکەین کە ئێستا بوونەتە جۆرەچینێکی تایبەت لەکۆمەڵگەی ئێمەدا.

ئەم جۆرە چینە کە پێناسەیەکی تایبەت بۆخۆیان دەکەن لەژێر دەربڕینی «قوربانیبوون»دا، بەجۆرێکیش خۆیان لەکۆی کۆمەڵگە جیادەکەنەوە بەمەبەستی نیشاندانی ئەوەی هیچیان بۆنەکراوە. ڕاستە دەبێ حکومەت خزمەتگوزاری دابینکات وەک ماف و پێداویستیی، بەڵام نەک هەر بۆ چین و توێژێ. پاشان ئەگەر مافەکان تەنیا لەسەر بنەمای کێ لێقەوماوە، دەبێ زێتری بدرێتێ ببێتە پێوەر، ئەوە بابەتی نییە. چونکی دەکرێ کەسێ لێقەوماوبێ لەحاڵەتی نائاسییدا و لە دەمەوەختی بەسەرهاتەکەیدا بەڕاستەوخۆ و خێراو هاوکاری بکرێ. بەڵام بەمانای ئەوەش نا نەوەکانیان یەک بەدوای یەک لە وەرگرتنی پۆست و زانکۆدا، بێنەوەی بچنە پێشبڕکێ و بەپێی لێهاتوویی، سوودمەندبن. ئیدی لەپێناو قەرەبووکردنەوەی قوربانیاندا ناکرێ حکومەت قوربانی بەماف و ئەرکەکانیان بدات بەرامبەر کۆی هاووڵاتیان. ڕەچاوکردنی پرەنسیپی یەکسانی و دادوەری بۆ هەموو، ئەرکی حکومەتە.

هەقیقەتی دووەم ئەوەیە: پێدەچێ زۆربەی گلەییەکان لەسەر خزمەتگوزاریەکان بێ، لەبەرئەوەی کە خزمەتگوزاریەکان کورتیان هێناوە لە دابینکردنی پێداویستەکانی هاووڵاتیان. بەدەربڕینێکی تر،



نەوزاد جەماڵ*
بۆ گوڵان نووسیوویەتی

# بووژانەوەی مرۆیی

ئەوە دەریدەخات کە ژێدەری ناڕەزایی و گلەیی و نیگەرانی خەڵکی هەرێم لەبارودۆخەکە، دەرگیربوونە لەگەڵ کێشەی خزمەتگوزاریەکان بەپلەی یەک. ئەو هەلومەرجە ژیانیەی کە بۆ دابینرکردن و بەڕێوەچوونی گوزەرانی پێویستە، مەرجە بۆ گەشەی مرۆیی و ڕەزامەندی گشتی. بۆیە بەگەشتی هەندێ لەچینەکان(بەتایبەت ناوەندو بەرەوخوار) ناڕازین، لەبەرئەوە داوادەکەن خزمەتگوزاری و پێداویستیەکانیان جێبەجێبکرێ.

بەڵام کێشەکە ئەوەیە جێبەجێکردنی پێداویستیەکان ببێتە داواکاری تایبەت و نزیک بێتەوە لەدیاردەی دەستپانکردنەوە. بەداخەوە ئەوەی لەمیدیاکاندا بەرچاودەکەوێ جۆرێک لە «حکومەت دۆشینە». ڕەنگە کولتوری وابەستەبوون لەباتی بەشداریکردن لەبەرپرسیارێتی و بەدیهێنانی مافەکانیدا، مشەخۆری بەسەر موڵکی گشتیەوە بە ڕەوا دەزانێ. ئیدی کاتێک وادەی هەڵبژاردن نزیکدەبێتەوە، مقۆمقۆی چینێ لەکۆمەڵگە پرسیارێکە «بۆ دەبێ دەنگبدات، ئەگەر هیچی وەرنەگرتبێ»؟. یا هاووڵاتییەک کە کرێچییە یا ئۆتۆمبێلی نییە، بەختای حکومەتی دەزانێ دەڵێ مادام کرێچیم ئەمە وڵاتی من نییە و دەنگ نادەم!

ئەم قسەیە ڕاست و ڕاستیش نییە. دیارە ئەرکی حکومەتە هۆکاری گواستنەوەی گشتیی دابینکات، بەرێکخستنی نرخی کرێ و هاوکاری کەمدەرامەتەکان، نەک کرێی خانوو یا کڕینی ئۆتۆمبێل ئەرکی ئەوبێ. بۆیە ئەو دیدە سادەیە بۆ بەشداریکردن لەدەنگدان و سیاسەت، وادەکات مافی گشتی هاووڵاتیان تەنیا لەوەرگرتندا بێ، نەک بەدەستهێنان و ئەرکداری. وەک ئەوەی ئەو بۆچوونە سادەیە لەڕاستیەوە دوورە، ژێدەرێکی هەستیاریشە بۆ بەرپرس و سیاسەتڕێژەکان کە سیاسەت و ئەجێندای بەڕێوەبردن بریتی نەبێ لەبەخشین، پێدان، بەڵکو چۆنیەتی بەدەستهێنانی دادی کۆمەڵایەتی و جیبەجێکردنی پێداویستیەکان بەدوولایەنە.

جگەلەوەی پێداگیری هاووڵاتیان فشارێکی کتوپڕی بۆ حکومەت هێناوەتەوە ئاراوە کە ئەویش دڵڕازیکردنە بەهەندێ کاری ئاوەدانی و خزمەتگوزاری. وەلێ خەڵکی کە پێداگیری دەکەن لەوەی دەبێ شتیان بۆ بکرێ و هەبێ، بیرناکرێتەوە لەجۆر و کوالێتی ئەوەی دەبێ بکرێ و پێویستە. ئێمە جادەمان دەوێ، بەڵام دەبێ ئەو جادەیە ئەرکی جادە و مەبەستەکەی بەدیبهێنێ، نەک چاڵوچۆڵ و خراپ. دەرمان و زانکۆمان دەوێ نەک بەژمارەو بەدیکۆر، بەڵکو کوالێتی پێشمەرجی بوونیەتی. بەداخەوە چاوەکان و داواکان هەر لەوەی دەبێ هەبێ، نەک کوالێتی هەبوون.

## سپاردنی بەرپرسیاریەتی بەشێکە لەهاوڵاتی بوون

هاووڵاتیبوون بەدیوێکدا بریتییە لەسپاردنی متمانە بەسەرکردەو بەرپرس و کاربەدەستان. بەڵام مانای ئەوەش نییە، هاووڵاتی خۆی لەبەرپرسیاریەتی بدزێتەوەو بیدا بە کەسێکیتر. لەدەنگداندا ئێمە متمانە دەسپێرین بەپاڵێوراوەکان، نەک خۆ لەبەرپرسیارێتی دەخەین. دەنگەدەر هەمیشە لێپرساوە لەو ڕۆڵە ویژدانی و ڕەوشتی و کۆمەڵایەتیەی کە هەڵگرێتی لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی و داواکاردنی مافەکانیدا. چونکی ئەگەر ئێمە ئەو متمانەیەمان بۆیە بەخشیوە تا ئەرکی بەرپرسیاریەت لەکۆڵ خۆمان کەینەوە، ئەوا دیموکراسی دەبێتە دروستکەری ستەمکاری.

کەواتە سپاردنی متمانە و بەخشینی، وەک چۆن دەستهەڵگرتن نییە لە داکۆکیکردن لە ماف و ئەرک، هاوکات بێئیشکردن و بێ ڕۆڵکردنی خۆمان نییە لەبەدیهێنانیان. بەداخەوە بەگشتی، خۆدزینەوە لەئەرک و ڕۆڵەکان بە بەهانەی ئەوەی دەبێ لایەنێکی پەیوەندیدار لەئەستۆی بگرێ، تەمەڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی دروستکردووە. مرۆڤی وابەستەو چاوەلەدەستی بەرهەمهێناوە. لەکاتێکدا داکۆکیکردن لە مافەکان، هەرداوایەک نییە لەلایەنی بەرپرسیار، بەڵکو هەستانیشە بەئەرکێ لەبەرامبەر داواو مافەکانی خۆتدا وەک هاووڵاتیەک. لەمەشدا کەم مامۆستاو قوتابی، کەم بەرپرس و هاووڵاتی، ئیرادەیان بەتین و گوڕە. لێرەوە بەشداریی هاووڵاتیان مانای پشکداری نییە لەوەی هەرچی پێیخۆشبوو بیدرێتێ، بەڵکو ئەرکی لەبەدەستهێنانی مافەکانی بەندە بەهەوڵ و کۆششەکانی.

***

*** مامۆستای فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی- زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر**

**لە یادکردنەوەی بۆنەکانی ئەنفال و هەڵەبجەو کۆڕەو و شەهیدان و کەمئەندام و خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکاندا، بەردەوام بەڵێن دەدرێ و چاوەڕوانی دروستدەکرێ. دواجاریش بەڵێنەکان جێبەجێ نابن و لەیادەوەری خەڵکەکەدا دەمێنێتەوە**

**ئەو هەلومەرجە ژیانیەی کە بۆ دابینرکردن و بەڕێوەچوونی گوزەرانی پێویستە، مەرجە بۆ گەشەی مرۆیی و ڕەزامەندی گشتی. بۆیە بەگەشتی هەندێ لەچینەکان(بەتایبەت ناوەندو بەرەوخوار) ناڕازین، لەبەرئەوە داوادەکەن خزمەتگوزاری و پێداویستیەکانیان جێبەجێبکرێ**

# ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە ئەرکە کۆمەڵایەتی و نیشتمانیەکاندا



د. ڕەشاد میران

هەر لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵبوونی مرۆیی ڕێکخراو، واتە کۆمەڵگا، «ڕاگەیاندن» بەشێك بووە لە چالاکییەکانی ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵبوونە، ژیانی ڕێکخراو، واتە سستێم، بەردەوام پێویستی بە گواستنەو و گەیاندنی زانیاریی هەبووە. نەوەی نوێ دەبوایە فێربکرێ، رابهێنرێ لەسەر ئەو مەعریف و زانیارییانەی پێشینان هەیانبووە، دەنا سستێمە ڕێکخراوەکە شیرازەی تێکدەچوو — گەیاندن و گواستنەوەی زانیاریش ناوەڕۆکی ئەو چالاکییە کۆمەڵایەتییەی پێکدەهێنا کە دواتر بوو بە پیشەو دەرەنگتریش خاوەن دەزگای تایبەت و ئێستاکە پێی دەڵێین «دەزگای ڕاگەیاندن». ڕاگەیاندنی ئێستاکەو ئەوساکە جیاوازییان زۆرە، ڕاگەیاندن وەکو هەر دیاردەو چالاکییەکی کۆمەڵایەتی مێژووی خۆی هەیەو لە ڕەوتی ئەو مێژووەدا دووچاری چەندین قۆناغ و گۆڕان و پێشکەوتن بۆتەوە کە ئاکام ئەم ڕاگەیاندەی ئیمڕۆکەی لێ بەرهەمهاتووە و، وەکو دواتر دەبینین، بووە بە دیاردەیەکی تا بڵێی گەورە، ئاڵۆز و کاریگەر.

**ڕاگەیاندن وەکو چالاکیی کۆمەڵایەتی**

کۆمەڵگا کۆمەڵبوونێکی مرۆیی ڕێکخراوە، ئەندامانی شێوازی ژیان و کار و دەور و چالاکییەکانی خۆیانییان ڕێکخستوون، ئەم ڕێکخستنەش بەڕێگەی دەزگای کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆرەوە(خێزان، خزمایەتی، ئایینی، سیاسی، دەسەڵات...)فەراهەم دەبێ کە هەر یەکێکیش لەم دەزگایانە جۆرێك و ئاستێك لە ڕاگەیاندنی خۆیی دەبێ بۆ گەیاندنی پەیامەکانی بە ئەندامانی کۆمەڵگا- چونکە ژیانی ڕێکخراوی خەڵك (واتە کۆمەڵگا) بەبێ پەیام، بەبێ ڕاگەیاندن بەردەوام نابێ.

کەواتە ڕاگەیاندن، بە مانا فراوانەکەی، چالاکییەکی کۆمەڵایەتییەو پێویستییەکی زەڕوورە بۆ مان و بەردەوامبوونی ژیانی کۆمەڵایەتیی لە هەر کۆمەڵگایەدا.

**بە دەزگابوونی ڕاگەیاندن**

وەکو وتمان، سەرەتا دەزگا کۆمەڵایەتییە نافەرمییەکان چالاکیی ڕاگەیاندنیان پراکتیزە کردووە، ئەویش بەشێوازێکی گەلەکی و سەرەتایی- ناوەڕۆکەکەشی بریتی بووە لە گواستنەوەی زانیاری لە نێوان نەوەکان(پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی) و هەروەها لە نێوان دەزگاکاندا، بەڵام لەگەڵ فراوانبوونی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان، وەکوچۆن زێدەبوونی دەور و ئەرکەکانی ڕاگەیاندن، ئاوهاش پێویستبوونی لە ڕادەبەدەری ڕاگەیاندن بۆ بنیاد و توخم و ڕەگەزە نوێ و زۆرەکانی کۆمەڵگا خۆیان نواند- ئەمە وایکرد کە ڕاگەیاندن لە چالاکییەوە ئیتر ببێ بە پیشە، کەچی پیشەیەکی دانسقەش، ئەمەش بەدەوری خۆی بووە مایەی داهێنانی دەزگای تایبەت بە ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگادا- ئیمڕۆکە لە زۆربەی دەوڵەتان وەزارەتی ڕاگەیاندن هەیە.

لەمەودوا ڕاگەیاندن وەکو دەزگایەکی بنیادیی کۆمەڵگا کەوتە کار و نواندنی چالاکییەکانی خۆی. کە دەڵێین ڕاگەیاندن بوو بە پیشەیەکی دانسقە، لەبەر ئەو بوارەیە کە

کاری لەسەر دەکات – ئەویش بواری فیکر و هوشیارییە. مەیدانی سەرەکیی کارکردنی راگەیاندن – هوشیاریی کۆمەڵایەتییە، بەمەبەستی زێدەکردن، گۆڕین یان تەنانەت چەواشەکردنی ئەو هوشیارییەو دروستکردنی رایەکی گشتیی دیاریکراو بەرامبەر بە دیاردەیەك، رووداو یان کەسێك...

لێرەشدا، لەپاڵ ئەوەی راگەیاندن بوو بە دەزگایەکی بنیادیی کۆمەڵگا، کەچی وەکو چالاکییەکی دەزگا نافەرمییەکانیش هەر مایەوە بۆ بەردەوامبوون لە گەیاندنی پەیامەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردنی ژیانی رۆژانەدا، هەروەهاش لە بوارە سیاسی و کلتوورییەکانی ئەو دەزگا و رێکخراوانەی ناکەونە نێو قەوارەی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە(رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی). جێگەی سەرنجە کە راگەیاندنی نافەرمی نەك هەر گرنگی و کاریگەریی خۆیی پاراست لە بوارە کولتووری و کۆمەڵایەتەکاندا، بگرە توانی لە دەرەوەی پانتاییەکانی سیاسەتی دەوڵەتیدا ئەوپەڕی چالاکی و کاریگەریی بنوێنێ و بەشداربێت لە، تەنانەت، ئاراستەکردنی سیاسەتی دەوڵەتیش- بەمەشەوە راگەیاندن لە وڵاتانی پێشکەوتوودا رەوایانە بە دەسەڵاتی چوارەم ناوزەد کرا.

هەرچی راگەیاندنی فەرمییە- واتە راگەیاندنی دەوڵەت و دەسەڵات.. ئەوا وەکو ئامرازێك بۆ هوشیارکردنەوەی ئەندامانی کۆمەڵگا سەبارەت بە ئایدیۆلۆگیا و سیاسەتەکانی دەوڵەت و دابینکردنی پشتگیرییان بەکارهاتووە، ئەوەش نەك هەر لە دەوڵەت و رژێمە دیکتاتۆرییەکان، بەڵکو لە دیموکراتیەکانیشدا کارکردن هەمیشە لەسەر عەقڵەکان بووە، بەڵام بەشێوازی جیاواز، لە دیموکراتیادا میکانیزمەکانی دروستکردنی هوشیاری (صناعە الوعی) لە گۆڕینی ئاڕاستەکانی رای گشتی و دروستکردنی ترس و تۆقاندنی راستەوخۆ لە سایەی سیاسەتێکی ترساندنی ناڕاستەخۆدا بەڕێوە دەچێ.

**گەشەکردنی راگەیاندن و زێدەبوونی دەسەڵاتەکانی**

راگەیاندن بە شێوە سەرەتایی و پێش چاپەمەنییەکەی مێژوویەکی درێژی هەیە، هەندێك دەیگەڕێنەوە بۆ ٥٠٠ ساڵ پ.ز لە وڵاتی چین، ئەویش بەشێوەی بڵاوکراوەیەکی یاسایی بەناوی «تسینگ باو».

ساڵی ٥٩ پ.ز لە سەردەمی ئیمپراتۆری رۆمانی یۆلیۆس قەیسەر بڵاوکراوەیەك بەناوی Akta Diurre بۆ دەنگوباسی سیاسی و جۆراوجۆر بە دیوارێکەوە هەڵدەواسراو خوێنەرانیش دەبوایە پارەیەك بدەن.

بازرگانانی ئیتاڵیایی رۆڵی گرنگیان هەبوو لە هێنانەوەی زانیاری و دەنگوباس بۆ وڵاتەکەیان. لە سەدەی پازدەم لە ڤینیسیای ئیتاڵی بڵاوکراوەیەك بۆ دەنگوباسی دەرەکی دەفرۆشراو نرخەکەی پارەیەکی ئاسنین بوو بەناوی (گەزەت) و هەر ئەوەش بوو بە ناوی بڵاوکراوەکە، شایانی باسە لە هەندێ وڵاتان ئێستاش بە رۆژنامە دەڵێن گازێت- بۆ نموونە لە رووسیا، لە کوردەواریشدا جاران ناوی (قەزاتە)بۆ رۆژنامە بەکاردەهات.

بەڵام یەکەمین رۆژنامەی چاپکراو لە ئینگلتەرا ساڵی ١٤٧٦ لەلایەن ولیام کاکستۆنەوە (Caxton) دەرچوو (٢٥ساڵ دوای داهێنانی ئامێری چاپ لەلایەن یوهانز گۆتنبرگی ئەڵمان ساڵی (١٤٥٠)،ساڵی ١٥٧٢ پاپای ڤاتیکان (گریگواری حەوتەم) ئارەزووی وەرگرتنی زانیاریی بە گوناح راگەیاند و سزاکەشی گەیشتە ئاستی (زمان بڕین).

یەکەمین رۆژنامە لە ئەڵمانیا ساڵی ١٦٠٩،یەکەمین رۆژنامە لە ئەمریکا ساڵی ١٧٠٤، ساڵی ١٨٥٠ ژمارەی رۆژنامەکان لەو وڵاتە گەیشتە ٤٠٠ و لە کۆتایی سەدەی بیستەمیش ئەو ژمارەیە بوو بە ٢٠٠٠.

* * *

ناوی جۆراوجۆر بۆ رۆژگاری ئێستاکەمان بەکاردێن: پۆست مۆدێرنیزم، پۆست پیشەسازی، پۆست پۆست پیشەسازی، تێکنۆترۆنی.. هەروەهاش ناوی رۆژگاری راگەیاندنی گەردوونی – ئەوە راگەیاندنە کە دنیای کردووە بە گوندێکی بچووك!

زانا و پسپۆری واش هەن کە راگەیاندن دەکەن بە یەکێك لە سیما گرنگەکانی کۆمەڵگای چەرخی پۆستمۆدێرنیزم- واتە دەور و کاریگەریی سەرباشقەی راگەیاندن لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئیمڕۆکەدا.

لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە زەبەللاحەی راگەیاندن، بەهەموو شێوەکانییەوە- نووسراو، بیستراو، بینراو، ئەلیکترۆنی، ئیمڕۆکە بەخۆیەوەی بینیووەو لەگەڵ ئەو هەموو ئاسانکاری و خزمەتانەی پێشکێشیان دەکات، کەچی بەدەریش نییە لە زەرەر و زیان و کێشە و گرفتیش – وەکو چۆن بۆ تاکەکەس، ئاواش لەسەر ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و نێودەوڵەتیش. رەنگە تەنیا گیرۆدەبوونی تاکەکەسان بە تەلەڤزیۆن و ئینتەرنێت و مۆبایلەوە بەس بێت بۆ ئاماژەیەك بە هەندێ لە زیانەکانی راگەیاندنی هاوچەرخمان، ئەمە لەکاتێکدا ئێمە هێشتاش دوورین لەوەی خۆمان بە کۆمەڵگایەکی چەرخی تەکنۆکرۆنی لەقەڵەم بدەین، هەرهیچ نەبێ ئەوەی تۆژینەوە زانستییەکان سەلماندوویانە کە رۆشنبیریی بیستراو و بینراو لای چەپی مێشك لاواز دەکات کە تایبەتە بە پرۆسەکانی شیکاری و تیۆریزەکردن، لە هەمان کات لای راستی مێشك بەهێز دەکات کە کاری تەنیا وەرگرتنی زانیارییە.

بابەتەکانی راگەیاندن ئیمڕۆکە تادێ زێتر دەبن بە کاڵاو بۆیەش بەقسەی (یورگن هابرماس)بووین بە بابەتی جوانکاری و بۆ بەکاربەران رازاونەتەوە و ئامادەکراون. هربرت شیلەر بە راگەیاندکارانی چەرخی جیهانگیری دەڵێ (گەمەکەران بە عەقڵ) و ئێڤیس ئیدس پێیان دەڵێ(داگیرکەرانی عەقڵ) – بێگومان لەپشت ئەم جۆرە راگەیانکارانە خەڵك و دەوڵەت و کۆمپانیای زلهێز هەن کە هەوڵدەدەن هوشیارییەکی ساختە (الوعی الزائف) بۆ جەماوەر و تەنانەت بۆ دەوڵەتانیش دروستبکەن دەربارەی بابەتێك، کاڵایەك، سیاسەتێك.. هەر بۆ زانین، دەزگایەکی

**راگەیاندن لە چالاکییەوە ئیتر بووەتە پیشە، پیشەیەکی دانسقەش، ئەمەش بەدەوری خۆی بووە بە مایەی داهێنانی دەزگای تایبەت بە راگەیاندن لە کۆمەڵگادا- ئیمرۆکە لە زۆربەی دەوڵەتان وەزارەتی راگەیاندن هەیە**

**هەندێ وڵاتان ئێستاش بە رۆژنامە دەڵێن گازێت- بۆ نموونە لە رووسیا، لە کوردەواریشدا جاران ناوی (قەزاتە)بۆ رۆژنامە بەکاردەهات**

**کەمن ئەو دەزگا راگەیاندنانەی لە کوردستان بە «سەربەخۆ» حسێب دەکرێن! کەچی ناوەڕۆکی زانیارییەکانیان ئایدیۆلۆگیا و ستریۆتایپی سیاسییانەیان بە زەقی پێوە دیارن**

**زاناو پسپۆڕی وا هەن که راگەیاندن دەکەن بە یەکێک لە سیما گرنگەکانی کۆمەڵگای چەرخی پۆستمۆدێرنیزم- واته دەور و کاریگەریی سەرباشقەی راگەیاندن لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئیمرۆکەدا**

**هربرت شیلەر بە راگەیاندکارانی چەرخی جیهانگیری دەڵێ (گەمەکەران بە عەقڵ) و ئیڤیس ئیدس پێیان دەڵێ (داگیرکەرانی عەقڵ)- بێگومان لەپشت ئەم جۆرە راگەیانکارانە خەڵک و دەوڵەت و کۆمپانیای زلهێز هەن کە هەوڵدەدەن هوشیارییەکی ساختە (الوعی الزائف) بۆ جەماوەر و تەنانەت بۆ دەوڵەتانیش دروستبکەن**




هەزاران رۆژنامەنووسە، یان وەکو لە کتێبەکەی جان میشال ڤالانتان (هۆلیۆد و پنتاگۆن و واشنتۆن) دا هاتووە ئەمانە سێ چالاکوانی زلهێزن بۆ دانانی ستراتیجیای گشتگیر و ئێستاکە دیاردەی سینەمای ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکایی یەکجـار ئەکتیڤ و پڕ بەرهەمە، ئەم قسـەیەی ریجیس دوبریـە زۆر بـە جوانی ئەم بـارە روون دەکاتەوە- هۆلیۆد کۆمۆنیزمی رووخاند!. ئەم بارە پێش ئێمە وڵاتانی ئەوروپای تۆقانـدوون، چونکە درك بە (تەڵەی جیهانگیری) دەکەن و باش دەزانن کە جیهانگیری واتە بەئەمریکایی بوون!

جـا، لێرەوەیـە دەور و بایـەخ و گرنگیـی راگەیاندن کە کاریگەری و جێپەنجەکانی هەموو سـنوورەکانیان بەزاندوون — هەر لە خێزان و تاکەکەسـەوە بگرە تا بوارەکانی لۆکاڵی و دەوڵەتی و جیهانیش.

### راگەیاندنی کوردی

لەبەر رەوشـی ئێتنۆکولتووری و سیاسیی تایبەتیی کورد، راگەیاندنـی کوردیـش تایبەتمەندیی خۆیـی هەیە، ئەم راگەیاندنە لەلایەك هەوڵدەدات هاوچەرخانە چالاکییەکانی خۆیی بنوێنێ، لە سۆنگەی ئەوەوە کە راگەیاندکاران هەر بە پیشـە خەڵکێکی هوشیار و ئاگاداری رەوشی جیهانن، بەڵام هێشـتاش رەوشـی کولتووری و سیاسیی کوردستان بە رادەیەکی دیار سـنووورداری کردوون- تەکنۆلۆگیایەکی سەردەمانەو پێشکەوتووانەیان لەبەردەستدایەو بەرهەمەکانیان (رۆژنامە، گۆڤار، تەلەڤزیۆن، رادیۆ...) لە ئاستێکی باش دان، هەروەها بودجەیەکی، رەنگە، شیاویان بۆ دابینکراوە- چونکە زۆربـەی دەزگاکانی راگەیاندن لە کوردسـتانی باشـوور سـەربە حزبی سیاسـیی دەسـەڵاتدارن، کەمن ئەوانەی بە «سەربەخۆ» حسێب دەکرێن! کەچی ناوەڕۆکی زانیارییەکانیان ئایدیۆلۆگیا و ستریۆتایپی سیاسییانەیان بە زەقی پێوە دیارن، ئەمەش بێگومان رەنگدانەوەی ئەو کەش و فەزا سیاسییەی کوردسـتانە کە سەرلەبەری بوارەکانی ژیانـی کۆمەڵایەتیـی گرتۆتـەوە و راگەیاندنیش لێی بەدەر نییە.. لەگەڵ ئەوەشـدا، راگەیاندنی کوردی چەند هەنگاوێکی ناوە و پێشـکەوتنی بەسەرەوە دیارە — گومان لـەوە ناکرێ کە رەوتی بەرەوپێشـچوون هەر لەگەڕدایە و راگەیاندکارانیـش، کە بـواری چالاکییەکانییان فیکر و هوشیارییە، هۆشمەندانە بەڵام چالاکانە پێشەنگ دەبن لە پێشوازیکردنی پێداویستییەکانی ژیانی سەردەم.

ئەم هەنگاوانەش، بەتایبەتـی، لە گۆڤاری گوڵان بەدی دەکرێـن، چونکە نووسـەری ئـەم دێڕانە لە سـەرەتای دامەزرانـی گـوڵان وەکـو «هەفتەنامەیەك» بەشـدار بـووە لە چالاکییەکانی بە گوتار یـان چاوپێکەوتن، بۆیە گۆڕانکارییەکانی بەسـەریدا هاتوون چ لە رووخسـار و چ لە ناوەڕۆك جێگەی سـەرنجن و مایە دەسخۆشییە لە راگەیاندکارانی ئەم گۆڤار و ئەم دەزگایە لە سـەرەتایەوە تاکـو ئێمرۆ — بێگومان چاوەڕێی زێتر و زێتریشـان لێ دەکـرێ، چونکە دەور و کاریگەریـی راگەیاندن ئیمرۆکە سیمایەکی گەردوونیی وەرگرتووە و ئەوەش راگەیاندکارانی ئێمـە دەخاتە نێو کێبڕکییەکی قورسـەوە کە سـەرکەوتن تیایدا، پێش هەمووشـتێك، رزگاربـوون لە کۆت و بەندی ئایدیۆلۆگـی و فیکر و رەفتـارە لەقاڵبدراوەکانمان وەکو پێشمەرج دەخوازێ.

ئەوەی لێرەشدا پێویسـتە جەختی لەسەر بکرێت ئەوەیە کە راگەیاندن پیشـە و ئەرکێکی پیرۆزە کەوتۆتە سەر شانی خەڵکێکی هوشیار، دڵسۆز و بە ئەمەك، ماندوونەناسانە لە هەوڵ و کۆششی بێوچان دان لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هوشـیاریی کۆمەڵایەتیی ئەندامانی کۆمەڵگای خۆیاندا کە جاری وا هەیە گیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە — ئەمانە دەبێ هەمیشـە بە چاوی رێز و ستایشەوە تەماشابکرێن و پێشوازییان لێ بکرێ.

*** ئەم بابەتە وەك کۆڕێك لە سـیمینار و ساڵیادی گوڵان پێشکەشکراوە**

# ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، سەنگەری پێشەوەی بەرگریی نەتەوەییە لەئێستای خەباتی رزگاریخوازییدا و، هەڵبژاردنەکانیش لەوێدا وێڕای رەهەندە سیاسییەکانی، رەهەندی نەتەوەیی و نیشتمانیی بۆ ئێمە هەیە، بۆیە جێگەی خۆیەتی کە بەوردبینانەو دووربینانە لەئەنجامەکانی بکۆڵینەوە.

ئێستا پاش تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان بۆ دیارکردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمدا، ئیدی کاتی ئەوەیە کەدەستەی باڵای لیستی (برایەتیی و پێکەوەژیان)ی کوردستانیی، لە دوای دەرچوونی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن کۆبوونەوەیەکی زانستیی تایبەت بەئامارو داتاکان ببەستێت بەمەبەستی:

یەکەم: هەڵسەنگاندنێکی سەرەتایی ئەنجامەکان و، بەراوردکردنیان لەگەڵ ئەو پێشبینییانەی کەلیستی (برایەتیی و پێکەوەژیان) هەیبووە لەپێش دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکاندا.

دووەم: بەراوردکردنی رێژەی نێوان هەریەك لە(تێچوو) و (دەستکەوت)، واتە چەند هەوڵی ماددی و مەعنەویمان بەخەرج داوەو، چەندیش دەستکەوتمان هەبووە؟

سێیەم: زانینی خاڵە بەهێزەکانی لیستی (برایەتیی و پێکەوەژیان) و، کارکردن لەسەر سوودلێوەرگرتنیان لەئاییندەدا.

چوارەم: دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان و، هەوڵدان بۆ رێگرتن لەدووبارەبوونەوەیان لەداهاتوودا.

پێنجەم: زانینی کاریگەری ئەو هەڕەشەو تۆقاندنەی کە لەلایەن هەندێك گرووپ و تاقمی توندڕەوو شۆڤینییەوە دژ بەجەماوەری دەنگدەری کورد لەهەندێك شارۆچکەی سەربە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمدا بوونیان هەبوو.

شەشەم: زانینی هەڵەو کەموکورتییەکانی یاسای هەڵبژاردنەکان و، راستکردنەوەیان لەرێگەی پەرلەمانی عێراقەوە بۆ رێگرتن لەدووبارەبوونەوەیان لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراق لەساڵی ئاییندەدا، ئەمەش لە روانگەی ئەو راستییەی کەزۆر جار دووپاتی دەکەینەوەو دەڵێین لەمێژەوەو هەتا بەئەمڕۆش دەگات، پرۆسەی هەڵبژاردن لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمدا بۆ ئێمەی کورد مەسەلەیەکی نەتەوەیی بووەو، واپێویستی کردووەو واش پێویست دەکات کەپیر و لاو و، پیاوان و ئافرەتانی کوردستان بەجیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسیی و ئایدیۆلۆژییانەوە، روو لەسندووقەکانی دەنگدان بکەن و، بەجیا لەوەی کە هەڵبژاردن مافێکی دەستووریی هەریەکێکیانە، ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنانە بکەنە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی.

حەوتەم: هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی نێو کارنامەی لیستی (برایەتیی و پێکەوەژیان)، بەجۆرێك وەك لەبەرنامەکەیدا خستییە روو، کە بریتی بوو لەتەوەرەکانی سیاسەت و ئاسایش و ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی و سامانی ئاوو ژینگە، کە زۆریش گرنگە براوەکانی نێو لیستی (برایەتیی و پێکەوەژیان) سیاسەتێکی خێرا پەیڕەو بکەن بۆجێبەجێکردنی بەڵێن و گفتەکانیان، کە بریتی بوون لەدۆزینەوەی هەلی کار بۆ بێکاران و دامەزراندنی خەڵکانی دڵسۆز و بەتوانا لە دەزگا ئەمنییەکان و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و جەختکردنەوە لەجێبەجێکردنی ماددەی سەدوچل و پاراستنی دەرامەتە ئابووریی و ئاویی و ژینگەییەکانی ئەو ناوچانە، کەهەموو ئەم خاڵانەش بەشێك بوون لەکۆی هەر (٣٢) خاڵەکەی بەرنامەی لیستی (برایەتیی و پێکەوەژیان)ی کوردستانیی لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمدا.

هەشتەم: کۆکردنەوەو بەئەرشیفکردنی ئەزموونەکانی لیستی (برایەتیی و پێکەوەژیان)و، سوودلێوەگرتنیان بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراق لەساڵی ئاییندەدا.

نۆیەم: خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شاری (مووسڵ)و قەزاکانی سەر بەپارێزگای (نەینەوا)، بەئاراستەی هێنانی دەنگی زیاتر لەجاری پێشوو.

دەیەم: خۆ دوورگرتن لەحیساباتی حزبییانەی دوای دەرکەوتنی ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنەو، پاراستنی یەکڕیزیی و زیاتر پتەوکردنی پەیوەندیی و متمانەی نێوان لایەنەکانی نێو(برایەتیی و پێکەوەژیان) بۆ ئاییندە.